دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵ دا

کوردستان

www.kurdistanukurd.com

سێشەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٣٩١ _ ٢١ی ئاگوست ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٨٩ | نرخ: ١٥٠ تمەن

## یادی قوربانیانی رۆبوسکی و کورتەک بەرز راگیرا



رۆژی سێشەممە بە سەدان هاووڵاتی لە باشووری کوردستان لە زنجیرە چیای کورتەکی بناری قەندیل یادی شەهید کردنی ٧ هاووڵاتی سڤیلیان کردەوە کە بە هۆی فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیاوە گیانیان لە دەست دا.

هەر لە یادێکی هاوشێوەشدا لە باکووری کوردستان بە هەزاران هاووڵاتی و کۆمەڵێک لە نوێنەرانی کوردی پارلەمانی تورکیا سەردانی مەزاری شەهیدانی کارەساتی رۆبۆسکیان کردەوە کە ئەوانیش لە بەرەبەیانێکدا کەوتنە بەر هێرشی فڕۆکەشەڕکەرەکانی تورکیا و گیانیان لە دەست دا.

## ئەگەری دەستێدابوونی سووریە لە تەقینەوەکەی تورکیە



تورکیە دەڵێت لێکۆڵینەوە دەکات بۆ ئەوەی بزانێت سوریە دەستی هەبووە لە تەقینەوەکەی رۆژی دووشەممە ٣٠ی گەلاوێژ شاری ئەنتاب.

ئەحمەد داوود ئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیە ڕایگەیاند کەوا دەستکراوە بە لێکۆڵینەوە لە ئەگەری دەستێدابوونی سووریە لە تەقینەوەکەدا، بەڵام تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی کۆنکریتی نییە.

هەروەها شامیل تەیار، ئەندام پەرلەمانی سەر بە پارتی ئاکەپەی دەسەڵاتدار بە پەیامنێرانی وتووە هێرشەکە بە هاوکاری موخابەراتی سووریە و پەکەکە پلانی بۆ دانراوە، ئەوەش بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێکە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیە.

لە لایەکی دیکە ئاژانسی دەنگوباسی فورات بەیاننامەیەکی پارتی کرێکارانی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا پەکەکە ڕەتی دەکاتەوە دەستی لەو تەقینەوەیەدا هەبێت.

# تا مەشخەڵی ٢٥ی گەلاوێژ بگەشێتەوە، ئاڵای دەستی پێشەوا دەشەکێتەوە




٢٥ی گەلاوێژی ئەم ساڵ، ٦٧ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا تێپەڕی. بەم بۆنەیەوە تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئۆگرانی ئەم حیزبە لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان و لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان چالاکی و رێورەسمی تایبەتییان بەڕێوە برد.

لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە هەرێمی کوردستانیش بەم بۆنەیەوە رێورەسمی تایبەتی بە بەشداریی سەدان تێکۆشەری حیزبی و بنەماڵەکانیان بەڕێوە چوو. لە پەیامی دەفتەری سیاسی بەم بۆنەیەوە کە لەم رێورەسمەدا پێشکەش کرا، وێڕای ئاوڕدانەوە لە مێژووی پڕ لە قوربانیدانی حیزب، لە سەر درێژەدانی رێگای پێشەوا و رێبەرانی شەهیدی دیکەی حیزب، هەروەها لە سەر باوەڕی قووڵی ئەم حیزبە بە هاوکاری و لێک نزیک بوونەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێ داگیرایەوە.

## لە مانگی ڕەمەزاندا ٤٦٨٥ کەس لە سووریا کوژران



بەپێی ئامارێکی دەستەی باڵای هەماهەنگیی شۆڕشی سووریا، هەر لە مانگی رەمەزاندا نزیکەی ٤ هەزار و ٦٨٥ کەس کوژراون، کە زۆربەیان هاووڵاتیی مەدەنین.

بەپێی ئاماری ئەو دەستەیە زۆربەی قوربانییەکان لە شاری دیمەشق و دەوروبەری بوون، کە ژمارەیان ١٥٠٠ کەس بووە.

هەر بەپێی ئەو ئامارە بەهۆی ئەو شەڕ و پێکدادانە توندەی لە مانگی رەمەزاندا لە شاری حەلەب هەبووە، نزیکەی یەک هەزار هاووڵاتی مەدەنی کوژراون.

بە پێی ئامارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرەتای دەستپێکردنی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی دژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە مانگی ئاداری رابردوو تاوەکوو ئێستا نزیکەی ٢٠ هەزار کەس کوژراون و بە هەزاران هاووڵاتی سووریش ئاوارە و دەربەدەربوون، لەوانەش نزیکەی ١٠ هەزار هاووڵاتی روویان لە هەرێمی کوردستان کردوە.

## ئەمریکا دەستی بە سەر ١٥٠ میلیۆن دولاری حیزبوڵلادا گرت



ئەمریکا رایگەیاند کە دەستی بە سەر ١٥٠ میلیۆن دولاری داراییەکانی حیزبوڵلادا گرتوە.

بە پێی راپۆرتی رێکخراوی خەبات دژی مادده سڕکەرەکان لە ئەمریکا، حیزبوڵڵا ئەم پارەیەی لە رێگەی بازرگانی بە مادده سڕکەرەکان و سەرپێچی دیکە بە دەست هێناوە.

سەرۆکی ئەو رێکخراوە لە راگەیەنراوێکدا روونی کردەوە کە بانکی لوبنانی _ کانادایی رۆڵێکی سەرەکی بۆ (پولشوویی) لە قازانجی رێکخراوەکانی ژێر کۆنترۆڵی حیزبوڵڵا لە جیهاندا دەگێڕێ. ئەمریکا مانگی دیسامبەریش سکاڵای دژی هێندێک رێکخراوی دارایی لە لوبنان بەرز کردبۆوە کە بە قازانجی حیزبوڵڵا ٤٦٣ میلیۆن دولاریان لە رێگەی بازرگانی بە مادە سڕکەرەکانەوە بە دەست هێنابوو.

## بەڕێز دوکتۆر مەحموود عوسمان سەردانی سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد



کاتژمێر ٥ی ئێوارەی یەک شەممە ١٣٩١/٥/٢٩ (٢٠١٢/٨/١٩) بەڕێز دوکتۆر مەحموود عوسمان کەسایەتی سیاسی و نوێنەری کورد لە پارلمانی عێراق بە مەبەستی دیدارێکی دۆستانە، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد و لە سکرتاریای حیزب لە لایەن هەیئەتێکی حیزب پێکهاتوو لە بەڕێزان جەلیل گادانی، برایم زێوەیی و محەمەد حەسەن پوور بەگەرمی پێشوازیی لێکرا.

لە ماوەی ساعەتێک دانیشتن، هەر دوو لا وێڕای پیرۆزبایی جێژنی رەمەزان، لەسەر کۆمەڵێک پرسی جۆراوجۆربە تایبەتی وەزعی گشتیی هەریم و ناوچەکە گفتوگو و ئالوگۆری بیروڕا کرا.

دوکتورمەحموود عوسمان لە سەر دۆستایەتیی دێرینی خۆی لەگەل حیزبی دیموکراتی کوردستان پێی داگرتەوە. بەڕێزیان یەکریزیی حیزبی دیموکراتی بە ئاوات خواست و ئامادەیی خۆی بۆ بەرەوپێشبردنی هەوڵەکانی پێوەندیدار بەم پرسە دەربڕی.

## جێژنی رەمەزانتان پیرۆز

بە بۆنەی هاتنی جێژنی رەمەزانی پیرۆزەوە، لە قوولایی دڵمانەوە پیرۆزبایی لە موسوڵمانانی جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی دەکەین. ئەم ساڵ لە کاتیک دا جێژنی رەمەزان دەکەین کە بە داخەوە لە دراوسێیەتیی کوردستان،خوشک و براکانمان لە ژمارەیەکی زۆر لە شار و گوندەکانی ئازەربایجان،هێشتا لە ماتەمی لە دەستدانی ئازیزانیان و وێرانبوونی ماڵ و ژیانیان بە هۆی بوومەلەرزەوە دان. هەر وا کە مانگی رەمەزان بۆ بڕواداران و رۆژووگران دەرفەتێک بوو بۆ تاقیکردنەوەی ئیرادەی خۆیان، ژیان لە تەواوەتیی خۆشیدا دەرفەتێکی گەورەترە بۆ مرۆڤەکان بۆ ئەوەی نیاز و توانا وئیرادەی خۆیان لە رێگای دروست و خزمەتی باوەڕە پیرۆزەکانیان دا بسەلمێنن. هەر لەم روانگەیەوە سەرنجی خەڵکی کوردستان بۆ ئەرکی ئینسانییان بەرامبەر بوومەلەرزە لێدراوان و پێویستیی یارمەتی و هاوکاری لە گەڵ ئەوان رادەکێشین.هەر لەم کاتە دا سەرکەوتنی هەموو تاکەکان لە نیو نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان لەپێوانی رێگای دروست و برەوپێدانی چاکە و خزمەتی مرۆڤایەتی و ئامانجە بەرزەکانی وەک ئاشتی، ئازادی، یەکسانی و وێکهەڵکردن دا بە ئاوات دەخوازین. جێژنی رەمەزانتان پیرۆز و بە خێر و خۆشی بە سەرتان دا تێپەڕ بێ.

**ناوەندی راگەیاندن**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٣٠ی رەمەزانی ١٤٣٣ی کۆچی**
**٢٨ ی گەلاوێژی ٢٧١٢ی کوردی**
**١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٢**

روانینمان

## ناکامتر لە هەمیشە لە بوون بە رووگەی جیهان دا

**قادر وریا**

پێکهاتنی کۆبوونەوەی رێبەرانی وڵاتانی ئەندامی بزووتنەوەی بێ لایەنەکان لە چەند رۆژی داهاتوو دا لە تاران، قەرار بوو دەرفەتێک بێ بۆ رێژیمی کۆماری ئیسلامی تا لە لایەکەوە تەریککەوتنەوەی خۆی لە رادەی جیهانی دا پێ قەرەبوو بکاتەوە و ئەو گوشارو گەماروە ئابووری و سیاسییەی پێ بەرپەرچ بداتەوە کە لەلایەن ئەمریکاو بە گشتی رۆژئاواوە خراوەتە سەری. لە لایەکی دیکە کۆدەنگی و هاوهەڵوێستییەک هەر نەبێ لە رادەی وڵاتانی ئیسلامی دا بە پشتیوانی لە رێژیمی بەشار ئەسەدی وەڕێ بخا و ئەم کۆنفرانسە بکاتە لکەدار خورمای رزگارکردنی دیکتاتوری لە حاڵی نوقمبووندا.

«تاران» ی پێتەختی کۆماری ئیسلامی لەوەتا ئەو رێژیمە هاتووەتە سەر کار، خەون بەو رۆژەوە دەبینێ کە ببێتە رووگەیەکی جیهانی و نەک هەر دنیای ئیسلام بەڵکوو هەموو ئەو وڵاتانەی لەگەڵ رۆژئاوا (بە واتا سیاسی و فەلسەفییەکەی) لە دژایەتی دان، رووی تێ بکەن. ئەم ئاواتە و ئەم خەونە، لەگەڵ تێپەڕینی زەمان، هەتا هاتوە کاڵتر بۆتەوە و نەک وڵاتانی نا ئیسلامیی دژی رۆژئاوا، بەڵکوو وڵاتانی ئیسلامییش، رۆژ بە رۆژ لەم رووگەیە، دوور کەوتوونەوە. ئەگەر چەند رێژیمێکی وەک رێژیمی سووریە و چەند بزووتنەوە و گرووپێکیش لە ئاستی ناوچە و جیهان دا، پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەم رێژیمە پاراستوە، لەبەر ئەو یارمەتییە بێدریغە بووە کە کۆماری ئیسلامی لە بەیتوڵماڵی خەڵکی ئێران بە مەبەستی بردنەپێشی ململانێی خۆی لەگەڵ نەیارە ناوچەیی و جیهانییەکانی، پێشکەشی کردوون.

کۆنفرانسی چەند رۆژی داهاتووی سەرانی وڵاتانی ئەندامی بزووتنەوەی بێ لایەکان لە تاران، لەگەڵ ئەوەی لەمێژە کاری بۆ دەکرێ و هەزینەیەکی زۆری تووشی کۆماری ئیسلامی کردوە، لە جیاتی نیشاندەری جێگە و پێگەی بە هێزی ئەو رێژیمە لە رێبەریکردنی بزووتنەوەی بێ لایەنەکان دا بسەلمێنێ، ناکامیی هەرچی زیاتری کۆماری ئیسلامی لە بوونی بە رووگەیەکی جیهانی دا دەردەخا. ئەوە کە زۆربەی وڵاتان و لە نێو ئەوان دا دەسەڵاتە نوێیەکانی بەرهەمی راپەڕینە ئیسلامییەکانی ئەم دواییانەی هێشتا بەڵێنیان نەداوە لە بەرزترین ئاست دا بەشداری ئەم کۆنفرانسە بن، ئەوە کە بانکیمون سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادە نییە بۆ ئەم کۆنفرانسە بێتە تاران و ئەوە کە لە ئێستاوە دیارە، سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئەو رێژیمە لە بارەی سووریە و ئێسرائیل و رۆژاواوە، نابن بە سیاسەت و هەڵوێستی کۆنفرانس، رەنج بەخەساری و ناکامیی کۆماری ئیسلامی لە پێکهێنانی ئەم کۆنفرانسە لە تاران دا، دەسەلمێنن.

پەیام

پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی شەست و حەوتەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ٢

سیاسی
کۆبوونەوەی بزووتنەوەی بێلایەنەکان لە تاران و تێچوو و دەسکەوتەکانی رێژیم ٤

یادکردنەوە

لە بارەی گرنگیی دادگای میکونووس ٥

وتووێژ

سەردەشت و خەم و مەینەتی خەڵکی ئەو شارە ٦

کۆمەڵایەتی

کێ بەرپرسی راستەوخۆی توندوتیژییە کۆمەڵایەتییەکانە لە ئێران؟ ٧

## پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی

# شەست وحەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان



ئەم پەیامە لەلایەن هاوڕێ حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ دا پێشکەش کراوە.

**خەڵکی خەباتگێری کوردستان !**

**کادرو پێشمەرگە فیداکارەکانی دیموکرات!**

**ئەندامان، دۆستان و لایەنگرانی حیزب !**

٦٧ ساڵ لەمەوبەر لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥ ی زایینی، لە وەها ڕۆژێک دا ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایەدی ڕووداوێکی مێژوویی بوو کە ئەو ڕووداوە لە سەر چارەنووسی گەلی کورد کاریگەری گەورەی هەبوو و بوو بە نوختە گۆرانێکی گرینگ لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەماندا، ئەو ڕووداوە دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێکدا پێی نایە گۆرەپانی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد کە هێزی هاوپەیمانەکان( موتتەفقین) هاتبوونە نیو خاکی ئێرانەوە و هێزەکانی ڕێژیمی شایەتی لە بەرامبەر ئەو هێزانەدا دەستیان بەردابۆوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی موکریان دەسەڵاتی ڕێژیم بە تەواوی لاواز ببوو، بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندی هەلێکی زێرینی بۆ ڕۆڵەوشیارو پێشرەوەکانی کورد ڕەخساندبوو، هەر بۆیە حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لە سەر بناخەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان(ژ- کاف ) دامەزراند، حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەڕای ئەوەی لە کۆمەڵگایە-ک لە دایک ببوو کە سیستەمی دەرەبەگایەتی و پێوەندیی عەشیرەتی و سوننەتی بە سەردا زاڵ بوو، توانی ببێتە خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسیی مودێرن کە زۆربەی ویست و داخوازە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمی تێدا گونجابوون، هەر بۆیە ئەم حیزبە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا توانی ببێتە ئاڵا هەڵگری خەباتی نەتەوەیی و بەشێکی زۆر لە تێکۆشەرانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و دوای چەند مانگێک لە دامەزرانی، دەسەڵاتێکی خۆماڵی و نەتەوەیی لە ژێر ناوی کۆماری کوردستان رابگەیەنێ، و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕێک بخا، پێوەندیی دۆستانە لە گەڵ دەوروبەرو دەرەوە دامەزرێنێ، کە ئەو دەسەڵات و ئەزموونە بوو بە جێگای هیوا و ئومیدی خەڵکی کوردستان، هەر چەند ماوەی ئەو دەسەڵاتە کورت بوو، بەڵام بۆتە لاپەرەیەکی پرشنگدار لە مێژووی خەباتی بێ-پسانەوەی گەلەکەماندا .

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی تەمەنی دا زۆر قۆناغی سەخت و ئاستەمی تێپەر کردوە، ئەم حیزبە نە بە سەرکەوتنەکانی لە خۆبایی بووە و نە لە پاشەکشەو کارەساتەکاندا نائومید بووە. پاش ٣٤ ساڵ خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی دەستی لە داخوازەکانی کورد هەڵ نەگرت و لە گەڵ ئەو ڕێژیمەش کەوتە خەبات و بەربەرەکانی. لە ماوەی ٣٣ ساڵ تەمەنی ئەو ڕێژیمە دژی گەلی یەدا، هێزێکی سەرەکی و هەرە دیاریی نیو گۆرەپانی خەبات بووە و ئێستاش هەر وا بە ئیرادە و باوەڕێکی پتەو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا چالاکەو تێدەکۆشێ.

**خوشک و برایانی بەڕێز !**

**هاوڕێیانی تێکۆشەر !**

ئیمە لە کاتیک دا یادی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەینەوە کە ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئاستەکانی سیاسی ، کۆمەڵایەتی، ئابووری و دیپلوماسی دا تووشی ئاستەنگ و کێشە بووە ، بە تایبەتی کۆمەڵگای نیودەوڵەتی بە دانانی گەمارۆ گەلێکی زۆر و چەند لایەنە لە سەر ڕێژیمی ئێران ولە دژی بانکەکان، شیرکەتەکانی بیمە و پاپۆڕوانی کە لە گەڵ ڕێژیمی ئێران لە پێوەندی دان، بووە بە هۆی خەراپی باری ئابووری، ئاوسانی دراوی، گرانی و بیکارییەکی بێ وینە کە کۆمەڵانی خەڵکیان وەزاڵە هێناوە ، سەرەڕای ئەم وەزعەش ڕێژیم بۆ مانەوەی خۆی لە هیچ کردەوەیەک بۆ سەرکوتی کۆمەڵانی خەڵک بە تایبەتی چالاکانی سیاسی و مەدەنی خۆی ناپارێزێ، دەزگا ئەمنییەتەکانی ڕێژیم دەستیان کردوە بە گرتن و ڕاووەدوونانی جیا بیران و ئازادیخوازان، ئەشکەنجە و زیندانیکردنی ئەوان بەردەوامە و حوکمی قورس و نارەوایان بە سەردا دەسەپێنن، بەڵام زەبر و زەنگ و هەڕەشە نەک خەڵکی کوردستانی لە خەبات تووشی پاشەکشە نەکردوە بەڵکوو لە سەر خەبات دژی دیکتاتوری و سەرەرویی سورتر و شیلگیرتری کردوون، کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەو وەزعەش دا کە ڕوو بەرووی بۆتەوە ، زۆر بێ شەرمانە خەریکی دەستیوەردانی کاروباری وڵاتانی دیکە و یارمەتی و هاندانی تاقم و گرووپە تیروریستەکانی ناوچە و پشتیوانی و هاوکاریی بە کردەوەی ڕێژیمی دیکتاتوری سووریە لە دژی خەڵکی ڕاپەریوی ئەو وڵاتەیە و ئەو ڕێژیمە بۆ پاراستن و مانەوەی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە هەموو ئیمکاناتیکی ماددی و لۆجستیکی کەڵک وەردەگرێ و تەنانەت هێزی نادیاری چەکدار و فەرماندەرانی نیزامی بۆ هاوکاری بەکرێگیراوانی ڕێژیمی بەعس ڕەوانەی ئەو وڵاتە دەکا تا لە کوشتن و سەرکوتی خۆپیشاندەران و نارازیان دا بەشداری بکەن.گیرانی بەشێک لە فەرماندەرانی سوپای پاسداران لە سووریە لە چەند ڕۆژی رابردوو دا بەڵگەی ئەو ڕاستیەیە کە سەرانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانایانەوە هەوڵ دەدەن پێش بە ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد بگرن، چونکە بە ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد کۆماری ئیسلامی یەکێک لە هاوپەیمانە ستراتیژیکەکانی لە ناوچەکەدا لە دەست دەدا و لە دەست دانی ئەو هاوپەیمانە بە مانای پسانی حەلقەی پەیوەندیی ئەو ڕێژیمە لە گەڵ حیزبوللای لوبنان و گروپ و تاقمە توندرەوەکان لە ناوچەکە دایە کە ئەوەش بە مانای پەڕ و باڵ کردنی کۆماری ئیسلامی و لاواز بوونی زیاتریەتی.

لە کات و ساتێکی ئاوادا کە ڕێژیم لە ئاستی نیودەوڵەتی و ناوچەیی و نیوخۆیی دا تووشی قەیران و ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی جیددی بۆتەوە، ئەرکی هەموو هێز و لایەنە سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەییەکانی سەرانسەری ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتییە کە هەوڵ بدەن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەک کە لەودا لە سەر هێندێک خاڵی هاوبەش یەک بگرن و بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ هەر پێشهات و ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو و لە ناکاو خۆیان ئامادە بکەن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان باوەڕێکی قوولی بە هاوکاری و لێک نیزیک بوونەوەی نیوان هێزولایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەیە و لە چەند ساڵی ڕابردوودا تێکۆشاوە هاندەری هەموو لایەنەکان بۆ دیالوگ و وتووێژی ڕاستەوخۆ بە مەبەستی لێک نیزیک بوونەوە و گەیشتن بە یەکریزی و هاوهەنگاوی و کاری هاوبەش بێ. لە سەر بناخەی ئەم سیاسەتە ئێمە خۆشحالین کە هاوڕێیانی پێشوومان لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا، پاش تێپەربوونی شەش ساڵ بە سەر لەت بوونی حیزب، لەم دواییانەدا چاویان بە هەڵوێستی خۆیاندا خشاندۆتەوە و لە هەڵوێستێکی تازەدا ڕایان گەیاندوە کە ئامادەن لە گەڵ ئێمە ڕاستەو خۆ بکەونە دیالۆگ و وتوویژ بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان، ئێمە ئەم هەڵویستە نوییەی ئەوان بە هەنگاوێکی باش و دروست دەزانین و پێشوازیی لێ دەکەین، وەک زۆر جاری دیکەش ڕامان گەیاندوە، ئەوە دیالوگ و پێکەوە دانیشتن و قەبوولی یەکتر و ڕیز گرتنی دوو لایەنەیە کە ڕێگای لێک نیزیک بوونەوە و یەکریزی خۆش دەکا . بۆ ئاگاداری بیروڕای گشتی ڕادەگەیەنین کە لە یەکەم دانیشتنیش دا کە لە نیوان سکرتیرەکانی هەر دوو لای دیموکرات لەم دواییانە، و بە دوای هەڵویستی نوێی ڕێبەری حدکا دا ، پیک هات، لە سەر ئەو پەیامە پێمان داگرتۆتەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٦٧ ساڵەی دامەزرانی دا ، جارێکی دیکە پابەند بوونی خۆی بە هەڵوێستی یەکیەتیخوازانەی دووپات دەکاتەوە و هەموو هەوڵی خۆی بە کار دینێ بۆ ئەوەی هەر شانس و دەرفەتێکی لە بار بۆ گەیشتن بە یەکریزی بقۆزیتەوە.

بەو هیوایە کە هەوڵەکانی هەموو لایەکمان ئاکامی دڵخوازی لێ بکەوێتەوەولە داهاتوویەکی نیزیک دا مزگێنی کرانەوەی لاپەرەیەکی نوێ لە پەیوەندیەکانمان دا بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بدەن.

**- پیرۆز بێ ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.**

**- سەرکەوێ خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیاندا .**

**- سڵاو لە گیانی پاکی دامەزرینەری حیزب پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی شەهید د. قاسملوو و شەرەفکەندی و سەرجەم شەهیدانی حیزب.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی**
**١٥ ئاگوستی ٢٠١٢ زایینی**

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## بۆ کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان




ئەم پەیامە لە لایەن هاوڕێ قادر وریا لە ریورەسمی کرانەوەی کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات دا پێشکەش کراوە.

**بەشدارانی بەڕێزی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

**میوانە بەڕێزەکان لە وەزارەتخانە و دەزگا حکوومییەکان، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و یەکیەتییەکانی لاوان و خوێندکاران!**

لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم. پیرۆزبایی پێکهاتنی ئەم کۆنگرەیە و بەشداری لەم بۆنە خۆش و جوانەتان لێ دەکەم.

بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگای خۆشحاڵی و سەربەرزییە کە لاوانی کوردستان، لە تێکۆشانی ئەم حیزبە، لە چالاکی و هەوڵدان لە مەیدان و بوارە جۆراوجۆرەکان دا، جێگایەکی دیاریان هەیە. ڕەنگە باشترین بەڵگەی بایەخدانی ئەم حیزبە بە توێژی لاو، ئەوە بێ کە هەر لە یەکەم ساڵی دامەزرانییەوە، بایەخی بە ڕێکخستنی لاوان و پەروەردەی لاوان و بەشداریی لاوان لە کاروباری سیاسی، کولتووری، سوپایی و کۆمەڵایەتی دا داوە و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیانی بۆ پێک هێناون. دەکرێ بڵێین حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان دووانەی یەکترن. ڕاستە حیزبی دێموکراتی کوردستان زووتر پێک هاتوە و هەر حیزبی دێموکراتیش هاندەر و ڕێنوێنی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان بووە، بەڵام ماوەی دامەزرانیان ئەوەندە زۆر نەبووە. ئەو بایەخ پێدانەی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان وەک دەسەڵاتێکی نەتەوەیی کە ئەو حیزبە پێکی هێناوە، هەر لە دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەدا نەبووە، لە بڵاو کردنەوەی «هاواری نیشتمان» دا بووە، کە گۆڤاری تایبەت بە لاوان بووە. لە ناردنی لاوان بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی خوێندن دا بووەو هتد.

ئێمە لە دوای دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان، واتە لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران، دیتمان کە لاوان بوون بە هێزی سەرەکیی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان. ئەگەر لە لایەکەوە، یەکیەتیی لاوانی دێموکرات هەر لە زستانی ١٣٥٧ەوە هاتۆتەوە نێو کۆڕی تێکۆشان و لە درێژایی ٣ دەیەی ڕابردوودا، بە هەزاران لاوی لە ڕیزەکانی خۆی دا پەروەردە کردوە بۆ خزمەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، لە لایەکی دیکەش لە هەموو بوار و بەشێکی تێکۆشانی ئەو حیزبەدا، لاوان هێزی سەرەکی بوون. بە تایبەتی هێزی پێشمەرگە کە بزووتنەوەی کوردستان، قەرزداری تێکۆشان و فیداکارییەکانیەتی. هەر ئێستاش، بەشی هەرە زۆری هێزی ئینسانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لێرە لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوەی وڵات لاوەکانن.

**بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!**

ئەم کۆنگرەیەی یەکیەتیی لاوان، لە هەلومەرجێکی تایبەتی کوردستانی و نەتەوەیی و ناوچەیی دا پێک دێ. لە دوو ساڵی ڕابردوودا ئێمە لە باکووری ئەفریقا و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا شایەدی وەڕێ کەوتن و تەنانەت سەرکەوتنی کۆمەڵێک شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری بە دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆرو توتالیتێرەکان بووین. هێزی سەرەکیی ئەم ڕاپەڕینانە لاوەکان بوون. ئەو لاوانەی لە ئاکامی بچووک بوونەوەی دنیا و ئاگاداری لە بارودۆخی کۆمەڵگە پێشکەوتوو و دێموکراتەکاندا، دەیانەوێ دنیای دەوروبەری خۆشیان، ئەو کۆمەڵ و وڵاتانەی تێی دا دەژین بگۆڕن. ڕەنگە لاوەکان لە میسر و تونیس و لیبی و یەمەن، وڵامی خۆیان وەرنەگرتبێتەوە و بەو داخوازانە نەگەیشتبن کە لە پێناویان دا هاتنە سەر شەقام. بەڵام گومانی تێدا نییە ئەوان تەسلیمی شەپۆلی بۆ دواوە گەڕان نابن و جیهانێکی شیاوی مرۆڤی ئەو سەردەمە و ژیانێکی تێکەڵ بە ، دێموکراسی و ئازادییان دەوێ.

لە ئاستی نەتەوەیی و کوردستانیش دا ئێمە دەبینین کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، لە بەردەم گۆڕان دایە و هەر بۆخۆشی و بەتایبەتی لاوەکانی بەشێکن لە دینامیزمی ئەو گۆڕانە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێمە شایەدی گەشەی وشیاریی نەتەوەیین. ئەگەر نەچینە بواری سیاسییش، هەر لە بیاڤی کولتووری و شوناسخوازی دا، ئەم گەشە کردنە بە ڕوونی دەبینین. ئەم هەڵمەتە بەربڵاوەی بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی کوردی هەیە، ئەو بایەخەی بە پاراستنی زمان و وشەی کوردی دەدرێ، ئەو کەرنەڤاڵە نەتەوەیی و حەماسی‌یەی لە بەڕێوەبردنی جێژنی نەورۆزدا دەیبینین، پێمان دەڵێن ئێمە لەگەڵ نەسلێکی وشیار و بەهەڵوێست بەرەوڕووین. ئەوان لە زانکۆکان، لە میدیاکان، لەو کۆڕو کۆمەڵ و ئەنجومەن و ڕێکخراوە نادەوڵەتیانەی کە مەجالی چالاکییان پێ نادرێ، بەو تێگەیشتنەوە کاروچالاکی دەکەن کە نەتەوەکەمان دەبێ لەبندەستی، ڕزگاری بێ و بۆخۆیان، بە ئازادی وسەربەستییەوە بژین. باسی هەرێمی کوردستان ناکەم کەبە خۆشییەوە لێرە، خەڵک خاوەنی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیەتی و نزیکەی ٢٠ ساڵە خەریکە ئەزمونی خۆبەڕێوەبردن و دیموکراسی و ئازادی، تاقی دەکاتەوە و لاوانیش لە سێبەری ئەو دەسکەوتانە، هەلومەرجێکی جیاواز لە لاوانی هەموو بەشەکانی کوردستانیان هەیە. باسی کورد لە سووریا و باسی کورد لە تورکیا دەکەم کە لە هەردوو وڵات دا، کورد وەکو واقعێک خەریکە خۆی زاڵ دەکا و بوونی خۆی دەسەلمێنێ و دەیەوێ مافەکانی وەدەست بێنێ. لە هەردوو ئەو بەشەی کوردستانیش دا، لاوەکان لە نێو چەقی هەوڵ و تێکۆشان دان.

ئەگەر باسی ئێرانیش بکەین کە خەباتی ئێمە وەکوو حیزبی کوردستان و یەکیەتیی لاوان و گەلی کورد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕووی لەوێیە، لاوان سەرباری هەموو سەرکوت و بەربەستێک هێزی ئەسڵیی بەربەرەکانی لەگەڵ ستەم و دیکتاتۆرین . بزووتنەوەی خوێندکاری کە زیاتر لە هەر بزووتنەوەیەکی دیکە لەم ساڵانەی دوایی‌دا تەنگی بەو ڕێژیمە هەڵچنیوە، لە لاوان پێک هاتوە. لە نارەزایەتیە دەربڕینەکانی سەر شەقام لەم ساڵانەی دوایی دا، لاوەکان زۆرترین بەشدارییان هەبووە. چونکە لاوان هێزێکن، هەم دەزانن مرۆڤی سەدەی بیست و یەکەم شیاوی چ ماف و ئازادییەکە، هەم جورئەت و شەهامەتی هاتنە مەیدان و قوربانیدان لە پێناوی ئەم ماف و ئازادییانەیان هەیە.

بەم پێیە، ڕێکخراوێکی خاوەن مێژینەی وەک یەکیەتیی لاوانی دێموکرات، لەم کۆنگرەیەدا و لە تێکۆشانی داهاتوویدا، ئەرکی گرنگی دەکەوێتە سەرشان. گرنگترین ئەرک ئەوەیە خۆی ئەوەندە چالاک و بەراپەڕ بکاتەوە کە لە نێو لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، چ لە نێوخۆی وڵات چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات بە شێوەی جۆراوجۆر حوزووری هەبێ. ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر ئەم کۆنگرەیە و ئەو ڕێکخراوەیە، لێکدانەوەی هەلومەرجەکە ، دانانی بەرنامەی گونجاو بۆ تێکۆشان لێرە و لە دەرو ژووری وڵات، هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرییەکی لێهاتوو و بایەخدان بە هاوکاری و پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ ڕێکخراو و یەکیەتییەکانی لاوانە. ئەوەش کە دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان، پشتیوانیی مادی و مەعنەوی لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتە. من لە سەرمە پێتان بڵێم کە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوا پلینۆمی خۆی دا کە لە سەرەتای ئەم مانگی گەلاوێژەدا پێک هات، یەکێک لەو پرسانەی کە ئاوڕی لێ دانەوە و تەئکیدی لەسەر کردنەوە، جێبەجێ کردنی بڕیاری کۆنگرەی پازدەیەم لە پێوەندی لەگەڵ لاوان دابوو.

دەفتەری سیاسی بە ئەرکی خۆی دەزانێ بە گرنگیپێدانی زیاترەوە پشتیوانیی کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی لاوان بێ و هاوکاریی پێویست بە مەبەستی گەشەکردن و پێشڤەچوونی تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان دابین بکا.

**لاوانی خۆشەویست!**

لە کۆتاییدا، سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بە ئاوات دەخوازم و هیوامان ئەوەیە ئەم کۆنگرەیە دەسپێکی دەورەیەکی گەشتر، لە مێژووی یەکیەتیی لاوان دا بێ.

سڵاو لە خەباتی چەندین ساڵە و پڕ شانازیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان،

نەمری بۆ شەهیدانی ئەو یەکیەتییە و بەردەوامی بۆ ڕێگا پیرۆزەکەیان

سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٩١/٥/٧هەتاوی**
**٢٠١٢/٨/٧ زایینی**

## یادی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرز راگیرا






بە بەشداریی سکرتێری گشتیی و سەدان کە لە ئەندامان، کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا ڕێز لە ٦٧ ساڵ خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبە نرا.

کاتژمێر ٥ی ئێوارەی چوارشەممە، ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی، بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب، بەڕێز خالید عەزیزی و سەدان کەس لە ئەندامانی ڕێبەری، کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانی سەر بە بنکەی ناوەندیی حیزب، ڕێورەسمی یادی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی سەر بە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوەچوو.

لەسەرەتای ئەم ڕێورەسمەدا کە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ساتێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی حیزبەوە لە لایەن بەڕێز حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە خوێندرایەوە. دەقی پەیامەکە هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»دایە.

لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمی بەرزراگرتنی یادی ٦٧ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، پەیامی ڕێکخراوە سنفییەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، ئەنجومەنی زیندانیانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمیتەی خوێندکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە لایەن بەڕێزان سەید جەلال ساڵحی و ژیما عەبدوڵاهی یەوە، خوێندرانەوە.

برگەکانی ئەم ڕێورەسمە بە سروودو گۆرانی و موزیکی دڵڕفێنی کیژان و کوڕانی لاوی سەر بە کۆڕی هونەریی حیزب و بە هاوکاریی لاوی بەهرەمەند، ئارام ئیزەدپەنا، ڕازێندرابوونەوە.

دوایین برگەی ڕێورەسمەکە هەڵپەڕکیی گشتیی بەشداران بوو.

## هاوەردیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی هاتنی بوومەلەرزە لە پارێزگەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران

کاتژمێر ٤:٥٣ی دوا نیوەڕۆی شەممە ٢١ی گەلاوێژ، بوومەلەرزەیەک کە توندییەکەی ٦٫٢ ریشتێر بوو، تەوریز وشار و ناوچەکانی دیکەی پاریزگەی تەورێزی هەژاند.


توندی بوومەلەرزەکە بە ڕادەیەک بوو کە شارو گوندەکانی پارێزگەکانی گیلان، زەنجان، ئەردەبیل و ورمێشی هەژاند. دیارە زۆرترین زیانی گیانی ومالّی بە دانیشتووانی شارەکانی وەرزەقان، ئەهەر، کولیبێر و هەریس وگوندەکانی دەوروبەریان گەیشتوە.

بە گوێرەی دوازانیارییەکان کە پێشنیوەڕۆی ئەمرۆ یەکشەممە،٢٢ی گەلاوێژ بڵاو بوونەوە، لە ئاکامی ئەم بوومەلەرزەیە دا، زیاتر لە دووسەد کەس گیانیان لە دەست داوە و نزیک بە دوو هەزار کەس بریندارن، بە هەزاران بنەماڵەش تووشی ماڵوێرانی و زیانی ماڵی هاتوون.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ئەم کارەساتە سروشتییەوە هاوخەمی و هاوەردیی خۆی بە دانیشتووانی شارو گوندە بوومەلەرزە لێدراوەکان بە تایبەتی بنەماڵەو کەس وکاری قوربانییەکان و بە برینداران و زیان پێگەیشتووان ڕادەگەیەنێ. ئاواتمان چاکبوونەوەی هەرچی زووتری بریندارەکان و بەشداریی گشتیی خەڵکی وڵات بە تایبەتی دانیشتووانی پارێزگە نزیکەکان لە هاوکاریی بوومەلەرزەلێدراوەکان دایە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**ناوەندی راگەیاندن**
**٢٢گەلاوێژی ١٣٩١**
**١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٢**

## سەرکۆنسوولی فەرانسە لە هەولێر، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد



ڕۆژی دووشەممە ١٥ ی گەلاوێژ فرێدریک تیسوو سەرکۆنسوولی فەرانسە لە هەرێمی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتێک لە ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازیی لێکرا.

لە دانیشتنی نێوان هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرکۆنسوولی فەڕانسەدا پێوەندییە لە مێژینەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ وڵاتی فەرانسە و کۆڕ و کۆمەڵە خێرخوازەکانی ئەم وڵاتە لە پێناوی جێگیر کردنی هەرچی زیاتری دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئاشتی لە ناوچەکەدا خرایە بەر باس و لێکدانەوە.

لەو دانشتنەدا کە لە فەزایەکی زۆر خۆمانە و دۆستانەدا بەڕێوچوو جارێکی دیکە جەخت لە سەر پەرەپێدانی دۆستایەتی و پێوەندییەکانی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و وڵات و دەوڵەتی فەرانسە کرایەوە.

## بەشداریی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا بۆ پشتیوانیکردن لە ڕۆژاوای کوردستان

به مەبەستی تاوتوێکردنی بارودۆخی ئەمڕۆی ڕۆژاوای کوردستان و پشتیوانی لە کوردانی ئەم بەشە لە خاکی کوردستان، کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی هێزو ڕێکخراوەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو.

ڕۆژی سێشەممە، ١٧ی گەلاوێژ کۆبوونەوەیەک بۆ وتوویژ و ڕاگۆڕینەوەی ژمارەیەک لە نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و نووسەران و ئەندامانی پەرلەمان لە هۆڵی ئوتێلی چوارچرای شاری هەولێر لە ژێر ناونیشانی «دیالۆگ لە پێناو یەکخستنی هەڵوێستەکان بۆ پشتگیریکردنی ڕۆژئاوای کوردستان» ڕێک خرا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە بەڕێز برایم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێریش بە نوێنەرایەتی لە حیزب دەعوەت کرابوو، بەشدار بووان بە لێدوان و پێشکەش کردنی وتار، باسیان لە بارودۆخی سیاسیی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان کردو پشتیوانیی حیزب و ڕێکخراوەکانیان بۆ کوردانی ڕۆژاوای نیشتمان دەربڕی.



لەم کۆبوونەوەیەدا، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان ویڕای دەربڕینی سیاسەتی پشتیوانی حیزبەکەی لە بزووتنەوەی خەڵکی ڕۆژاوای کوردستان، لە وتارێک دا باسی لە دەسکەوت و خاڵە لاوازەکانی تێکۆشانی کوردی ئەم پارچەیە لە کوردستان کردو لە سەر یەکریزی و پێکەوە کارکردنی هێزو لایەنە سیاسییەکانی ئەم بەشە لە خاکی کوردستان پێداگریی کردەوە.

## پێکهاتنی شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان





پێشنیوەڕۆی سێشەممە، ١٧ی گەلاوێژ لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی سەر بە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بەشداریی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نوێنەری وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، نوێنەرایەتیی چەندین ڕێکخراوی سنفیی لاوانی کوردستان و نوێنەرانی هەڵبژێردرا بۆ کۆنگرەو کۆمەڵێکی بەرچاو لە میوانان، ڕێورەسمی کردنەوەی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای ئەم ڕێورەسمەدا کە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ساتێک بێ دەنگی بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد، بەڕێز مەنسوور سەممار، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە وتەیەکی کورت دا بەخێر هاتنی بەشدارانی کرد.

پاشان بەڕێز ڕەحمان سەلیمی، سکرتێری پێشووتری یەکیەتیی لاوانی دیموکرات بە وتارێک، کۆنگرەی سەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کردەوە.

لەم وتارەدا سەرەتا وەک ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە چۆنیەتیی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد، باس لە بیری بەرزی پێشەوا قازی محەممەد بە نیسبەت کۆمەڵی ئەوکاتی کوردستان کرا کە دواتر دامەزرانی ئەم یەکیەتیەی لێ کەوتەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەم وتارەدا باس لە ڕۆڵی لاوانی وڵاتانی ناوچەکە لە شۆڕشەکانی ئەم دوایانەی وڵاتەکانیان دا کراو پاشان لە پەیامەکەدا سەبارەت بە ئەرکی ئێستای لاوانی کوردو بەتایبەت لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەرکەکانی داهاتوویان چەند ڕێنوێنییەک خرابووە ڕوو.

لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمی کردنەوەی شەشەمین کۆنگرەی لاوانی دێموکرات دا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، لە لایەن بەڕێز قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی و یەکێک لە بەرپرسانی پێشووی ئەم ڕێکخراوە خوێندرایەوە. دەقی پەیامەکە هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا بڵاو بۆتەوە..و

لە برگەیەکی دیکەی ڕێورەسمی کردنەوەی کۆنگرەی لاوانی دێموکرات دا نوێنەری وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز د.شەماڵ حەوێزی، بە نوێنەرایەتی لە لایەن وەزیری ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستانەوە وتەیەکی پێشکەش بە کۆنگرەی شەشەمی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان کرد.

د.شەماڵ حەوێزی، وێڕای پیرۆزبایی لە بەشدارانی کۆنگری لاوان، لە پەیامەکەیدا داوای لە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە جیا لە تێکۆشانی سیاسی هەوڵ بدەن لە بوارەکانی دیکەی وەک کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییش دا چالاک بن و بۆ داهاتوو کۆمەڵگایەکی ئەکتیڤ و زیندوو بنیات بنێن.

لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا، هەیئەتی بەڕێوەبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لەوحی ڕێزلێنانی پێشکەش بەو کەسانە کرد کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا وەک کەسی یەکەم لەم ڕێکخراوەدا بەرپرسایەتییان کەوتۆتە سەر شان. لە بەشەدا داوا لە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کرا لەوحی ڕێزلێنانەکە بداتە چەند کەس لە بەرپرسانی پێشووی یەکیەتیی لاوان کە لە لە ڕێورەسمەکەدا بەشداربوون.

نێوئاخنی ڕێورەسمی کردنەوەی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند بەرهەمێکی سەرنجراکێشی هونەری بوو کە لە لایەن کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە هاوکاریی گرووپی سێوەی شاری کۆیە پێشکەش کران.

جێی ئاماژە پیدانە کە چەندین ڕێکخراوی سینفیی لاوانی کوردستان پەیامیان بۆ شەشەمین کۆنگرەی لاوانی دێموکرات ناردوە کە بەشێکیان بریتین لە:

ڕێکخراوی ئازادیی کوردستان
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان
فیدراسیۆنی یەکیەتییەکانی لاوانی کوردستانی ئێران
فیدراسیۆنی کۆمەڵەی ڕێکخراوی لاوانی جیهان
ناوەندی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی لاوانی ڕۆژهەڵات
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
یەکێتی لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان
ئەنجومەنی زیندانیانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان
ناوەندی لاوانی پێشرەو
کۆمەڵەی جەوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
گرووپی کاری قوتابیان و لاوانی پارتی ئازادیی کوردستان
کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان
لێژنەی کۆیەی لاوانی دێموکراتی کوردستان.

دەبێ بگوترێ کە شەشەمین کۆنگرەی لاوان، لە ماوەی دوو ڕۆژ کار و چەندین دانیشتن دا، ڕاپۆرتی سیاسیی بەڕێوەبەریی گشتیی لاوان دایە بەرباس و هەڵسەنگاندن، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی لاوانی پەسند کردەوە، قسەی لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان کرد و کۆمیتەیەکی بەڕێوەبەریی نوێی بۆ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵ بژارد و سەرکەوتوانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

## کۆڕێک لە ژێرناوی « دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاریگەرییەکانی لە سەر یەکیەتیی لاوانی دێموکرات» بەڕێوە چوو



ڕۆژی سێ شەممە ٢٤ گەلاوێژی ١٣٩١ هەتاوی، کۆڕێک لە ژێر ناوی « دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاریگەرییەکانی لە سەر یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» لە لایەن ئارەش لۆرستانی ئەندامی بەڕیوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو کۆڕەدا کە لە سالۆنی کۆمیسیۆنی ئامۆزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو، بەڕێز ئارەش لۆرستانی، ئەندامی بەریوە بەریی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بە پێشکەش کردنی بابەتێک لە ژێرناوی «دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و کاریگەرییەکانی لە سەر یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» لە سێ قۆناغی دامەزراندنی حێزبی دێمۆکراتی کوردستان و گرینگیو پێداویستیی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانو هەروەها شرۆڤە کردنی تایبەتمەندییەکانی لاوان و پێداویستییەکانی لە دونیای ئەمڕۆدا راو بۆچوونی خۆی پێشکەش بە بەشداران کرد. هاوکات بە لێکدانەوەی فاکتەرە سەرەکییەکانی ڕاکێشانو بەشداربوونی لاوان لە ناو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتیی لاوان و هەروەها بایەخ و پێگەی لاوان لە ڕابردوو و ئێستادا زیاتر جەختی لە سەر مژاری کۆنفڕانسەکە کردەوەو لەو چوارچێوەیەدا گرینگترین خاڵەکان بۆ ڕاکێشانی لاوان بۆ تێکۆشان بەشداربوون لەم قۆناغەی ئێستای حیزبی دێموکڕاتدا ڕاوەستەی لە سەر کرا.

هەروەها پێشکەش کردنی هۆکارەکانی زانستی و سەردەمیانە لەتەوەری پەیوەندیدار بە بەستێنەکانی ناسینی لاوان و ڕێگاکانی سازبوونی هاوکاری پۆزەتیڤ هاتە بەر باس.

جێگای ئاماژەیە کە لەو کۆڕەدا ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان و ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار بوون.

## سەردانی هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان لە پارێزگای هەولێر



ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٦ی گەلاوێژ، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان: کاک جەلیل گادانی، کەسایەتی و تێکۆشەری لە مێژینەی حیزب، برایم زێوەیی و خالید وەنەوشە، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە لایەن شاندێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان لە پارێزگای هەولێر، پێکهاتوو لە بەڕێزان کاکەمین نەجارو پشتیوان سادق، ئەندامانی ڕێبەریی پارتی دێموکراتی کوردستان پێشوازییان لێ کرا.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای ئەم چاوپێکەوتنەدا پیرۆزبایی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی پارتی دێموکراتیان لە هەیئەتی خانەخوێ کردو باسیان لە پێوەندیی لە مێژینەی حیزبی دێموکرات و پارتی دێموکرات و خاڵە هاوبەشەکانی مێژووی خەباتی هەردوو لایەن کرد.

لە درێژەی ئەم دانیشتنە هاوبەشەدا هەردوو لا وێڕای ئاوڕدانەوەو باسکردن لە دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکەو پێگەو ڕۆڵی کورد لەم گوڕانانە، پێداگرییان لە سەر بەردەوامیی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان کردەوە.

# کۆبوونەوەی بزووتنەوەی بێلایەنەکان لە تاران و تێچوو و دەسکەوتەکانی ڕێژیم



مەسعود ڕەواندوست

**پێشەکی:**

**بزووتنەوەی بێ لایەنەکان (جنبش عدم تعهد «Non–Aligned Movement») بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٦١ی زایینی و لەسەردەمی شەڕی سارد و بە دەستپێشخەریی «جواهر لعل نهرو» سەرۆک وەزیری هیندوستان، سوکارنۆ لە ئەندونیزیا، جەماڵ عەبدولناسر لە میسر و تیتۆ لە یوگسلاوی و بە مەبەستی پێکهێنانی یەکیەتییەک لە نێوان ئەو وڵاتانەدا پێک هات کە نە لە بەرەی کۆمۆنیزمدا بوون و نە لە بەرەی کاپیتالیزم.**

**ئەم بزووتنەوەیە ١٢٠ وڵات لەخۆ دەگرێ کە نزیک بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پێک دێنن. تا ئێستا ١٥ کۆبوونەوە لە ئاستی سەرانی ئەم بزووتنەوەیە پێک هاتوە. لە کۆی ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیە ٢٦ وڵات لە ئامریکای لاتین، ٤٠ وڵات لە ئاسیا، ٥٣ وڵات لە ئافریقا و وڵاتی بێلارووس لە ئورووپا هەڵکەوتوون. هەروەها ٢١ وڵات و ١٠ ڕێکخراو، بۆ وێنە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕێکخراوی هاوکاریی ئیسلامی، یەکیەتیی ئافریقا و یەکیەتیی عەرەب ئەندامانی چاوەدێری ئەم بزووتنەوەیەن. کۆبوونەوەکانی ئەم بزووتنەوەیە هەر ٣ ساڵ جارێک لە یەکێک لە وڵاتانی ئەندام دەبەسترێ و ئەم وڵاتە بۆ ماوەی سێ ساڵ وەک سەرۆکی بزووتنەوە دیاری دەکرێ. لە پازدەیەمین کۆبوونەوەی ئەم بزووتنەوەیەدا کە ساڵی ١٣٨٨ لە وڵاتی میسر بەڕێوەچوو بڕیاردرا کۆبوونەوەی داهاتووی لە ئێران بگیرێ.**

بڕیار وایە لە ڕۆژانی ٥ هەتا ١٠ی خەرمانانی ئەمساڵ شازدەیەمین کۆبوونەوەی بزووتنەوەی بێلایەنەکان لە تاران ببەسترێ. بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوەیە لەم هەلومەرجەدا و لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا لە چەند بوارەوە جێی لێوردبوونەوە و تێڕامانە.

بانگهێشتکردنی ١٢٠ وڵات بۆ بەشداری لەم کۆبوونەوەدا و پێشبینیی هاتنی نزیک بە ٩٠٠٠ میوان لەم وڵاتانەوە، بەربڵاوی و گەورەیی ئەم میواندارییە و لە ئاکامدا تێچوو و خەرجە زۆرەکەی نیشان دەدا. بە پێی ئەو ئامارانەی لە لایەن لێژنەکانی ئامادەکاریی ئەم کۆبوونەوەیە بڵاوبوونەتەوە تێچووی ئەم میوانداریيە ٦ ڕۆژەیە بۆ ئێران بە زیاتر لە ١٠٠ میلیارد تمەن دەخەمڵێندرێ. دابینکردنی شوێنی زۆر لوکس و گران بۆ حاوانەوەی ٩٠٠٠ میوان لە چەندین هۆتێل و دەیان ویلا لە چەند شوێنی تاران و هەروەها کڕین و دابینکردنی سەدان ماشێنی لوکسی تایبەت بە هێنان و بردنی میوانەکان و خەرجی خواردن و سێرویس و ئامادەکارییەکانی شوێنی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکان کە بە وتەی بەڕێوەبەرانی میوانداریيەکە لە بەرزترین کوالیتی و ئاستدا ئامادەکراون قورساییەکی یەکجار زۆر دەخاتە سەر بەیتولماڵی ئێران.

جگە لەم تێچووە خەیاڵییە، تەعتیلیی یەک حەوتوویی تاران بە دامودەزگا ئیدارییەکان و زۆربەی ناوەندە ئابووری و پیشەسازییەکانەوە زەرەر و زیانێکی چەند میلیاردیی دیکە بەسەر پەیکەری لاوازی ئابووریی ئێراندا دەسەپێنێ. لە دنیای ئەمڕۆدا هیچ کارناس و شارەزایەکی ئابووری نیە کە نەزانێ داخران و تەعتیل بوونی یەک ڕۆژەی سیستمی ئیداری و بانکی و ئابووریی وڵاتێک چ تێچوویەکی بۆ ئەم وڵاتە هەیە، چ بگا بە داخرانی یەک حەوتوویی ئەم بنیاتانە، ئەویش لە وڵاتێکی وەک ئێران.

کارەساتبار بوونی ئەم تێچووە قورسە بۆ ئابووریی ئێران کاتێک باشتر دەردەکەوێ کە ئاوڕێک لە بارودۆخی ئابووریی ئێران لەژێر کاریگەریی گەمارۆ ئابوورییەکانی ڕۆژئاوادا بدەینەوە. گەمارۆ ئابووری و سیاسییەکان کە لە ئاکامی سیاسەتە غەڵەتەکانی ڕێژیمی تارانەوە خراونەتە سەر ئێران، قەیراناویترین بارودۆخی ئابوورییان بۆ ئەم وڵاتە پێک هێناوە، بەجۆرێک کە یەکەی دراویی ئێران لە کەمترین ئاستی ئەرزشی خۆیدایە و گرانی، هەڵاوسانی ئابووری و بێکاری ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی تاڵ کردوە و ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەکانی ئێران توانای دابینکردنی نانی سەرسفرەیان نەماوە.

لە کاتێکدا کە دوای کارەساتی بوومەلەرزەی حەوتووی ڕابردووی پارێزگای تەورێز، ڕێژیم و دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی کەمترین گرینگییان بەم کارەساتە سروشتییە بۆسەر بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئەم وڵاتە دا و، گلەیی و تووڕەیی خەڵک لە گرینگی نەدانی ڕێژیم بە بەهانا هاتنی لێقەوماوان بەرز بۆوە و، هەروەها لە کاتێکدا کە بۆ دابینکردنی لانیکەمی یارمەتی و بەهانا هاتنی خەڵکی بێ سەرپەنا و لێقەوماو رادەگەیەنن کە پێشوازی لە یارمەتییە جیهانییەکان بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەی تەورێز دەکەن، بۆ کۆبوونەوەی حەوتووی داهاتوو زیاتر لە ١٠٠ میلیارد تمەن لە سەروەت و سامانی ئەم خەڵکە خەرج دەکرێ.

دوای ئەم ئاوڕدانەوە خێرایە لە لایەنە ئابوورییەکەی ئەم کۆبوونەوەیە، بەجێیە ئاوڕێکی خێراش لە لایەنە سیاسییەکانی بدەینەوە. ئەم تێچووە ئابوورییە قورسەی کە ڕێژیم بۆ ئەم کۆبوونەوەیە تەرخانی کردوە نیشاندەری ئەو گرینگییەیە کە لە ڕوانگەی بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی تارانەوە هەیەتی.

شک لەوەدا نیە کە ڕێژیم ئێستا لە ئاکامی سیاسەتە چەوتەکانی و ملکەچ نەبوونی بە یاسا و ڕێسا و بڕیارنامە نێودەوڵەتییەکان و بەردەوامی لەسەر سیاسەتی هەستەیی وپشتیوانیی چالاکانە لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، زیاتر لە هەموو کاتێک تەریک کەوتۆتەوە و ئەرزش و جێگە و پێگەی سیاسی و حقووقیی خۆی لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەدەست داوە. پاڵپشتیی ڕێژیم لە حکوومەتی بەعسی سووریە و پشتیوانی لە بەشار ئەسەد و کوشتاری بێ ڕەحمانەی خەڵکی سووریە، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و ئاشکرابوونی یەک لە دوای یەکی پیلانە تیرۆریستییەکانی ڕێژیم لە گۆشەو کەناری دنیا و هاوکات لەگەڵ ئەوانە، سەرکوتی ئازادییەکان لە نێوخۆی وڵات و پێشێلکردنی لە ڕادەبەدەری مافەکانی مرۆڤ و گرتن و ئەشکەنجە و ئیعدامەکان لە ئێراندا و دەیان نموونەی دیکە، سیمای وڵاتێکی دیکتاتۆر و لاسار و پێشێلکاری یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی لە ئێران خستۆتە بەرچاوی جیهان. هەر بۆیە ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر تەریک کەوتۆتەوە.

لە وەها دۆخێکدا ئەم کۆبوونەوەیە لە ڕوانگەی بەرپرسانی ڕێژیمەوە دەرفەتێکی زۆر بە نرخە کە بە وتەی خۆیان نیشان بدا ئێران خاوەن چ جێگە و پێگەیەکی نێودەوڵەتییە و دەیانهەوێ لەم ڕێگەوە قورسایی سیاسیی ئەم تەریک کەوتنەوە نێودەوڵەتییە لەسەر خۆیان کەم بکەنەوە. ئێران هەوڵ دەدا بە هێنانی سەرانی هەموو ئەم وڵاتانە بۆ تاران و وەک سەرۆکی ئەم بزووتنەیەوە بۆ سێ ساڵی داهاتوو، دەرفەتێک وەدەست بێنێ کە بتوانێ بەرپەرچی ئەم گوشارە قورسە نێونەتەوەییە بداتەوە کە لە ئاکامی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا تووشی هاتوە.

هەروەها ئێران هەوڵ دەدا بە هێنانی بەرپرسانی باڵای چەند وڵاتی کاریگەری ناوچەکە وەک میسر و عەرەبستان و بەهێزترکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵیان، ئەم کەڵکە تەبلیغاتییە لەم کۆبوونەوەیە وەربگرێ کە هەروەک تا ئێستا ئیدیعای کردوە خۆی وەک ڕێبەری موسوڵمانانی جیهان بەسەرچاوەی ئەم بزووتنەوە بناسێنێ کە بە بەهاری عەرەبی ناوی دەرکردوە. هەر بۆیە بەشداری کردن و نەکردنی سەرۆک کۆماری میسر و هەروەها پاشای عەرەبستان بۆ ئێران گرینگییەکی تایبەتی هەیە.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پەرەپێدانی پێوەندیی دیپلۆماتیکی نێوان ئێران و میسر، بە پێچەوانەی بۆچوونی بەرپرسانی ڕێژیم ناتوانی هیچ بەشێک لە گرفتە نێودەوڵەتییەکانی تاران چارەسەر بکا. چونکە کێشەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی جیهان و بە تایبەت ڕۆژئاوا زۆر لەوە قووڵتر و بەربڵاوترە کە بەم پێوەندییانە چارەسەر بکرێن.

سەبارەت بە بەشداریی پاشای عەرەبستانیش زۆربەی خاوەن ڕایان پێیان وانیە کە چاوەڕوانیی ئێران بێتەدی. کۆبوونەوەی چەند ڕۆژ لەوەپێشی وڵاتانی ئیسلامی لە ریازی پایتەختی عەرەبستان کە تێیدا بڕیاری هەڵپەساردنی ئەندامەتیی ڕێژیمی بەعسی سووریە لە یەکیەتیی هاوکاریی ئیسلامی درا و بە شکستێک بۆ سیاسەتەکانی ئێران لە پاڵپشتیی ڕێژیمی ئەسەددا هاتە ئەژمار، لە ڕاستیدا بە هەوڵێکی وڵاتانی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی عەرەبستان دەزانرێ بۆ کەمکردنەوەی گرینگی و کاریگەریی کۆبوونەوەی بزووتنەوەی بێلایەنەکان لە کێشەکانی ناوچە و بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ سووریەدا.

هاوکات لەگەڵ ئەمانە پێ ناخۆشبوونی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوەیە لە تاران بەهۆی بارودۆخی سیاسی و حقووقیی ئێستای تاران، نیگەرانییەکانی تارانی لە بەشداریی بەرچاوی ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیە لە کۆبوونەوەکەدا زیاتر کردوە.

ئامریکا وێڕای دەربڕینی سەرسوڕمانی خۆی لە بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوەیە لە تاران بەهۆی مل بادان و ملهوڕیی تاران بەرامبەر هەموو بڕیار و یاسا نێودەوڵەتییەکان، داوای لە سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە کە لە ئەگەری بەشداریی لەم کۆبوونەوەیەدا، وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئەرک و تەعەهودە نێونەتەوەییەکانی ڕێژیمی تاران، داوای لێ بکا پابەندی بڕیارات و داوا نێودەوڵەتییەکان بێ.

کۆی ئەم دۆخە هەروەک لە نیگەرانییەکانی بەرپرسانی تاران لە پێشوازیی کەمڕەنگی وڵاتانی ئەم بزووتنەوەیە دەردەکەوێ، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە جێگەو پێگەی سیاسیی لاوازی ئێران و تەریک کەوتنەوەی بێ وێنەی لە کۆمەڵگای جیهانیدا لە ئاکامی سیاسەتە غەڵەتەکانی، زۆر لەوە لاوازترە کە بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوەیە بتوانێ بۆ ئێران قەرەبووی تەریک کەوتنە و پێگەی لاوازی ئێران بکا و بە دەسکەوتێکی شیاو لە بەرامبەر تێچووەکەیدا بێتە ئەژمار.

لێکدانەوەی خێرای دەسکەوتە سیاسییەکانی ڕێژیمی تاران لەم کۆبوونەوەیە دەری دەخا کە داخوا ئەم تێچووە زۆرە ماڵی و داراییە چەند لە جێی خۆیدایە و ئەو ئاکامەی لێدەکەوێتەوە کە سەرانی ڕێژیم بەدوایدا وێڵن.




# جێ پێی ڕێژیمی ئێران لە زەلکاوی ئەسەد دا

ئاڵەشین

شەڕی نیوخۆیی سووریا هەتا درێژە دەکێشێ، ڕەهەندی جیاوازی لێ دەبێتەوە و لایەنی جۆراوجۆر بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان تێیەوە دەگلێن لە لایەکیشەوە گرژییەکانی سەرچاوەگرتوو لەم قەیرانە پەلکێشی وڵاتانی دەوروبەر و دەوڵەتانی ناوچە دەبن. دەستەوەستانیی کۆمەڵگەی جیهانی و لە سەرووی هەمووانەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بووەتە هۆی ئەوە توندوتیژییەکان ئاراستەی بێ بەزەییانەتر بە خۆوە بگرن و هەر لەو کاتەدا کە شیرازەی کۆمەڵگەی سووریا بەرەو لێکترازان بەرن، پاشهاتی جۆراوجۆری دیکەشیان بە دواوە بێ. لەو گرتە ڤیدیۆییانەی کە بە شێوەی ئاماتۆر لە سەر تۆڕەکانی ئینتێرنێت بڵاو دەکرێنەوە ئاڵۆزیی قەیرانەکە بە دیار دەکەوێ. شەڕی نێوخۆیی سووریا ئەگەرچی بە ڕواڵەت شەڕی دەوڵەتی عەلەوی مەزهەبی ئەسەد و بەرەیەکی بە زۆرینە سوننییە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ڕوون بوو کە هەناوی کێشەکە شتێکی دیکەیە و بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیایی ئەو وڵاتە و کاریگەرییەکانی لە سەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زیاتر لەو چاوەڕوانییانە دەبێ.

ئێران هەروەک بۆ هەمووان ئاشکرایە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی دەرەوەی خۆیدا و وەک باوە بە ئاراستەی هیلالی شیعی یەکێک لە ستراتیژیترین هاوپەیمانانی دەوڵەتی بەشار ئەسەدە کە هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشی هێمنانەی گەلانی سووریاوە نەک هەر ڕاوێژکار و ڕێ نیشاندەری دەسەڵات بۆ سەرکوتی خۆپێشاندەران بووە بۆ خۆشی لە ڕێگەی لق و پۆپەکانی سوپاوە بەشداریی سەرکوتی خەڵکی کردوە. گیرانی چەند باری چەک و تەقەمەنی و یارمەتیی لۆجستیکی لە ڕێگەی وشکانی و دەریایی بەرەو سووریا و بە بارمتە گیرانی چەندین هاووڵاتی ئێرانی کە لە ژێر ناوی جۆراوجۆر و بە نهێنی لە ڕیزەکانی سەرکوت دا، ئاماژەن و شایەتی خۆپێشاندەران لە سەر ئەوەی کە زۆربەی تیرهاوێژەران (تک تیراندازان)ی سەر بانەکان و بە چەندین بەڵگە و زانیاریی دیکە کە لە لایەن دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتان بڵاو بوونەتەوە هەموو نیشاندەری بەشداریی ڕژێمی ئێران لە شەڕی ناوخۆیی سوریە دایە. بە پێی ڕاپۆرتەکان تا ئێستا جگە لەو ٤٨ کەسەی بەتازەیی گیراون ٣٢ کەسی دیکەش لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی سووریادا دەسبەسەر کراون کە ٢٧یان ئازاد کراون و پێنج کەسیان هەروا چارەنووسیان نادیارە.

لە تازەترین ڕووداودا و لە حاڵێکدا کە شەڕی شەقام بە شەقام دە نێو شاری دیمەشق و حەڵەب دا بەردەوامە و لایەنەکانی سوپای ئازاد و سوپای بەشار لە ناوچە جۆراوجۆرەکان لێک دەدەن کۆمەڵێک هاووڵاتی ئێرانی لە لایەن سوپای سووریای ئازادەوە دەسبەسەر کراون، کە هەر دوا بە دوای گیرانیان بەرپرسانی ئێرانی زۆر پەشۆکاوانە و بە بێ هەماهەنگی لە نێو ئۆرگانەکانی خۆیاندا بە زیارەتچییان ناساندن و داوای یارمەتییان لە وڵاتانی تورکیە و قەتەر کرد کە لە ڕێگەی پێوەندییەکانی خۆیان دەگەڵ ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە ئازادیان بکەن. هەر لەم پێناوەشدا عەلی ئەکبەر ساڵحی وەزیری دەرەوەی ڕێژیم سەرەڕای ناکۆکیی نێوان ئێران و تورکیە لە سەر هێندێک پرس بە تایبەت قەیرانی سووریا کە تەنانەت دەمەقاڵەشی لە نێوانیاندا لێ کەوتەوە ڕێگەی ئانکارای گرتە بەر. بە دوای دەسبەسەر کرانی ٤٨ ئێرانی لە ١٤ی گەلاوێژ لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی دیمەشق دا و پاش لێدوانی وزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی، لە سەر زیارەتچی بوونی ئەم بە بارمتە گیراوانە، مێهدی شەهسەواری بەڕێوەبەری گشتی ((عتبات و سازمان حج و زیارت)) لە لێدوانێکی دژبەیەک دا وتی ئەم کەسانە خۆیان چوونەتە زیارەت، واتە پێوەندیی بە دەوڵەتەوە نییە و لە لایەن ئۆرگانی حکوومەتییەوە نەنێردراون. ناوبراو پاشان دەڵێ بە هۆی هەلومەرجی تایبەتیی سووریاوە ئێران هیچ زیارەتچییەکی لەو وڵاتە نییە. بەڵام دواتر سوپای سووریای ئازاد گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە پێوەندی لەگەڵ ئەم کەسانەدا بڵاو کردەوە و لە شاشەکانی تیڤی دا پێناسی سەربازی و سەر بە سوپای پاسداران بوونی ئەم کەسانەی نیشان دا. گوشار و لە قاودانی زیاتر، ساڵحیی ناچارکرد دان بەوە دابنێ کە هێندێک لەو کەسانە ئەندامی خانەنشین کراوی سوپا و ئەرتەشن و لە چوارچێوەی گەشتێکی زیارەتیدا چوونەتە سووریا و بۆ ئازادکردنیان کەوتە هەوڵی دیپلۆماسی و لە لایەکیشەوە ئەمریکای بە بەرپرسی گیانی ئەو کەسانە زانی. هەر لەم پێوەندییەدا سایتێکی ئازەربایجانی بە ناوی «اویرنجی سسی» ڕایگەیاند کە فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانی پارێزگای ورمێ ((عابدین خۆڕەم)) و کۆمەڵێک لە فەرماندەکانی سوپای ورمێ دەگەڵ بە بارمتەگیراوەکانن.

لە ڕاستیدا ئەوە یەکەم جار و دوایین جار نەبووە و نابێ کە کەسانی سەر بە کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت سوپای پاسداران لە سووریا دەگیرێن. چونکی هەروەک لە قسەی زۆربەی بەرپرسان و خاوەن دەسەڵاتەکانی کۆماری ئیسلامی ڕا دیارە، سووریا بۆ کۆماری ئیسلامی دوایین سەنگەرە و ئێران دەیەوێ بەر لەوەی شەڕ بگاتە پشت سنوورەکانی، هێزی خۆی لە ناوچە دەگەڵ بەرەی دژمنانی تاقی بکاتەوە. ئێران بە ناوی شەڕی بەشار و ئۆپۆزیسیۆن بە کردەوە شەڕی بەرەی وڵاتە موسوڵمانەکانی عەرەبستان، قەتەر و تورکیە و لە لایەکی دیکەوشەوە بەرەی ڕۆژاوا و ئەمریکا دەکا. موحسێن ڕەزایی سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا لە وتووێژێکدا دەڵێ هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی سووریا پێشەکییە بۆ لێدانی ئێران. ناوبراو لە درێژەدا دەڵێ «ئەوان دەزانن هەتا سووریا و حیزبوڵڵای لوبنان هەبن هێرش بۆ سەر ئێران دژوارە، چون ئێمە لە ڕێگەی ئەوانەوە دەستمان بە سنوورەکانی دەریای سپیی نێوەڕاست ڕادەگا. بۆیە دەیانەوێ حکوومەتی ئێستای سووریا بڕووخێ و حیزبوڵڵاش لاواز بێ و پاشان عێراق کۆنترۆڵ بکەن و دواتر ئێخەی ئێران بگرن.»

جا بۆیە ئێران ئێستا سووریا بە سەنگەری خۆی دەزانێ، دەیەوێ هەر چۆنێک بووە ئەم سەنگەرە بپارێزێ. بە پێی دوایین لێدوانەکانی لێئۆن پانێتە وەزیری بەرگریی ئەمریکا ئاماژە بەوە دەکا کە ئێران خەریکی دروستکردنی هێزێکی میلیشیای پێکهاتوو لە شیعە و عەلەوییەکانی سووریا لە شێوەی سوپای ئەلمەهدی لە عێراقە تا شەڕی مان و نەمان بۆ بەشار ئەسەد بکەن. دیارە دەسوەردانی کۆماری ئیسلامی هەر بۆ ئەمڕۆ و دوێنێ ناگەڕێتەوە و ئەو سیستمە لە سەرەتای هاتنە سەرکارەوە ئەم مودێلە سیاسەتە دزێوەی ڕەچاو کردوە و کارنامەی چەند دەیەی لەم بوارەدا هەیە. هەر بۆیە گومانی دەست هەبوونی ئێران لە تەقاندنەوەی ماشێنی هاوسەری باڵوێزی ئیسرائیل لە هیند، پۆلیسی ئەم وڵاتەی ڕەکێشی تاران کرد. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئاسۆشیتێدپرێس دوو لێکۆڵەر دوای ڕەزامەندیی ئێران بەرەو تاران ڕێ کەوتوون تا دەگەڵ گومانلێکراوانی ئێرانی قسە بکەن. ئێران هەر بە ئاژاوەگێڕی لەم بەرەیەدا ناوەستێ و بەرپرسانی ئەفغانی ڕایانگەیاند ئێران دەستی لە تەقینەوەی ٢٤ گەلاوێژ لە ویلایەتی نیمروزدا هەبووە کە ٣٦ کوژرا و زیاتر لە سەت بریندار لێکەوتۆتەوە و هەرلەم پێوەندییە دا سێ ئێرانی دەست بەسەر کراون.



### بەرەو یادی ٢٠ساڵەی تێرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی

# لە بارەی گرنگیی بڕیاری دادگای میکۆنووس

کەریم ئەڵلاوەیسی

بێ گومان زۆر نین ئەو دادگایانەی کە ناویان کەوتووەتە سەر لاپەڕەی مێژوو ، دادگای نورمبێرگ ، دادگای تۆکیۆ و رەنگە چەند دادگایەکی ناسراوی دیکەش لە جیهان دا هەن. لەگەڵ ئەوانەش وەک ئەم دادگا ناسراوانە، دادگای میکۆنووسیش ناوی کەوتە سەر لاپەڕەکانی مێژوو. میکۆنووس گۆڕەپانی شەڕێکی گرینگ بوو لە نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانی ئێران لە نێوان رێژیمێکی تێرۆریست و جەنایەتکار و نوێنەرانی گەلێکی تەواو غەدرلێکراو .

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تێرۆری دوکتورسادق شەرفکەندی و هاوڕێیانی توانی زەبرێکی نیزامیی گەورە لە کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان بدا ، بەڵام لەباری سیاسی ،تەبلیغی و دیپلۆماسی لە ئاستی بیرورای گشتیی جیهانی دا دۆڕاندی و زۆر شەرمەزاربوو. رێژیم زیاتر لە ٥٠ فەقەرە تێرۆری لە ئوروروپا ئەنجام دا کە ٨٩ کەس لەریبەران وچالاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ریکخراوە سیاسیەکانی دیکە و کەسانی ناوداری کوردستان وئێران بوون. هەروەها زیاتر لە ٢٠٠ کادرو پیشمەرگە و ئەندامی حیزب و ریکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆربەیان لە تێکۆشەرانی دیموکرات بوون لە باشووری کورستان و تورکیەتێرۆر و شەهیدکران. کۆماری ئیسلامی لە هەمووی ئەو تێرۆر و جینایەتانە بێ لێ پرسینەوە وموحاکەمە رزگاری ببوو و هەر جار رووهەڵماوانەتر لە پێشووبۆ ئەنجامی تێرۆری دیکە هەنگاوی نابوو و ئەگەر لە وڵاتێکی وەک فەرانسە لە سەر قەتلی شاپور بەختیار چەند کەسێکی گیرابێ ، نە دەنگدانەوەیەکی هەبوو و نە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر رێژیم دانابوو.

چەندین هۆکار هەبوون کە هەرجارە رێژیم لە دەست لێکۆڵینەوە و عەدالەت رزگاری بێ و دڕندەتر لە پێشوو بەرەو خۆینرشتنێکی دیکە بچێ:

-١ قوربانیکردنی دادپەروەری سەبارەت بەرژەوەندی بازرگانی و ئابووری لە لایەن وڵاتانی ئورووپایی

-٢ – ترس و نیگەرانیی وڵاتانی ئورووپایی ، لە ئێفشاگەریی کۆماری ئیسلامی لە سەر ساتوسەودا و پیوەندییە نهێنییەکانیان و هەر وەها لەعەمەلیاتی تێرۆریستی لە خاکی ئەوان دا.

کۆماری ئیسلامی لە دوو سال پاش هاتنە سەرکاریەوە ، بە پێی بەرنامە زۆر بە جیدی هەوڵی بۆ لە ناوبردنی دژبەرانی خۆی هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوەی وڵات داوە و بەداخێکی زۆرەوە، سەرکەوتنی زۆرێشی بەدەست هێنا. بالوێزخانەکانی کۆماری ئیسلامی و بنکە بە رواڵەت فەرهەنگی و ئایینییەکانی سەر بەو رێژیمە باشترین شوێن بو دانانی رایەڵکەی جاسووسی وسیخوڕیی رێژیم لە وڵاتانی ئورووپایی بووە. کرینی ئەفراد و بوونی سیخوڕ و ناردنیان بۆ ناو رێکخراوکان و تەماع وەبەرنان و هەڕەشەلێکردن و زۆر کردەوەی دیکە، کاریگەریی هەبوو لە سەر سەرکەوتن و لە بە ئەنجام گەیاندنی پێلانە رەش ودزێوەکانی رێژیم. کۆماری ئیسلامی شارەزایی تەواوی لە نەرم ونیانی و ترس و پاریزی زۆری وڵاتانی ئورووپایی هەبوو بۆیە لە ئەنجامدانی هەرتێرۆرێک ترس و خۆفی نەبوو.

با تێرۆرێک و کردەوەی رێژیم پاش ئەنجامی تێرۆرکە بهێنمەوە :

تیروری ڤییەن ، شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی

پۆلیس و دەزگای ئەمنییەتیی دەوڵەتی ئوتریش بەهۆی لە دەستدابوونی نەوار و لەدەست دابوونی یەکێک لە بریندارەکانی تێرۆری دوکتورقاسملوو و هاوڕێیانی ، زۆر زوو بۆیان دەرکەوت کە بریاردەر و ئەنجامدەری تیرۆرەکە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. کۆماری ئیسلامی بە هەڕەشەی لەقاودان و ئاشکراکردنی کڕینی بە نهێنیی چەک لە دەوڵەتی ئوترێش و هەڕەشە لە شارۆمەندانی ئوتریشی کە لە ئێرانن توانی پێشگیری بکا لە راگیرکرانی دیپلۆمات تێرۆریستەکانیخۆی لە لایەن دەوڵەتی ئوتریشەوە و بەڕیوەچوونی لێکۆڵینەوە و پێکهاتنی دادگا و هتد. لە ئاکامدا پێشی بەوە گرت راستییەکانی پێوەندیدار بەو پێلانە رەشە و ئەم جینایەتە گەورەیە ئاشکرا بکرێ و قاتلان بە سزای خۆیان بگەن.

دەوڵەتی ئوتریش بە بوونی ئەو زخت و زۆرە و سەبارەت بە بەرژەوەندە بازرگانی و سیاسییەکانی رێگای لە جێبەجێ بوونی پرۆسەی دادپەروەری وعەداڵەت گرت. ئەو دەوڵەتە چاوی لە ئاست هەموو راستییەکان نوقاند و سوودێکی بازرگانیی زۆری لە مەعامەلە لە ساڵەکانی دوایی دا دەست کەوت . حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی دژی بڕیاری دەوڵەتی ئوتریش لە سەر داخستنی پەروەندەی ئەو تیرۆرە بوەستێتەوە و کۆماری ئیسلامی لە مەرتێرۆری دوکتورقاسملوو وهاوڕێیانی بکێشێتە دادگای نێونەتەوەیی، دەبوولەگەڵ تەوایەتی دەوڵەت ودەزگای قانوونیی ئوترێش رووبەڕوو بێ. ئەوەش لە توانی نەتەوەی کورد وحیزبی دیموکرات دا نەبوو. دەوڵەتی ئوترێش نایەوێ ئەو شەرمەزاری و سووکایەتییەی تووشی بووە زۆرتربێت و لە ئاستی جیهانی دا لێی ئاشکرا بێ بۆیە ئێستاش ناهێڵێ پەروەندەی قەتلی دوکتور قاسملوو وهاوڕێیانی بکرێتەوە هەرچەند ئەو پەروەندەیە لە ویژدانی هەموو کوردێک بە تایبەتی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هەتا هەتایە بە کراوەیی و زیندوویی دەمێنێتەوە.

بۆیە باسی تێرۆری شەهیدی مەزن دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی کرا هەتا جیاوازیی نێوان دادگای میکۆنووس و سیستەمی قەزایی وڵاتی ئەڵمان لەگەڵ دەزگای قەزایی و دەولەتە بەرژەوەندخواز و سوودپەرستەکانی دیکەی ئورووپایی بە تایبەتی دەوڵەت و بەشی قەزایی ئوتریش بۆ زۆر لایەن باشتر دەرکەوێ.

**جیاوزییەکانی دادگای میکۆنووس**

-١ دوای دووهەمین شەڕی جیهانی بۆ یەکەمین جار بوو دادگایەکی موعتەبەر و دادستانی ئالمان باسی تێرۆری دەوڵەتیی وڵاتێک واتە کۆماری ئیسلامی بهێنیتە گۆڕێ.

-٢زیاتر لە ٥٠ فەقەرە تێرۆر وکوشتار لە دەرەوەی وڵات لە ئورووپا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کرابوو و ٨٩ کەس لە ریبەرانی حیزب و ریکخراوەکانی کورد و ئێرانی بە هۆی ئەو تێرۆرانەوە گیانیان لێ ئەستێندرابوو، بەڵام دادگایەکی عادلانە پێک نەهاتبوو کە لە بکەڕ و ئەنجامدەرانی تێرۆرەکان لێپرسینەوە ولیکۆلینەوەی جیددی بکا وکۆماری ئیسلامی دادگایی بکا (دیارە زیاتر لە ٢٠٠ کەسیش لە باشووری کوردستان وتورکیە تیرورکرابوون).

-٣ ئەوە لە مێژوو دا یەکەم جار بوو کە بە هۆی بەشی قەزایی سەربەخۆ و ئازایەتی و فیداکاریی دادستان ودادوەران ژومارەیەک لە رێبەرانی وڵاتێک کە هێشتا لە سەر کۆرسیی دەسەڵات بە تیرۆر و کۆشتن و بڕیاردەر و عامیلی کۆشتار تاوانبار دەکران.

دادگای میکۆنووس و رۆڵی مێژووییەکەی و رۆڵی قازییەکان و شاهیدان

کۆمیتەی عەمەلیاتی تایبەتی)ویژە ( یان کۆمیتەی کۆشکی فیروزە

چونکە ئەو کۆمیتەیە کۆبوونەوەکانی پیوەندیدار بە تێرۆر و کۆشتنی لە کۆشکی فیروزە ئەنجام دەدا و بڕیارەکانی لە وێ دەدان، بۆیە بە کۆمیتەی کۆشکی فیرووزەش ناوی دەبرێ.

پێکهاتەی کۆمیتەی عەمەلیاتی تایبەتی (ویژە) یان کۆمیتەی کۆشکی فیروزە :

*ریبەری نیزام خامەنەیی پیشتریش خۆمەینی

*سەرۆک کۆمار عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی

*وەزیری دەرەوەی ئێران عەلی ئەکبەر ویلایەتی

*وەزیری ئێتلاعات عەلی فەللاحییان

* فەرماندەی سپای پاسداران موحسین رەزایی

رەمزی عەمەلیات» : فریاد بزرگ علوی» رەمزی عەمەلیات ، رەمزی نێوان سەفارەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆمیتەی ئەمنیەت لە نێوخۆی ئێران بوو.

پاسپورت: پاسپۆرتی تایبەت لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئێرانئامادە دەکرا کە ئەگەر کەسێک گێرابا لە مافەکانی تایبەت بە یاسای دیپلۆماسی (مصونیت سیاسی)ی کەڵک وەرگرێ و زیندانی نەکرێ و ئازاد بکرێ.

شاهیدەکان : ١٨٠ شایەت و تاوتوێکردنی هەزاران لاپەڕە بە بەڵگەوە.

کۆبوونەوە(جەلەسە(ی دادگا ٢٤٧: جەلەسە

ماوەی دادگا: سێ سال ونیوی کێشا

خەرج ٩: میلیۆن مارک، دادگای میکۆنووس یەکێک لە پرخەرجترین دادرەسی یەکانی مێژووی وڵاتی ئاڵمان بووە.

تومەتبار لە روانگەی کۆماری ئیسلامیەوە: هەموو جارێ رێژیم تێرۆرەکانی ئەنجام داوە و خەتاکەی خستۆتە ئەستۆی ئۆپۆزیسیۆنی کورد وئێرانی کە ئەوە بۆ خۆیان لە بەر کێشەی نێوخۆ یەکتریان کۆشتوە.

باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاڵمان(بۆن):

لە دادگا روون بۆوە کە حوسێن مووسەویان باڵوێزی کۆماری ئیسلامی کە تیرۆر و قەتلی رێبەرانی کوردی بە سەر ئۆپۆزیسیۆن دا هێنابوو و سوێندی لە سەر خواردبوو ، دەرکەوت کە ناوبراو نەک هەر لە تێرۆری میکۆنووس دا بەڵکوو لە زۆربەی تێرۆرەکانی ئورووپا دا رۆڵی بنەرەتیی گێڕاوە.

شاهیدەکان: بنەماڵەی شەهیدان بە وکیلەکانیانەوە توانیان کاریگەریی زۆر ئەرێنیان لەسەر دادگاهەبێ و لەگەڵ ئەوەش نەخش و روڵی حیزبی دیموکرات وئوپۆزیسیۆنی ئێرانی و چەند کەس کە لە کۆبوونەوەی میکۆنوس بە سلامەتی رزگاریان ببوو گرنگیی زۆری هەبووە( ئەوانی رزگاریان بوو بۆ پیوەندی و گەیاندنی راستیە کان بە میدیای ئالمان رۆلی باشیان هەبو.(

بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ، رۆL و نەقشی دوو کەس بۆ دەرکەوتنی راسییەکان زۆر زیاتر بوو و کاریگەری سەرەکی هەبوو لە سەر بەرەو پێشەوەچوونی پرۆسەی دادگایی کردنەکە.

-١ بەنی سەدر سەروک کۆماری پێشووی ئێران

-٢ ئەبولقاسم میسباحی مەئموورێکی ئێتلاعاتیی رێژیمی ئێران (کۆماری ئیسلامی دەستوری کوشتنی ناوبراوی دابوو و خێزانیشی لە سەری کردبووە جاسووس. ناوبراو توانیبووی لە ئێران هەڵێ و لەپێشداش پێوندیی لە گەڵ بەنی سەدر پێک هێنابوو).

دیارە پێویستە نەقش و رۆڵی دەسەڵاتی چوارەم واتە میدیای ئازادی ئالمان ، کاناڵەکانی راگەیاندن ، لە گەیاندن وباسی تیرۆری میکۆنووس و دادگاکەیدا بە هێند بگیرێ و بەحەق نەقش و رۆلی خۆیان باش نواند.

تاقە یەک شت لە دادگا روون نەبۆوە و هەتا ئێستاش بە نارروونی ماوەتەوە کە کێ کام سێخور لە ریستوران یان دەرەوەی ریستوران لە کاتی کوبوونەوەی رێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێران زەنگی بۆ تیرۆریستان لێ داوە و لە جەریان وکات و گەیشتنی ریبەرانی دیموکرات بۆ رێستوران ئاگاداری کردوونەوە.

**بریارە مێژوییەکەی دادگای ئالمان:**

رۆژی پێنج شەمە ی١٠ ئاوریلی ١٩٩٧ حوکمێکی ٤٠ لاپەڕەیی بە هۆی دادگای میکۆنووس دەرچوو:

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە گەلالە داریژ و بەرێوەبەری تێرۆری شەرەفکەندی و هاورێیانی مەحکووم کران. حوکمی گرتنی وەزیری ئێتلاعاتی ریژیم ، حوجەتولئیسلام عەلی فەللاحیان دەرکرا.

میکۆنووس ئەو مانایەی بەخشی بە گەلی کورد، داننان بە حەقانییەت ومەزلوومیەتی گەلێکی زۆڵملێکراو و لەقاودانی کردەوە دژەمرۆڤانەکانی رێژیمێکی تیرۆریست لە بەرزترین ئاستیدا ، ناساندنی کاربەدەستانی پایەبەرزی رێژیم وەک بریاردەر ، خامەنەیی ، رەفسەنجانی ، ویلایەتی و فەللاحیان بۆ ئەنجامی ئەو جینایەتە سامناکە بە جیهان ریسوابییەکی زۆر گەورەبوو کە ریژیم لە ماوەی ٢٠ سال دا تووشی ئابڕووچوونێکی ئاوا گەورە لە ئاستی جیهانی دا نەببوو.

**رۆڵی حیزبوڵڵای لوبنان :**

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک رێژیمێکی تێرۆریست بۆ دوو مەبەست یەکیان تێرۆر و سەرکۆتی دژبەران و جیابیران و دووهەم بۆ ناردنی شۆڕش بۆ دەرەوە پێویستی بە هێزی دیکەی وەک حیزبوڵڵای لوبنان و حەماس و چەند بزووتنەوەی دیکەش وەک سپای مەهدی لە عێراق، جەهادی ئیسلامیی فەلەستین و هتد هەیە و هەرکام لە م گرووپانە لە شۆین وجێگای خۆیان بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکانی کەلکی پێویستیان لێ وەردەگرێ. دیارە زۆربەیان وەک بازووی نیزامیی رێژیم و وەک سپای پاسداران و یان سپای قودس کەلکیان لێ وەرگێراوە و وەردەگێرێ. حیزبوڵڵای لوبنان کە ساڵانە چەندین میلیۆن دولار لە کۆماری ئیسلامی وەردەگرێ ، لە بە ئەنجامگەیاندنی تێرۆری میکۆنووسدا نەقشی زۆر گەورەی گێڕا و هەروەها لە سەرکۆتی خۆپێشاندانەکانی ئێرانیشدا زۆر جار نەقشی هەبووە. بە پشتیوانیی رێژیم حیزبوڵڵای لوبنان بۆتە هێزیک کە لەسەر زۆر شتی لۆبنان بریاردەرە. لە تیرۆری میکۆنووس جگە لە دارابیی خەلکی ئێران، زۆربەیان لە بەکرێگیراوانی حێزبوڵڵابوون کە گێران و زیندانی کران. ئەوە دەری دەخا کە پارە خەرج کردن و بەکرێگرتنی ئەو دەستە و گرووپە شیعانە بۆ ئەنجامدانی مەبەستەگلاوەکانی رێژیم چ گرنگیەکی هەیە.

**تێروریزیمی کۆماری ئیسلامی لە دوای بریاری دادگای میکۆنووس :**

پاش بڕیاری دادگای میکۆنووس ، ئالمان و تێکرای وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا باڵوێزەکانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوە و پێوەندییەکانی ئێران لە گەڵ ئەو وڵاتانە تووشی قەیرانی سیاسی بوو. ئەوە ٦مانگی خایاند واتە هەتا سەرکەوتنی محەمەد خاتەمی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا درێژەی کێشا. پاش ئابڕووچوونی رێژیم لە ئاستی نێونەتەوییدا ، دادگای میکۆنووس کاریگەریی زۆری هە بوو کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەنگ نەدەن بە کاندیدی قۆڵی توندرەو و پاوانخواز و دەنگی خۆیان بدەن بە ریفورمخوازانی ئێران و کاندیدی ئەوان واتە محەمەد خاتەمی. رێژیم کە بەلێنی بە وڵاتانی ئورووپایی دا کە ئەو کردەوانە لە ئورووپا دووپات نابنەوە، باڵوێزی وڵاتانی ئورووپایی بۆ ئێران نێردرانەوە.


پاش ئەوەی کردەوە تێرۆریستیەکانی رێژیمی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لە قاو دران و شەرمەزاریان بۆ ریژیم پێک هێنا،رێژیم لە دەرەوەی ئێران لە ئورووپا و باشووری کوردستان و تورکیە دەستی لە ئەنجامدانی تیرۆر هەڵگرت ، بەڵام ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو کە زۆر جینایەت و کۆشتار لە نێوخۆی ئێران دا کران بۆ نموونە کۆشتنی نووسەران و سیاسییە جیا بیرەکانی وەک، داریووش و پەروانەی فروهەر و موختاری، پوویەندە وژمارەیەکی زۆر دیکە کە ئەم قەتلە زنجیرەییانە کتێبیان لە سەرنووسراون وبە «تاریک خانەی ئەشباح» ناویان دەرکرد کە پاش ماەیەک هەموویان ئاشکرابوون و دەرکەوت کە ئەو جینایەت و کۆشتارانە هەموویان کاری وەزارەتی ئێتلاعاتی ریژیمن.

عەباس ئەمیرئینتیزام کۆنترین زیندانیی سیاسیی ئیران و وسەمبۆلی خۆراگری لە زیندانی ئێوین وتی لە ئاسۆی بڕیاری دادگای میکۆنووس شەقبردن و لەرزینی بناغەکانی دەسەڵاتی نیزامی جینایەتکار و خۆینرێژی کۆماری ئیسلامی بەدی دەکرێ.زۆر کەس پێی وابوو ئەم دادگایە دەنگدانەوەیەکی یەکجار گەورەی هەبوو وئورووپا و هەموو جیهانی هەژاند و نارەزایەتییەکی گەورەی بەرەوڕووی رێژیمی ئێران کردەوە.

٧سال پاش بریاری دادگای میکۆنووس بە هیممەتی مونیکا تیلمەن شارەداری ناوچەی شارلوتن بورگ ویلمرزدورفی ئاڵمان لەوحی لەبیرمانەوە لەبەر دەم دادگای میکۆنووس دادەنرا کە سەدان کورد لە سەرانسەری ئورووپا بۆ بەشداری لە مەراسمی دانانی لەوحی لەبیرمانەوە و رێز گرتن لە شەهیدانی میکۆنووس و خانمی مۆنیکا تیلمەنی شارەداربەشداری ئەم رێو رەسمە بوون.

لەکۆتایی دا دەپرسین ئاخۆ ئەگەر لە ئوتریش داددگایەکی عادڵانە لێکۆڵینەوەی لەتێرۆری دوکتورقاسملوو وهاوڕێیانی کردبا، ئەرێ تێرۆر و کۆشتاری میکۆنووسی ئالمان رووی دەدا؟ ئەگەر ئەمرۆ یەکیەتیی ئورووپا بە هاوکاریی ئەمریکا تەحریمی ئابووریی رێژیمی ئێران دەکەن ، زۆر زووتر بۆ پێشگیری لەتێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران و تەمبێی ئەوان ئەو کارەیان کردبا و پێشیان لە سەدان تیرور لە ئورووپا و جیهان دا نەدەگرت؟ ئاخۆ ئەگەر ئەو کارە کرابا کۆماری ئیسلامی دەیتوانی یارمەتیدەرێکی گەورە بۆ ئەلقاعیدە لە سەرانسەری جیهان بێ وئەلقاعیدەش دەیتوانی بە بێ پشتیوانێکی بەهێز بە تایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران، کارەساتی ١١ سێپتامبری ئەمریکا بخوڵقینێ؟

وەک نووسەری ئەم دیرانە لە بیستەمین ساڵیادی تیرۆری شەهیدانی میکۆنووس و هەموو شەهیدانی حیزب وگەڵ سەری رێز و نەوازش دادەنوێنم و هیوادارم بە کاری جیددی و بە بەرنامە، ئاواتی ئەو شەهیدانە و هەمووشەهیدانی کورستان وەدی بێن.



# سەردەشت و خەم و مەینەتیی خەڵکی ئەو شارە

## سیروان حەداد: کاتی ئەوە هاتوە کە خەڵکی سەردەشت گلەیی و دەنگی خۆیان بەرز کەنەوە

دیمانە: عەلی بداغی

**سەرەڕای تێپەڕینی ٢٥ ساڵ بە سەر ڕووداوی شیمیایی بارانکرانی شاری سەردەشتدا کە سەدان کوژراو و زیاتر لە ٨ هەزار برینداری لێ کەوتەوە، ئەو بابەتە ئێستاش لە زۆر لاوە جێی باس و وردبوونەوەیە.**
**بەرکەوتووانی لە ژیاندا ماوی ئەو ڕووداوە ئێستاش لە بارودۆخێکی ناڵەباردا بە سەر دەبەن، لە ئیمکاناتی پزیشکی و ئاسانکارییەکان بۆ بەردەوامی ژیان بێبەشن و لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ خراون.**
**سیروان حەدداد، بەرپرسی پێشووی ئەنجومەنی بەرگری لە بەرکەوتووانی شیمیایی بارانی سەردەشت کە بۆ ماوەی ٤ ساڵ بەرپرسایەتیی ئەو ئەنجومەنەی لە ئەستۆ بووە، لە وتووێژێکدا لەگەڵ « کوردستان»، تیشکی خستۆتە سەر چەند لایەنێکی پێوەندیدار بە بارودۆخی بەرکەوتووان و زامدارانی لە ژیانداماوی شیمیایی بارانی شاری سەردەشت و ڕەخنەی توندی لە هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی دەوڵەت لەو پێوەندییەدا گرتوە:**



**کاک سیروان! با بەو پرسیارە دەست پێ بکەم کە لەو ماوەیەدا ڕاپۆرتێک لە جەنابتان لە ڕۆژنامەی «تهران امروز» دا بڵاو بۆوە. لەو ڕاپۆرتەدا جەنابتان ئاوا دەست پێ دەکەن کە شارەکەی من سەردەشت کوێیە؟ دەردی شارەکەم چییە و لە کوێ دەبێ بە دوای دەرمانی ئەو دەردەدا بگەڕێم. پێم خۆشە وتووێژەکەمان بە وەڵامی ئێوە بەو پرسیارە دەست پێ بکەین؟**

کاتێک کە هەموو ڕێگەکانی ژیان و ئاسوودەیی وڵاتەکەت بەستراوە دەبینی، کاتێک کە ئاوەدانی و پێڕاگەیشتنی شارەکەت دەبێتە وێرانی، کاتێک کە هەستی مرۆڤدۆستانە لە ئاست تۆ دەبێتە نامرۆڤانە و نەهامەتی بەسەر وڵاتەکەتدا باڵ دەکێشی هەر لە خۆوە پرسیارت بۆ دروست دەبێ کە ئەرێ ئەو شارەی کە من تێیدا دەژیم دەبێ هەڵکەوتووی کام وڵاتی کاولکراو بێت کە ئاوا نەهامەتی ڕووی تێ کردوە و کەس بە هی خۆی نازانێ و دڵسۆزی بۆ نانوێنێ. وەک دەزانن سەردەشت یەکەم شاری جیهانە کە بۆمبارانی شیمیایی کراوە و هەزاران کەسی بریندار و بەرکەوتووی چەکی شیمیایی تێدا دەژی، بەڵام سەرەتاییترین پێداویستیی ژیان بۆ ئەو خەڵکە داماو و لێقەوماوە دابین ناکرێ، زۆر ئاساییە ئەو پرسیارە بۆ هەموو کەس پێش بێت و بپرسێ ئەرێ ئێرە کوێیە کە ئاوا بێمەیلی لەگەڵ دەکرێ و کەس لە حاست کەموکوڕییەکانی خۆی بە بەرپرسیار نازانێ؟ چۆنە کە لە وڵاتی خۆت بە بێگانەت دەزانن و ئیزنیش نادەن بێگانەکانیش یارمەتمان بدەن؟ دەردی شارەکەم ئەوەندە زۆرە نەبێتەوە و، بەداخەوە کەسیش نییە دەرمانی بکا.

**دوای ٢٥ ساڵ لە ڕووداوی شیمیایی بارانی شاری سەردەشت، چۆن باس لە کێشە و پێداویستییەکانی خەڵکی ئەو شارە دەکەی؟ ئایا تەنیا برینداران و بەرکەوتووانی لە ژیاندا ماوی ئەو ڕووداوەن کە پێویستیان بە ئاوڕدانەوە و خزمەتگوزاری هەیە، یان ئەو کێشە و گرفتانە حاڵەتی عام و گشتگیریان هەیە؟؟ پێداویستییەکان چین؟ کێشەکان کامانەن؟**

شاری سەردەشت وەک هەر شارێکی دیکەی ئێران دەبێ هەموو ئیمکاناتی ژیانی دانیشتوانی دابین بکرێ چ لە بواری ئابووری یا فەرهەنگی و پزشکی چ لە بواری خزمەتگوزاریی شارەوانی و پاک و خاوێنیی نێو شار و هەموو بەشەکانی دیکەش. لەگەڵ ئەوەشدا سەردەشت بە گازی شیمیایی بۆمباران کراوە و زیاتر لە ١٢٠٠٠ کەس لە دانیشتوانی بریندار و شیمیایی بوون و پێویستیی زیاتریان بە پێڕاگەیشتن هەیە. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا سەرەتاییترین پێداویستیی ژیانی خەڵکی سەردەشت دابین نەکراوە، بە بریندارانی شیمیاییشەوە. سەردەشت بیمارستانی نییە، بۆیە دەڵێم نیەتی چونکە ئێستاش دەبێ نەخۆشەکان لە نێو شاری سەردەشت بەرەو نەخۆشخانەیەک کە نزیکەی ١٠ کیلۆمەتر لە شار دوورە بەڕێ بکرێن، لە نێو شار ئۆرژانش و دەرمانگایەکی وای لێ نییە کە بتوانی دەرمانی سەرپایی نەخۆشەکان بکا. جا ئەوە هەموو خەڵکی شاری سەردەشت و ناوچەش دەگرێتەوە نەک هەر برینداری شیمیایی. سەردەشت لە بواری ئابووری یەکێک لە شارە هەرە دواکەوتووەکانی ئێرانە و هیچ کارخانە و کارگایەکی وای نییە کە دڵخۆشکەر بێت و خەڵک بتوانی کاری تێدا بکا. هێشتا شاری سەردەشت پارکی منداڵانی نییە تا منداڵەکانی ئێمە بتوانن ساتێک لەم شوێنەدا مەشغوولی یاری و بازی منداڵانەی خۆیان بن. پاک و خاوێنیی نێوشاری ئێمە کارەساتە و هیچ شیاوی ژیانێکی شارستانیانە نییە. کاکە گیان ئەو کەم و کوڕیانە بۆ هەموو خەڵکی شاری سەردەشتە و بە تایبەت بریندارانی شیمیایی زیاتر ئازار دەدات.

کاک عەلی ئێوە دەپرسن کە سەردەشت پێویستی بە چ هەیە: سەردەشت پێویستی بە کار و شوغڵێکی دائیمی هەیە بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە، پێویستی بە سنوورێکی ئەمن و بێ کوشتار هەیە کە زیاتر لەوە لاوەکانمان نەکەونە بەر گوللەی هێزەکانی ئینتزامی ، پێویستی بە پزیشک و دەرمانی بریندارانی شیمیایی هەیە بۆ ئەوەی زیاتر لەوە نەخۆشەکانمان پێویستیان بە تاران و ورمێ نەبێ. سەردەشت پێویستی بە ئاوەدانی و پێڕاگەیشتن هەیە و لەسەر یەک پێویستە لە ناوچەی ئێمە ئیمکاناتی ژیان بچێتە سەر چونکە بە دڵنیایییەوە سەردەشتی ئەمڕۆ شیاوی ژیان کردن نییە.

**کاک سیروان! چەندە لە خەڵکی بەرکەوتووی شیمیایی بارانی سەردەشت لە ژێر چەتری حیمایەتیی ناوەندە حکوومییەکان دان؟ ئەو یارمەتییانە چەندەن و چەندە بە کەلکی ژیانی ئەوان دێ و بۆشاییەکانیان بۆ پڕ دەکاتەوە؟**

ئێمە پێمان وایە هەموو ئەو ١٢٠٠٠ کەسەی لە ڕۆژی ٧ی پووشەڕ لە شاری سەردەشت بوون بەشێوەیەک بەرکەوتووی گازی شیمیایین و دەبێ لە ژێر چەتری حیمایەتی دابن، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا کەمتر لە ٤٠٠ کەس وەک کەمئەندامی شیمیایی لە لایەن ناوەندە حکوومییەکان یارمەتیان دەدرێ. بە واتایەکی دیکە تەنیا ٣٪ی بریندارانی شیمیایی سەردەشت یارمەتی وەردەگرن. یارمەتی مانگانە بۆ ئەوانەی زیاتر لە ٢٥٪ بریندارن و وامی بانکی بۆ ئەو کەسانەی خانوویان نییە و ماشین بۆ جانبازانێک کە لە سەرووی ٥٠٪ بریندارن و ئەوانەش تەنیا ١٠ تا ١٥ کەس دەبن. ئەو یارمەتیی مانگانەش شتێک نییە کە بتوانی هەموو بۆشاییەکان پڕکاتەوە بەڵکوو تەنیا کۆمەک خەرجێکە بۆ ژیانی پڕ لە ئێش و ئازاری بریندارەکان. وامی خانووش هەموو دەزانین کە شتێکی وا نییە کە کەڵکی هەبێ، قەرزە و دەبێ بدرێتەوە. ماشێنەکەش تەنیا بۆ چەند کەسە و ڕەنگبێ بۆوان باش بێت.

**کارناسانی بیۆلۆژی دەڵێن کە مانەوەی کاریگەریی گازە شیمیاییەکان ١٠٠ ساڵ و بە تایبەت بۆ گازی « خردل» ٤٠٠ ساڵە، ئایا تاکوو ئێستا هیچ کارێکی کارناسی بۆ خاوێن کردنەوەی زەوی و زارەکانی ناوچەی سەردەشت لەو ئالوودەبوونە کراوە؟ ئایا ئەو بابەتە هەر لە جێدا بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت گرینگ بووە؟**

تۆ بڵێی ئەو هەموو مینانەی کە بە درێژایی شەڕی چەندین ساڵەی کوردستان لە پایەگاکان چێندراون و ڕۆژانە مەترسی دەخەنە سەر ژیانی خەڵکی لادێ و بە سەدان کەسی ڕێبوار و قوتابی و شوان و بگرە دانیشتووی دێهاتەکانی بێ دەست و لاق کردوە و سەدانی دیکەش تا ئێستا شەهید بوون، بەڵام تا ئەمڕۆ کارێکیان بۆ کراوە؟ ناوەڵا تا ئێستا هیچ کارێک بۆ ئەم بەشە نەکراوە و دڵنیاش بە هەرگیز بۆ خەڵکی ئێمە کارێکی ئاوا ناکەن. ئێمە بەسەدان جار مەترسیی ئەو بەشەمان گەیاندۆتە بەرپرسان بەڵام بۆ جارێکیش نە بە چاک نە بە خەراپ جوابیان نەداوینەوە. هەر ساڵێک لەمەو بەر کاتێک بۆمبێکی شیمیایی لە نێو شاری سەردەشتدا بینرایەوە هەموو ڕاگەیەنە گشتییەکانی ئێران گوێیان لێ کەڕ کرد تا ئەو کات لە ئەنجومەنی بەرگری لە مافی بریندارانی شیمیایی سەردەشت نامەیەکمان بۆ سازمانی نەهێشتن و پەرەپێدانی چەکی شیمیایی واتە opcw لە شاری لاهە نارد و ئەوانمان لێ ئاگادار کردەوە جا کاتێک کە ئەوان بەشوێن بۆمبەکەدا هاتنە ئێران چەند ڕۆژنامەیەک باسیان لێ کرد. هەر ئەو کات ئێمە و کارناسەکانی opcw مەترسیی ئەوەمان ڕاگەیاند کە ڕەنگبێ بۆمبی دیکەش هەروا بە نەتەقیوەیی لە ژێر خانوو و ماڵەکانی خەڵکی سەردەشت دا مابن، بۆیە پێویستە بە زوویی ئەو شوێنانەی ئیحتمالی ئەوەیان لەسەرە کە بومبی لێ بێت بپشکێندرێن و مەترسی لە سەر خەڵک لاچێ بەڵام بەداخەوە کەس نییە کەمترین گرنگی بە ژیانی ئێمە بدات. ئەمن پێم وانییە هیچ کات نە ژینگەی ئێمە و نە ژیانی ئێمە بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت گرنگ بووبێ.

**بە بۆچوونی ئێوە بۆ دەبێ ئاوا بێ؟ بۆ لەو بارەوە کاری پێویست نەکراوە؟ جیا لە مشور خواردنی ناوەندە دەوڵەتییەکان، ئەدی هیچ لایەنێکی توێژینەوەیی و زانستی ئامادە نەبووە لەو ناوچە شەرلێدراوەدا کاری توێژینەوەیی لەو بارەوە بکا، یان بۆرۆکراسیی ئیداری و کیشەی بودجە و بە ئەمنیەتی کردنی ئەو بابەتە نەیهێشتوە کاری پێویست لەو بارەوە بکرێ؟**





من پێموایە هیچ مەیلێک بۆ کار و خزمەت کردن بە شارە کوردەکەی ئێمە نییە.لە ماوەی ئەو ٢٥ ساڵەدا کە سەردەشت بۆمبارانی شیمیایی کراوە تەنیا پڕوپاگەندەی سیاسی لەسەر کراوە و ئەوەی تا ئێستاش کراوە بە ئازایەتیی بەشێک لە دڵسوزانی سەردەشت بووە کە هەمیشە دڵگرانی بەرپرسانیشی بەدواوە بووە. بە بڕوای من ئەو بێ هەڵوێستییە لە حاست ژیانی خەڵکی ئێمە سیاسەتێکی سیستماتیکە کە بەڕێوە دەچی و هیچ پێوەندییەکی بە کێشەی ئابووری و ئەمنیەتی و بوودجەوە نییە.

**لەو ماوەیەدا مەسعوود زەریبافان، جێگری سەرۆک کۆمار و سەرۆکی بەناو بنیادی شەهید و کاروباری ئیسارگەران گوتبووی کە سەردەشت ناوچەیەکی سنوورییە و هەر دوکتورێک ئامادە نییە بچێ لەوێ خزمەتی نەخۆشان بکا؟ ئەو قسانە تەعبیر لە چی دەکەن؟ چۆن کاربەدستێکی پایەبەرزی دەوڵەت دەبێ ئاوا لە بارەی کێشەی خەڵکی برینداری شەڕ قسە بکا کە پێویستیان بە یارمەتی و خزمەتگوزارییە؟**

ئەوە هەر ئەو سیاسەتەیە کە لە جوابی پرسیاری پێشوودا بە کورتی باسم کرد، ئەو قسانە تەعبیر لەو سیاسەتە دەکەن کە بەرانبەر نەتەوەی ئێمە گرتوویانەتە بەر. لە کاتی شەڕ و پێویستدا بە ناوی قارەمان و دلێر و مەرزبان ناومان دەبەن و پێمان هەڵدەڵێن و هەڵمان دەکێشن. دوای شەڕیش حازر نین بریندارەکانمان دەوا بکەن و دەرمان و پزشکیان بۆ بێنن. من پێم وایە ئەوە نامەسئوولانەترین هەڵوێستە کە لە لایەن گەورەترین بەرپرسی پێوەندیدار بەیان دەکرێ و بێڕێزییەکی گەورەیە بە خوێنی شەهیدان و بریندارانی شیمیایی و بە گشتی هەموو خەڵکی سەردەشت. ئەمن ئەو قسەم پێشتر لە زمانی فەرمانداری پێشووی سەردەشت و ئوستانداری ورمێش بیستبوو، بەڵام ئەمجار لە زمانی جێگری سەرۆک کۆمار گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوە تەعبیر لە دووبارە شەهید بوونی سەردەشتە. ئێستا وەختی ئەوەیە کە هەموو خەڵکی سەردەشت گلەیی خۆیان بەرز کەنەوە، پێویستە هەموو حیزب و لایەنە سیاسی و کۆمەڵە مەدەنییەکان بێ دەنگ نەبن چونکە کاتێک سەردەشت بێ دوکتور و دەرمان بێ، یەعنی مەترسی لە سەر ژیانی ئەو خەڵکەیە کە بە گشتی پێویستیان بە پێڕاگەیشتنی بەپەلە هەیە. ئەو جۆرە هەڵوێستانەن کە ئەمنیەتی سەردەشت دەهەژێنن.

**ئەگەر مەبەستی ئەو کاربەدەستە ئەمنیەتی بوون و نیزامی بوونی ئەو شارەیە، ئەوەیان چەندە ڕاستە و کێ هۆکاری ئەو ئەمنیەتی بوونەیە؟ تا ئێستا چ تیم و ئیکیپێکی پزیشکی هاتوونەتە ئەو شارە و لەو سۆنگەیەوە تووشی کێشە بووبێتن؟**

کاکە با بەدڵنیایییەوە پێتان بڵێم تا ئەمڕۆ هیچ کەس لە سەردەشت و ناوچەی ئێمە تووشی کێشە نەبوون بەتایبەت ئەو کەسانەی وەک پزشک و تیمی پزشکی ئەگەر هاتبنە سەردەشت، چونکە خەڵکی ئێمە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن و بۆ خۆیان ئارامی و ئاسوودەیی ناوچەکەی خۆیان دەپارێزن. ئەوجۆرە قسەڵۆکانە تەنیا پاساوێکە بۆ خۆدزینەوە لە پێڕاگەیشتن و خزمەت بەم شارە بریندارە. بەڵام ئەگەر باوەڕمان بە نائەمنیی ڕاستەقینە هەبێ ئەو نائەمنییە تەنیا لەسەر خەڵکی ناوچەی سەردەشتە. وەک ئەو مینانەی هێشتا لە دێهات و لەوەڕگا و بناری کێوەکان خڕنەکراونەوە و خەتەرێکی گەورەیە بۆ ئارامی و ئەمنییەتی گیانیی خەڵکی ئێمە، یا مەترسیی گیانی کە لە سەر ئەو خەڵکە هەژارەیە کە بۆ بژیوی ژیانیان ناچارن کۆڵبەری بکەن و زۆر جار دەکەونە بەر گوللەی هێزە ئەمنییەتییەکان. کەوایە تۆپەکە لە مەیدانی خۆیاندایە و زۆر بە ئاسانی دەتوانن کێشەکە چارەسەر بکەن و وڵاتی ئێمەش ئەمن و ئەمان بێت.

**کاک سیروان! ئەگەر کاربەدەستانی حکوومەتی و دەوڵەتی خۆیان لەو بەرپرسایەتی لە حاند کێشەکانی قوربانیانی شیمیایی باران کرانی سەردەشت دەدزنەوە، ئایا ئەنجومەنەکەی ئێوە ناتوانێ داوا لە ڕێکخراوە جیهانییەکان بکا کە لەو بارەوە هاوکاریی بەرکەوتووانی شیمیایی باران کرانی سەردەشت بکا؟ ئایا ئەو هەوڵانەتان داوە؟ ئەگەر داوتانە و جێبەجێ نەبووە چی ڕێگری ئەو کارە بووە؟**

ئەمن ئێستا وەک خۆم قسە دەکەم نەک وەک بەرپرسی ئەنجومەن، بەڵام ئەنجومەنی بەرگری لە مافی بریندارانی شیمیایی سەردەشت لە چەندین ناوەندی جیهانی و سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندامە و تا ئێستا لەگەڵ چەند ڕێکخرای پێڕاگەیشتنی پزشکی دانیشتنی هەبووە و ئەو توانایەی هەیە کە پزشک و پێداویستی پزشکی بۆ سەردەشت دابین بکا، بەڵام بەداخەوە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ئیزن بە کەس نادرێ کە یارمەتی و کۆمەک بۆ سەردەشت بنێرن. ئەوەندەی من ئاگادار بم بەربەستەکە ئەوەیە کە ڕەنگبێ ئەم ڕێکخراوانە سیخوڕ بن و کار بۆ نەیارانی کۆماری ئیسلامی بکەن!

**کاک سیروان باسی ئەنجومەن کرا، وەک دوا سەرنج پێم باشە برێک باسی ئەوەمان بۆ بکەی؟**

بەڵێ. ئەنجومەنی بەرگری لە بریندارانی شیمیایی باران کرانی سەردەشت لە ساڵی ١٣٨٠ دامەزراوە و لە ڕێکخراوی opcw کە سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە ئەندامە و دوو کورسی هەیە. ئەنجومەنەکەمان هەروەها لە سازمانی ipb کە گەورەترین سازمانی دژە شەڕە ئەندامە و لە ئیئتلافی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ئەندام لە opcw دا ئەندامی پێکهێنەرە کە بە cwcc دەناسرێ. کاری ئەنجومەنیش ئەوەندەی بۆی کراوە خزمەت و بەهاناوەچوونی خزمەت بە بریندارانی شیمیایی شاری سەردەشت و گەڕاندنەوەی مافەکانیان بۆ ئەوان و بووە.

**سپاس کاک سیروان حەدداد بۆ بەشداریتان لەو وتووێژەدا**

سپاس بۆ ئێوەش

***

**سیروان حەدداد لە چەند دێڕێکدا:**

سیروان حەدداد لە ساڵی ١٣٥٣ لە شاری سەردەشت لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و نیشتیمانپەروەردا لە دایک بووە. چەند ساڵی سەرەتایی و ناوەندیی خوێندنی لە مەدرەسەی شۆڕشدا خوێندوە و دوایە گەڕاوەتەوە سەردەشت و تا ئاستی فەوقی دیپلۆمی ئەدەبیاتی فارسی لەو شارەدا لە خوێندن بەردەوام بووە. ساڵی ١٣٨٤ بە یارمەتیی چەند کەسێک ماڵپەڕی خەبری _تحلیلی «سەرچاوە»ی سەردەشتیان داناوە و وەک بەڕێوەبەری سایت لە بواری ڕاگەیاندن و تەفسیری ڕووداوەکانی سەردەشت کاری کردوە. زیاتر لە چەند ساڵ لە ئەنجومەنی قەقنووس دا وەک دەستەی بەڕێوەبەری چالاکی بووە و ساڵی ١٣٨٥ وەک کارگێڕی ئەنجومەنی بەرگری لە مافی بریندارانی شیمیایی سەردەشت هەڵبژێردراوە و چوار ساڵ ئەو ئەرکەی لە سەر شان بووە دواتریش بە بەرپرسی ئەنجومەنی بەرگری لە مافی شیمیایی بارانی سەردەشت هەڵبژێردراوە.

# کێ بەرپرسی ڕاستەوخۆی توندوتیژییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێرانە؟



کوێستان فتووحی

توندوتیژیی کۆمەڵایەتی لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهاندا کەم و زۆر هەیە. دیارە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بەتایبەتی کۆمەڵگە پێشکەوتوو و دیموکراتەکاندا جگە لە حکوومەت، هێندێک نیهاد و ڕێکخراوی مەدەنییش بۆ کەمکردنەوە و سڕینەوەی توندوتیژی و فێرکردنی سەبر و ئارامی و یەکتر تەحەممولکردن هەن . بەڵام لە وڵاتێکی وەک ئێران جگە لە نەبوونی ئەو نیهاد و ڕێکخراوانە، دەسەڵاتیش لە پەرەپێدانی توندوتیژی لە نێو کۆمەڵگەدا نەخشی سەرەکیی هەیە.

«چاو لە بەرامبەر چاو»دا، تۆڵە سەندنەوە! ئا لەم وڵاتەدایە هیچ مرۆڤێک، نەمنداڵ، نە ژن و نە پیاو ئەمنییەتیان نیە. ئەگەر چاوێکی خێرا بە سەر هێندێک لەو هەواڵانەی لە ڕاگەیەنەکانی نێوخۆی ئێراندا بڵاو دەبنەوە بخشێنین، ڕاستیی ئەو ئیدیعایەمان بۆ دەردەکەوێ.

کوژرانی روحوڵلا داداشی، بە چەقۆ و ئێعدامی قاتڵە ١٧ ساڵەکەی لەبەر چاوی زیاتر لە ١٥ هەزار کەس.

بەرەبەیانی شەممە ٣٠ ڕەزبەری ١٣٩٠ منداڵێکی ١٥ ساڵە بە هۆی نەخۆشیی باوکیەوە ناچار بوو بچێ کار بکا، لەلایەن ١١ کرێکاری دیکەوە رفێندرا، دەستدرێژی کرایەسەر و دواتر کوشتیان.

١٧ی ڕەزبەری ١٣٩٠ ژنێکی خوێندکار لە سەر کلاسی دەرس و لەلایەن هاوسەری پێشوویەوە بەبەر چاوی مامۆستاکەیەوە، بە چەقۆ هێرشی کرایەسەر و چەندین چەقۆی لێدرا و بەم هۆیەوە تووشی بێهوشی و قەتعی نوخاع بوو.

سێ لاوی بێکار، بەچەکەوە چەندین جار دزیی لە زێڕفرۆشییەکانی شاری مەشهەد دەکەن و دواتر زێڕفرۆشێکیشیان کوشت. منداڵی ١٢ ساڵەی زێر فرۆشەکە لە جەلەسەی دادگادا بە گریان و بە دەنگی بەرز داوای لە قازییەکە دەکرد قاتڵی باوکی لەبەر دەرکی دووکانەکەیان ئێعدام بکەن و گوللەکەش لەسەری بدەن، چونکە قاتڵەکە گوللەکەی لەسەری باوکی داوە.

ئاژن ئاژن کردنی جەستەی کچێکی خوێندکار بە چەقۆ لەسەر پردی مودیریەتی تاران بەبەرچاوی هاوڕێ و هاوکلاسیەکیەوە لەلایەن ئەو کوڕەی خوازبێنیی لێ کردبوو و وڵامی «نا»ی لەو کچە بیستبوو و ئێعدامی قاتڵەکە هەر لەهەمان شوێن بەبەرچاوی خەڵکەوە.

دەستدرێژیی بەکۆمەڵ بۆ سەر کۆمەڵێک ژن لە مەجلیسێکی میوانیدا.

دەستدرێژیی بەکۆمەڵ بە ژنێکی لادێیی دەوروبەی کاشمەر.

دیسان دەستدرێژی بەکۆمەڵ بە دوکتۆرێکی ژنان لە دێیەکی دیکە و....

بەڕاستی ئەم هەموو توندوتیژی و جینایەتە سەرچاوەکەیان لەکوێوەیە؟

### توندوتیژیی دەوڵەتی سەرەکیترین هۆکاری پەرەسەندنی توندوتیژییە لە کۆمەڵگەدا

ئەرکی دەسەڵاتی وڵات پێشگیریی لە هەرچەشنە ڕەفتارێکی توندوتیژ و تاوانکارانەیە. بۆ ئەمەش دەبێ بە شێوەی جۆراوجۆر واتە لەڕێی قانوون و پەروەردەوە پێشی توندوتیژی لە هەر ئاستێکدا بگرێ.

لە ئێستا دا باشتر کردنی هەلومەرجی ئابووریی خەڵکی هەژار، پاشان سڕینەوەی ئەو قانوونانەی دەبنە ئولگوو لەسەر تاکەکان، دەتوانن کاریگەرییەکی باشیان لەسەر کەمکردنەوەی تاوان و توندوتیژی هەبێ.

کوشتنی مرۆڤەکان لە ژێر ناوی بەڕێوەبردنی قانوون و بەبەرچاوی خەڵکەوە، ئەو خەڵکەی کە منداڵی تەمەن خوار ١٥ ساڵەیان تێدا دەبینرێ، نەک رێ لە کەمکردنەوەی توندوتیژی و تاوان ناگرێ، بەڵکوو ئەوپەڕی ئاڵۆزی ونائەمنی لە کۆمەڵگەدا دروست دەکا. کوشتنی هەر مرۆڤێک تەنانەت ئەگەر تاوانباریش بێت، بۆخۆی جۆرێک پەرەپێدانی توند و تیژییە، بەتایبەتی ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێران بە بەرچاوی سەدان و هەزاران کەس، بەڕێوە دەچێ (ئێعدام و سەنگسار) تاوانێکە کە دەرحەق کۆمەڵگە دەکرێ. جگە لەوەی مافی ژیان لە مرۆڤێک دەستێندرێتەوە، تاوانێکیش دەرحەق ئەو سەدان و هەزاران کەسەدەکری کە هان دەدرێن بۆ دیتنی ئەو دیمەنە ترسناکە بێن. ڕاستە بە ڕواڵەت کەسێکی تاوانبار لە کۆمەڵگەدا دەسڕدرێتەوە، بەڵام هەموو ئەوانەی کە بۆ دیتنی ئەو دیمەنە دەچن دەبنە تاوانبارێکی دیکەی کۆمەڵگە لە داهاتوودا. چونکە ئەوانە هەر ئەوە لە بیرو زەینیاندا دەمێنێتەوە کە دەیبینن و دواتر بە شێوەیەکی دیکە بەرهەمی دێننەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بەڕێوەبردنی سزا نامرۆڤانەکانی وەک قامچی لێدان، بێحورمەتی و تێهەڵدان و سووکایەتیی کردن بە نارازییان و ئێعدام بەبەرچاوی خەڵکەوە، ڕاستەوخۆ فەرهەنگی توندوتیژی و زیادبوونی رق و کینە لە نێو کۆمەڵگەی ئێرانیدا پەرە پێداوە.

شۆڕشێک کە دەرئەنجامەکەی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بوو، بە هەڕەشە، کوشت و کوشتار و بە دروشمی «اعدام باید گردد»! سەرکەوتنی خۆی ڕاگەیاند. دواتر بەرهەمەکەشی(کۆماری ئیسلامی) بە یاساو ڕێسا و کردەوەکانی لە ماوەی زیاتر لە سێدەیە دەسەڵاتدارەتیدا کەلتووری توندوتیژیی لە نێو کۆمەڵگەدا نەهادینە کردوە. هەر بۆیەشە کۆمەڵگەی ئێران، ئێعدام و سڕینەوەی فیزیکیی وەک سزا بۆ ئەو مرۆڤانەی بە تاوانباریان دەزانن قبووڵ کردوە. ئەمە ئەو کەلتوورەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە لە کۆمەڵگەدا هەوڵی جێگیر کردنی داوە و بەداخەوە تێشی دا سەرکەوتوە.

### پێوەندیی هەژاری و بێکاری لەسەر پەرەسەندنی توندوتیژی

بە بڕوای خەسارناسانی بواری کۆمەڵایەتی، هەژاری بەردی بناغەی هەموو ئەو توندوتیژییە کۆمەڵایەتییانەیە کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەن. ئەگەر چاوێک بە ڕۆژنامەکانی نێوخۆی ئێراندا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ ئەم دەساڵەی دوایی ڕێژەی تاوان و توندوتیژی لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا یەکجار زۆر پەرەی سەندوە.

ئەو توندوتیژییە ترسناکانەی ئەمڕۆ لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگە لە ئێراندا روو دەدەن وەک کوژرانی مێرد بەدەستی ژن، ژن بە دەستی مێرد، منداڵ بە دەستی دایک، باوک و قەتڵ و تاوانی جۆراوجۆر، ئەو نموونانەن کە ڕۆژانە لە ڕاگەیەنەکانی نێوخۆی ئێران دا بڵاو دەبنەوە، هۆکاری جۆراوجۆریان هەن. دوکتور ئەمانوڵڵا قەرایی کۆمەڵناس لە وتووێژێکدا دەڵێ: «هەژاری و بێکاری و زۆربوونی توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا سەدلەسەد پێوەندیی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە«.

کاتێک خەڵک لە ژێر باری گرانی و خەرج و تێچووی ژیان دا حاڵیان پەرێشان بێ و دەروونێکی ئاڵۆزیان هەبێ، هەمووکات شاهیدی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی توندوتیژ لە نێو ئەندامانی بنەماڵە و لە شەقام و کووچەو کۆڵان لە گەڵ یەکتر دەبین. بنەماڵە یەکێکە لەو شوێنانەی کە توندوتیژی بەرهەم دێنێ. ئەو منداڵانەی لە نێو بنەماڵەیەکی هەژاردا گەورە دەبن و لە نێو بنەماڵەدا سەرنج نادرێتە خواستەکانیان، بە دڵنیاییەوە زۆرتر ئەوانەن تووڕەبوونەکانی خۆیان لە نێو بنەماڵەوە دەبەنە نێو کۆمەڵگە. هەژاری و بێکاری یەکێکە لە فاکتەرە گیروگرفتخوڵقێنەرەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. بێکاری و هەژاری ئێستا لە ئێران‌دا هەر تەنیا کێشەیەکی ئابووری بۆ وڵات نیە، بەڵکوو بۆتە قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتییش. زۆربەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: ئێعتیاد، قەتڵ، خۆکوژی، خەمۆکی و نەخۆشییە دەروونییەکان، لەشفرۆشی و قاچاغی ژنان، لێکهەڵوەشانی شیرازەی بنەماڵە و هتد، بەشی زۆریان لە هەژاری و بێکارییەوە سەرچاوە دەگرن. جەوانێکی خوێندەوار کە لەژیاندا بێ کار و سەرگەردانە ، هەست بە پووچی و بێکەڵک بوون دەکا. بۆیە زۆرجار ناتوانێ بەسەر خۆیدا زاڵ بێ. کاتێک کەسێک کە هەست بە پووچی و بێکەڵک بوون لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگەدا دەکا، تەنانەت بۆی گرنگ نیە ئەگەر تاوانیش ئەنجام بدا. لەهەمووی ئەم حاڵەتانە دا بەداخەوە ژنان زۆر زیاتر بوونەتە قوربانیی خەسارەکانی نێو کۆمەڵگە. ئەمەش بە هۆی ئەو نابەرابەرییە حوقووقیانەوەیە کە بەرانبەر بە ژنان لە ئێراندا هەیە. یانی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر بە ئاشکراو و ڕوونی لە نێوان مرۆڤەکاندا نایەکسانییان دروست کردوە.

توندوتیژی لە کۆمەڵگەی ئێراندا بە ڕادەیەک پەرەی سەندوە کە کۆمەڵناسان ئێستا وەک قەیرانێک چاوی لێدەکەن. ئەو قەیرانە ئەگەر هەمووی سەرچاوەکەی لەلایەن دەسەڵاتەوە نەبێ دیسانیش هەر دەسەڵاتە دەبێ چارەی ئەو قەیرانە بکا. ئەو دەردە پێویستی بە چارەسەرێکی ریشەیی هەیە. ئەم چارەسەرەش بە هەموو دامودەزگا پەروەردەیی و یاساییەکانی دەسەڵات جێبەجێ دەکرێن و پێویستی بە زەمینەو هەلومەرجی لەبار هەیە کە بەداخەوە ئەم دەسەڵاتەی ئێستا نەک ئەو چاوەڕوانییەی لێ ناکرێ هەنگاوێکی موسبەت لەم پێناوەدا هەڵێنێتەوە، بەڵکوو بۆخۆی سەرچاوەی ئەو بەڵاو بەدبەختییانەیە کە بەسەر خەڵکی ئێران هاتوون.

بەڵام ناکرێ دەست لە سەر دەست دابنرێ تا ئەو ڕێژیمە دەڕووخێ و سیبەری شوومی دەسەڵاتەکەی لە سەر خەڵک لادەچێ . پێویستە توێژەران، دەروونناسان، چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەو کەس و لایەنانەی کاری فەرهەنگی و زانستی دەکەن و وشیارکردنەوەی کۆمەڵ بە ئەرکی خۆیان دەزانن، لانی کەم وەستانەوە بە دژی پەرەپیدانی ئاگایانەی توندوتیژی لە لایەن دەسەڵاتەوە بوەستنەوە و و هیچ کات لە وشیار کردنەوەی کۆمەڵگە بەرانبەر بە کاریگەرییەکانی کردەوە و سیاسەتە پڕ لە توندوتیژییەکانی ڕێژیم، غافڵ نەبن.

# ئاوڕدانەوەی سەرانی ڕێژیم لە خەڵکی بوومەلەرزە لێدراو!



تەها ڕەحیمی

ئێران وڵاتێکە لە سەر پشتێنەی بوومەلەرزە. کە جار نا جار توێیەکانی ژیانی خەڵکەکەی لیکدەترازێنێ و لە نەکاو داماوی و لێقەوماوی دەکا بە دیاری بۆ دانیشتووانی.

سەر لە ئێوارەی ٢١ گەلاوێژ بوومەلەرزەیەک بە پلەی ٦،٣ و ٦،٢ بە پلەی ریشتێر ناوچە ئازەری نشینەکانی لە دەوروبەری تەورێز و شاری ئەهەر و وەرزقان هەژاند و تەنانەت خەڵکی لە پارێزگای ورمێش هەراسان کرد. ئامار و ڕاپۆرتی جۆراجۆر لە سەر وێرانییەکانی ئەم بوولەرزەیە بڵاو کراونەتەوە کە بە گوێرەی هێندێکیان ١٢ هەزار خانوو لە نێوان ٢٠تا ١٠٠ لە سەد تێکقرماون و پێویستیان بە نۆژەنکاری هەیە. ئەم هەژانە کە زیاتر شاری ئەهەر و وەرزقانی گرتەوە، زۆربەی گوندەکانی دەوروبەری ئەم شارانەی بە تەواوی کاول کردوە.

ئەم کورتە نووسینە ناپڕژێتە سەر کاولکاری و ماڵوێرانییەکانی ئەو ڕووداوە سروشتییە، بەڵکو زیاتر شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەت و حاکمییەت بە کورتی دەخاتە بەر باس. هەر دەوڵەت و دەسەڵاتێک بۆ ڕووداوی لە نەکاو دامەزراوێکی هەیە و لە کاتی ئەم جۆرە بەڵایانەدا بە هەموو تواناوە بە هانای خەڵکەکەیەوە دەچێ و لە زۆربەی وڵاتان دەبینین کە ئەگەرچی پانتایی کارەساتەکە بەمجۆرەش نییە دەسەڵاتدارانی پلە یەکی وڵات بۆ دڵدانەوەی خەڵکی ناوچە و خێرابوونی ڕەوتی یارمەتی و بەهاناوە چوون سەردانی شوێنی ڕووداوە دەکەن. دەوڵەت سەرەڕای هەموو ئەرکە پێناسەکراوەکانی دیکەی دەبێ پشتیوان و مایەی دڵگەرمیی خەڵکەکەی بێ و لە کاتێکدا کە دیاردەیەک تووشی لێقەومانیان دەکا بێ کەس و دەستەوئەژنۆ نەبن. بەڵام لە سیستمی کۆماری ئیسلامیی ویلایەتی فەقیهی دا بینیمان کە نەک دەوڵەتێک بە کردەوە بوونی نەبوو بەڵکوو ڕێژیمی بە زۆر سەپاو بە بێ گوێدانێکی ئەوتۆ بە خەڵکی لێقەوماو، خەریکی ساتوسەودا و پیلانەکانی بۆ دەسوەردان لە ناوچە دابوو و سەرۆکی یەکەمی دەوڵەت، ئەحمەدینەژاد لە پێناو ئەوەی بەشار ئەسەد لە ئەندامەتیی ڕێکخراوی هاوکاریی وڵاتانی ئیسلامی نەکەوێ، بە خۆی و تاقمێک کاربەدەستەوە ملی ڕێگەی عەرەبستانی گرتە بەر. لە بۆشایی نەبوونی دەولەتدا ئەوە خەڵک و دامەزراوە خەڵکییەکان و خەڵکی ناوچە و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بوون کە خۆبەخشانە قۆڵیان لێ هەڵماڵی و هەر کەس و بە گوێرەی توانای خۆی ڕووی لە شوێنی ڕووداوەکە کرد کە دیارە ئەم یارمەتییانەش کاردانەوەی دەسەڵاتیان لێ کەوتەوە و یارمەتیی زۆربەی ئەو تاقم و کەس و گرووپانە لە لایەن سپاوە ئەنبار کرا و دەسەڵات ڕایگەیاند یارمەتییەکان دەبێ لە ڕێگەی ئۆرگانێکی دەوڵەتییەوە دابەش کرێن؛ نەکا ئەم کارە ببێتە هۆی زیاتر لێکنزیک بوونەوەی خەڵک و گەلانی ئێران. چونکی یەکگرتوویی و بەشداریی ئەم خەڵکە لە شین و شایی یەکتردا دەبێتە هۆی هاوهەڵوێستیی خەڵک و ئەوەش بە قازانجی مانەوەی زیاتری ڕێژیمی سەدە نێوەڕاستی خامنەیی و سیستمی ویلایەت فەقیهی نییە. دەوڵەتی نابی محەمەدی بە جۆرێک لە ڕاگەیانەکاندا بێدەنگیی لێ کرد و گوێی بە ماڵوێرانی ئەم خەڵکە نەبزووت کە ئەو کەسانەی بەناوی نوێنەری خەڵکی ئەم شارانە لەمەجلیسن ناچار دەنگیان هەڵبڕی و ناڕەزایەتیی خۆیان لەم کەمتەرخەمییە دەربڕی.

کاناڵە تلویزیۆنییەکانی ئێران نەک هەر گوێیان لە هەواڵی ئەم بوومەلەرزەیە خەواند، بەڵکوو وەکو ڕۆژانی ئاسایی درێژەیان بە بەرنامەکانی خۆیان دا و تەنانەت کانال٣ بەرنامەی کۆمێدیی «خندە بازار» یشی ڕانەگرت کە هەڵوێستی توندی نوێنەرانی شارەکانی مشکین شار و ورمێ و ئەهەر و هەریسی بە دواوە بوو. نوێنەری مشکین شار ئاماژەی کرد کە کاناڵە بیگانەکان لە هی خۆمان باشتر هەواڵەکانی پێوەندیدار بە کارەساتی ئازەربایجانیان باس کرد. ئەگەرچی بەرپرسان دوای بیست کاتژمێر ڕایانگەیاند کە ڕاگوازتنی بریندارەکان بۆ نەخۆشخانە کۆتایی پێهاتوە ، بەڵام هێندێک لەو کەسانەی خۆیان چوونەتە یارمەتیی خەڵکەکە، دەڵێن هێندێک لە گوندەکان بە تەواوی کاول بوون و دەسپێڕاگەیشتنیان دژوارە و هێشتاش هەن ئەوانەی لە ژێر تەپێک دار و گڵ و بەردا چاوەڕێی یارمەتی و ڕزگارین. ڕۆژنامەکانی سەر بە ویلایەتی فەقیهە بەمجۆرە پاساوی سانسۆری هەواڵەکانی پێوەندیدار بە بوولەرزەی ئازەربایجان دەهێننەوە: « ئەم ڕووداوە بیانوویەکی باشە بۆ خۆڕێکخستنەوە و ڕوحیەی گرووپە «لێکهەڵوەشاوەکانی ئۆپۆزسیۆن» (کیهان). « ڕەش پیشاندان (سیاه نمایی) لە بوارەدا هەنگاونان دژی ئەمنیەتی نەتەوەییە.)) (رسالت).

بە دوای هاوەدەردی و گلەیی و گازەندەی خەڵک لە دەسەڵات، ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە کاری یارمەتی گەیاندن و کۆنترۆڵی ئەو ناوچە بەڵالێدراوەی بە سوپا سپارد کە بە دوای ئەودا سایتی (کلمە) باس لە ئەنبار کردنی یارمەتییەکان لە لایەن ئەم دامەزراوە تەواو ئاڵقە بەگوێیە دەکا و تەنانەت باس دەکرێ سوپا ئیزن نادا فیلم و ڕاپۆرتیش لەم شوێنانە هەڵبگیرێتەوە و هەر لەم بارەوە سایتی کەلەمە لە زاری یەکێک لە شاهیدانەوە دەگێڕێتەوە کە تەنانەت یارمەتییەکانی دەرەوەی وڵاتیش لە لایەن سوپاوە دەستی بە سەر دا دەگیرێ و مانگی سووریش چاوەدێری ڕەوشەکەیە و تەنیا بینەرە و هیچی لە دەست نایە.

هەمووی ئەوانە بەڕوونی نیشان دەدەن کە لە ڕوانگەی سەرانی ڕژێمەوە لەقنەبوونی دیکتاتۆرێکی وەک ئەسەد لە بە هاناوە چوون و ڕزگار کردنی گیانی سەدان هاووڵاتی زیاترە و دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی نەک خەم لە ئاوارەبوون و ماڵوێرانیی هاونیشتمانان ناخوا بەڵکوو شپرزی و سەرقاڵ بوونی هاونیشتمانان لەبەرژەوەندی خۆی دا دەبینێ. ئەو ڕێژیمەی خەڵک و هێزەکانی بۆ ڕزگاریی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان بەسیج دەکا و بەردەوام باس لە عەداڵەت و کەرامەت دەکا و پێشکەوتن بنێشتە خۆشکەی سەر زاری بەرپرسانێتی، ئەتوم و مووشەک و چەک، هێمای پاراستنەکەین، بەمجۆرە ئاوڕی خێری لە خەڵکە لێقەوماوەکەی خۆی دایەوە کە دەیەوێ ببێ بە مودیری جیهانی و پێشەوا و سەرۆکی وڵاتانی ئیسلام.









# دێموکراسی بە کورتی و پوختی

## (نامیلکەیەکی بەڕێوەبەریی زانیاریە نێونەتەوەییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا)

وەرگێڕان لە فارسییەوە: عەلی بداغی

بەشی پێنجەم

### میدیا ئازاد و سەربەخۆکان

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگەی ئەورۆ لە رووی قەبارە و ئاڵۆزی، بواری پێوەندی و تێکەڵاوی و باسە گشتییەکانیش خراوەتە پاوانی میدیاگەلێکی وەک رادیۆ، تەلەڤزیۆن، رۆژنامە و گۆڤار و کتێب و راگەیەنە گشتییەکانی وەک ئینتێرنێت و کاناڵە ئاسمانییەکان.

راگەیەنەکان لە نیزامێکی خەڵک سەروەردا چ لە جۆری وێبسایت و چ لە شێوەی کتێبی چاپکراو لەگەڵ ئەوەی لێک جیاوازن و نەگۆڕ دەمێننەوە، بەڵام لە کارکردی خۆیاندا دەچنە نێو یەکتر. یەکێک لەو تێکەڵاوییانە پرسی راگەیاندن و پەروەردەیە. خەڵک بۆ دانی بڕیارێکی گونجاو و دروست لە سەر بابەتێکی سیاسەتی گشتیی وڵات لە جێدا و لە کات و شوێنی خۆیدا پێویستییان بە دەسڕاگەیشتن بە زانیاریی ورد و بێلایەنە. هەر لەو پێوەندییەدا دەکرێ بڵێین کە یەکێکی دیکە ئەرک و رۆڵبینینی راگەیانە گشتییەکان پشتیوانی و داکۆکیکردن لە خەڵکە. بەردەنگی راگەیەنە گشتییەکان بۆ گەیشتن بە لایەنێکی بەربڵاوی بۆچوونەکان لەوانەیە کەڵک لە زۆر بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر و جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکدی وەرگرن. ئەو رۆڵبینین و جۆرە دەرکەوتنەی راگەیەنە گشتییەکان بە تایبەت لە کاتی ململانێی هەڵبژاردنەکان و ئەو کاتانە پتر دەردەکەوێ و گرینگیی تایبەت بە خۆی هەیە کە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە دەنگدەران لە نیزکەوە دەتوانن راستەوخۆ لەگەڵ پاڵێوراوەکان کۆببنەوە و تەنیا چەند کەس لەوان دەتوانن لەگەڵ ئەو نوێنەرانە قسە بکەن.

چاوەدێری کردنی کاروباری ناوەندە حکومەییەکان و ناوەندە بەهێزەکانی دیکەی کۆمەڵگە ئەرکێکی دیکە میدیا و راگەیەنە گشتییەکانە. بەڵام راگەیەنە هەواڵدەرییەکان دەتوانن بەلەبەرچاوگرتن و پاراستنی رێوشوێن و پێودانگەکانی سەربەخۆیی و واقعبینی و هەر چەندە ناتەواویش بێ، ئەو راستییانە ئاشکرا بکەن کە لە پشتی بانگەشە و ئیدیعاکانی کاربەدەستانی دەوڵەت شاردراونەتەوە و لێپرسراوانی حکومی ناچار بە وەڵامدانەوە لە بەرامبەر کار و کردەوەکانیان بکەن.

راگەیەنە گشتییەکان هەروەها لە رێگەی بڵاوکردنەوەی راپۆرت و لێکدانەوە و سەروتارەکانیان دەتوانن رۆڵی کاراتر لە باسە گشتییەکانی کۆمەڵگەدا بگێڕن و تریبوونەکانی خۆیان لە بەردەستی ئەو کەس و لایەنانە دابنێن تا بۆچوونەکانی خۆیان لە رێگەی ناردنی نامە، بابەت و وتار بۆ ماڵپەڕ و رۆژنامەکان بە خەڵکی بگەیەنن.

شیکارانی سیاسی ئەرکێکی دیکەش بۆ راگەیەنە گشتییەکان دیاری دەکەن کە یەکجار گرینگە، ئەویش» دیاری کردنی خشتەی کار»ە. لەوەی راکە هەواڵدەرییەکان ناتوانن رووماڵی هەموو رووداوێک بکەن و راپۆرتیان لە سەر ئامادە بکەن، دەبێ دەستنیشانی بکەن کە تیشک بخەنە سەر چ کامە بابەت و چ جۆرە بابەت و رووداوێک پشتگوێ بخەن. بە کورتی ئەوە ئەوانن کە دیاری دەکەن چ شتێک هەواڵە و چی هەواڵ نییە. ئەو بڕیارە لە جێدا کاریگەری راستەوخۆی لە سەر بیرکردنەوە و ساغبوونەوەی بیروڕای گشتی هەیە کە کامە پرس و بابەت گرینگ و هەستیار و شیاوی سەرنجن. لە هەر حاڵدا راگەیەنە گشتییەکان لە وڵاتانی خەڵک سەروەر و دێموکراتدا پێچەوانەی ئەو وڵاتانەی کە هەواڵ و میدیاکان لە بن دەست و لە ژێر چاوەدێریی دەوڵەت دان، ناتوانن بە ئاسانی و بە ئیشتیای خۆیان رووداو و بابەتەکان بەراوەژوو پێشان بدەن یان بە خەمساردی لە تەنیشتیان تێپەڕن. چونکی لە هەر حاڵدا رکەبەرەکانیان سەربەستن و بۆیان دەلوێ کە سەرنجی خەڵکی بۆ لای بابەتە گرینگ و هەستیارەکانی کۆمەڵگە راکێشن.



لە کۆمەڵگەیەکی لایەنگری خەڵک سەروەریدا هاووڵاتیان بەو دڵنیاییەوە دەژین کە لەرێگەی گواستنەوەی ئاشکرای بیروڕای جیاوازەکان حەق بە سەر باتڵ و چاکە بە سەر خراپەدا سەر دەکەوێ، خەڵک باشتر لە گرینگی و بایەخی یەکتر دەگەن، بە روونی بەستێنەکانی حاوانەوە و پێکەوە سازان دیاری دەکرێن و رێگەی پێشوەچوون و گەشە ئاوەڵا و کراوەتر دەبێ. چەندە گۆڕینەوەی بیروڕا و بۆچوونەکان زیاتر بن، بەو رادەیەش ئاکامی دڵخوازی زیاتر لێ دەکەوێتەوە. نووسەرێک بە ناوی « ئی بی وایت» لەو بارەوە نوسیویەتی: ((لە وڵاتی ئازادی ئێمەدا راگەیەنەکان بەکەڵک و جێی متمانەن، نەک لەبەر خەسڵەتە باشەکانیان بەڵکوو لە بەر ئەوە جۆراوجۆرییە زۆرەی کە هەیانە. تا ئەو کاتەی ژمارەی ئەو رۆژنامە و بڵاڤۆکانە زۆر بن لە روانگە و گۆشەنیگای خۆیانەوە پێوشوێنی دۆزینەوەی راستییەکان کەوتوون، بۆ خەڵکی ئێمە ئەو دەرفەتە دەڕەخسێ کە خۆیان بە راستییەکان بگەن و لە رووناکاییدا بژین.... ئەمنیەت لە فرەیی و هەمەچەشنی دایە)).

### حیزبە سیاسییەکان، رێکخراوە ناحکومی و گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان

ئەگەرچی ناکرێ بە زۆرەملی هیچ هاووڵاتییەک ناچار بە بەشداریی سیاسی بکرێ، بەڵام بەبێ بەشداریی خەڵک رەوتی دێموکڕاسی و دەسەڵاتی خەڵک سەروەری لاواز و بێ گیانە. ئەوە ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتیی حکوومەتێکی خەڵک سەروەرە کە مافی هاووڵاتیان بۆ بەشداریی دڵخواز و سەربەستانە و رێکخستنی کاروباری ژیانیان بەو جۆرەی کە خۆیان پێیان باشە، لەبەرچاو بگرێ.

### حیزبە سیاسییەکان

تێکۆشانی حیزبە سیاسییەکان بۆ هەڵبژاردنی کاربەدستانی حکوومەتە و بۆ ئەوەیە تا یەک لەو دوو لایەنە بن: ئەگەر لە باڵی زۆرینەن ئەوا رێبازی حکوومەت دیاری دەکەن و ئەگەر لە باڵی دژ و ئۆپۆزیسیۆنن، رەخنە لە سیاسەتەکانی حکوومەت دەگرن و بە هێنانە گۆڕیی باس و سیاسەتی جێگرەوە لە جێی سیاسەتی حکوومەت لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لە هەوڵی کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ خۆیان لە نێوان گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکاندا دەبن و لە بواری پرسە گشتییەکاندا خەڵکی بار دێنن و رێوشوێن و چوارچێوە بۆ باسە سیاسییەکان دادەڕێژن. لە هیندێک لە سیستەمە سیاسییەکاندا ئایدۆلۆژی لەوانەیە کاریگەریی گرینگ لە سەر راکێشانی ئەندام بۆ لای حیزبێک دابنێ و لە سیستەمەکانی دیکەدا لەوانەیە وەک ئامانج، فاکتەری ئابووری یان روانگە کۆمەڵایەتییەکان گرینگتر لە فاکتەرەکانی دیکە بێنە بەرچاو و کاریگەریی خۆیان دابنێن.

حیزبەکان رێکخستن و شێوازی کارکردنیان لەگەڵ یەکتر تەواو جیاوازە. لەلایەکی ئەو ریزبەندییەدا حکوومەت و سیستمە پارلمانییە فرەحیزبییەکان دەبینین کەوەک رێکخراوگەلێکی تەواو رێکوپێک و بەدیسیپلین و بە شێوەی تەواو وەخت لەلایەن کەسانی لێوەشاوە و پسپۆڕەوە بەڕێوە دەبرێن.

لەلایەکی دیکەی لەو دابەشینەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبینین، یانی ئەو شوێنەی کە دوو حیزبی رکەبەر و سەرەکیی ئەو وڵاتە_ کۆماریخواز و دێموکڕاتەکان کە رێکخراوگەلێکی زۆر بەهێز و تۆکمەن و چالاکییەکی بەربڵاویان لە کۆنگرێس و کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە هەیە _ هەر چوار ساڵ جارێک بۆ بەڕێوەبردنی رکەبەریی هەڵبژاردنەکاندا وەک رێکخراوگەلێکی نیشتمانیی چالاک خۆیان رێک دەخەن. هەڤرکیی هەڵبژاردنەکان لە سیستمێکی خەڵک سەروەر و دێموکراتدا زۆرجار کاتگر و پڕتێچوو و، هیندێ جاریش گەمژانە دێتە بەرچاو، بەڵام ئەوانە بەرپرسیارەتی و ئەرکێکی گرینگ و جیددییان لە ئەستۆیە کە خستنەڕووی شێوازێکی دادپەروەرانە و ئاشتیخوازانەیە کە خەڵک لەو رێگەیەوە بتوانن رێبەرانی خۆیان هەڵبژێرن و سیاسەتی گشتیی وڵات دیاری بکەن.

### گرووپە خاوەن بەرژەوەندی و رێکخراوە ناحکومییەکان

لە هەر وڵاتێکی دێموکڕات و خەڵک سەروەردا هەر هاووڵاتییەک لەوانەیە ئەندامی هیندێک لە رێکخراوە خۆبەخش و تایبەتەکان و یەک لەوان ئەو گرووپە خاوەن بەش و خاوەن بەرژەوەندییانە بێ کە تێدەکۆشن بە جۆرێک کاریگەری لە سەر سیاسەتە گشتییەکانی وڵات دابنێن و کاربەدەستانی وڵات ناچار بە بە گوێگرتن و شوێنکەوتوویی خۆیان بکەن.

لەوانەیە رەخنەگران کارتێکەری و دەسڕۆیشتوویی « گرووپە تایبەتەکان» بدەنە بەر رەخنە، بەڵام گرینگ ئەوەیە هەموو هاووڵاتیان دەزانن کە هەر حکوومەت و دەسەڵاتێکی گەلێ داکۆکی لە مافی ئەو گرووپە خاوەن بەرژەوەندییانە بۆ رێکخستن و بەرگری لە ئامانجەکانیان دەکا.

زۆرێک لە گرووپە نەریتییەکانی گوشار لە چوارچێوەی پرسە ئابووری، بازرگانی و کشتوکاڵەکاندا خۆیان رێک دەخەن و هەروا لە زۆربەی دەسەڵاتە خەڵک سەروەرەکاندا یەکیەتییە کرێکارییەکان دەسەڵات و دەسڕۆیشتوویی زۆریان هەیە. لە هەرحاڵدا چییەتی و نێوەڕۆکی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان و ژمارەی ئەو گرووپانە لە دەیەکانی رابردوودا یەکجار پەرەی سەندوە و بلاو بۆتەوە، بە جۆرێک دەکرێ بڵێی کە ئەوان دەستیان بە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کلتووری، سیاسی و تەنانەت چالاکییە ئاینییەکانیش داگرتوە.

رێکخراوە پیشەیی و پرۆفیشناڵەکان وێڕای گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان لە سەر ئەو ئامانجە تایبەت و دیاریکراوانە- وەک چاوەدێرییە پزیشکییە پێشکەوتووەکان بۆ بێ ئەنواکان و پارێزگاری لە ژینگە- دامەزراون کە داهاتەکەی لەوانەیە راستەوخۆ بە ئەندامانی ئەو رێکخراونە نەبڕێ. حکوومەتەکانیش لەوانەیە وەک گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان دەربکەون، وەک ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبینین کە ئەنجوومەنی قایمقامەکانی ویلایەتەکان و سەرۆکی شارەوانیی شارە گەورەکان و هەروەها دەزگای یاسادانەری ویلایەتەکان لە هیندێک بابەتدا راستەوخۆ لەگەڵ کۆنگرێسی ئەمریکا دەکەونە کار تا قورسایی خۆیان لە سەر یەکلاکردنەوەی پرسە پێوەندیدارەکان دابنێن.

میکانیزم و ئالییەتی سیاسەتی گرووپەکانی گوشار دەکرێ و لەوانەیە ئاڵۆز بێ و لێرەیدا ئەوی گرینگە ئەژمار و رەقەمەکانە. ئەو گرووپانە زۆرتر راو و سەرنجی کاربەدەستان بۆ لای خۆیان رادەکێشن کە لە ئاستی وڵاتدا دەسڕۆیشتوویی و لایەنگری زۆرتریان هەیە، بەڵام زۆرجاریش گرووپە چووکەتر یان رێکخراوە تۆکمەکان کە بە توندی دەروەستی پرسە پێوەندیدارەکانی خۆیانن، کاریگەرییان لە سەر پرسە گشتییەکانی کۆمەڵگە و هەروەها کاربەدەستان زیاترە.

دروستبوونی رێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەوتییەکان یەکێک لە پێشکەوتنە هەرە گرینگ و بەرچاوەکانی چەند دەیەی رابردوو بووە. ئەو رێکخراوانە لە تێکۆشانی خۆیان بۆ دابینکردنی نیاز و پێداویستییەکانی نەتەوەیەک، کۆمەڵگەیەک، یان ئامانجێک تێدەکۆشن کە لەوانەیە پێناسەیەکی جیهانی هەبێ و، لە رێگەی داکۆکی، بارهێنان و پەروەردە کردن و هەروەها راکێشانی سەرنجی گشتی بۆلای پرسە گرینگە نیشتمانییەکان و چاوەدێری بە سەر کارو کردەکانی حکوومەت و کەرتی تایبەت توانیویانە رۆڵیان لە تەواو کردن و کامڵکردنی پرۆژە و ئەرکەکانی حکوومەت دا هەبێ و تەنانەت پرسیار و گومانیان بخەنەر سەر.

حکوومەت و رێکخراوە ناحکومییەکان گەلێ جار وەک شەریک و هاوبەشی یەکتر هاوکاریی دوولایەنەیان لەگەڵ یەکتر هەیە. لەوانەیە لەو پڕۆژانەی کە حکوومەت کاری وەبەرهێنانیان تێدا دەکا، رێکخراوە ناحکومییەکان بە دابینکردنی هێزی پسپۆڕ و کارامەی پێویست کار بۆ سەرخستنی ئەو پڕۆژانە بکەن.

رێکخراوە ناحکومییەکان لەوانەیە هیچ ئینتیما یان بەسراوەیی سیاسییان بە کەسەوە نەبێ و یان لەوانەیە لایەنگری ئامانجە گرووپییەکان و پێوشوێنی ئامانجێکی تایبەت یان کۆمەڵە مەبەست و ئامانجێک بن کە لە بەرژەوەندیی گەل دایە. بەڵام خاڵی گرینگ و بنەڕەتی لە هەر هەلومەرجێکدا ئەوەیە کە رێکخراوە ناحکومییەکان لە ژێر کەمترین چاوەدێریی سیاسیی حکوومت و دەسەڵاتدا درێژە بە کار و چالاکییەکانیان دەدەن.

---

### سازمانی دێموکراتیکی یارسان بە بۆنەی یادی ٦٧ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە پەیامێک دا بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سازمانی دێموکراتیکی یارسان وێڕای پیرۆزبایی بە بۆنەی ٦٧ ساڵەی دامەزراندنی حیزبەوە، هیوای لە دەوری یەک کۆبوونەوەی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەخوازیت.

دەقی پیرۆزبایی سازمانی دێموکراتیکی یارسان بە بۆنەی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

بەڕێز دەفتەر سیاسی حێزب دموکرات کوردستان


بەڕێزگەڵ ئەندامان کومیتەێ مەرکەزی و دەفتەر سیاسی حێزب دموکرات کوردستان، هاتن ٢٥ گەلاوێژ ٦٧ مین ساڵوەگەڕ دامەزرانن حێزب دموکرات کوردستان وە ئێوە و سەرجەم ملەت کورد پیرۆزبایی ویشیم. لە هەلومەرجێک حزب دموکرات مەوجودیەت خوەێ ئعلام کرد کە کوردستان ئێران لە نائومێدێکی فەراوان بی ئەڕا دەفاع لە مافەکان ملەت کورد لەو بەشە. ٢٥ گەلاوێژ چراخێک بی لەو بەشە ئەڕا ڕوشنا کردن دڵ ملەت کورد کە تاریکی، نائومێدی باڵ کیشاویە سەرێا. لە ٦٧ ساڵ مبارزەێ پرشنگدار حێزب دموکرات هەزاران کەس ئەڕا دەفاع لە ئازادی ملەتەکەمان گیانێان لە دەس دانە و فرە کەسێچ بەشێک لە ئەندامێان بەخشینەسە ئازادی ملەتەکەمان. سازمان دمۆکراتیک یارسان وە بۆنەێ ٦٧ و مین ساڵڕوژ دامەزرانن حێزبەکەتان پڕ وە دڵ پیرۆزبایی لە لیتان کەێت و ڕێز و هورمەت هەنێرێ ئەڕا کەسانێک کە لە ڕێز حێزبەکەتان گیانێ بەخت گردگە یان بەشێک لە ئەندامێ لە دەس داس و ئەو کەسانەیچ هان لە سیاچالەکان ڕژیم جمهوری ئسلامی.

سازمان دمۆکراتیک یارسان ئارەزو کەێت کە ٢٥ گەلاوێژ بکریتە ڕوژ یەک قەبۆل کردن و گشت هێزە سیاسیەکان گورە پان مبارزە لە کوردستان ئێران بتوانن وە باوشێکی ئاواڵە لە دەور یەک جەم بۆون ئەڕا ئازادی ئێران وە گشتی و ملەت کورد وە تایبەتی.

جارێکتر ٢٥ گەلاوێژ لە گشتمان پیروز بۆو.

**سازمان دێموکراتیک یارسان**
**کومیتەی مەرکەزی**
**٢٠١٢/٨/١٧**

# ڕوانینی ناوەندگەرایانە و وڵاتی فرەنەتەوە



مەسعوود فەتحی

لە ٣٣ هەمین ساڵیادی هێرشی دڕندانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، پێویستە بزانین هەتا ئێستا پرسی کورد، لە لای ناوەندگەراکان بەگشتی تا چ ڕادەیەک وەک پرسێکی ئێرانی ناسراوە؟ یان با بڵێین ئاخۆ ئەوان ئەو پرسە بە پرسی خۆیان دەزانن؟

لێرەدا ئاماژە بە هێندێک بابەت و تێبینی دەکرێ کە هەڵوێستە کردنی ناوەندگەراکانی ئێرانی لەو بارانەوە سەرنجڕاکێشە و لە خۆیدا هەڵگری ئەوەن کە ئەوە ناوەندگەراکانن کە پێش هەر کەس و لایەنێکی دیکە گەلی کورد و نیشتمانەکەی واتە کوردستان بە ئێرانی نازانن، دیارە ئەم پرسە تەنیا لەهەمبەر گەلی کورد قەتیس نابێتەوە ، بەڵکو گەلانی تورک و عەرەب و بەلووچیش دەگرێتەوە، ، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە وتارێکدا ناکرێ پرسی هەموو ئەو نەتەوانە بخرێنە بەر باس، تەنیا لە ئاستی کوردستاندا ئاماژە بەو پرسە دەکەم.

پرسی نەتەوایەتیی گەلی کورد پرسێکی لە مێژینەیە کە پێویستی بە شیکردنەوەو لێکدانەوەیەکی زۆر هەیە، بە گشتی لەو کاتەوە کە وڵاتی ئێران وەک جۆغرافیای یەک نەتەوە پێناسە کرا و حاشا لە بوونی نەتەوەی جۆراوجۆر لە ئێراندا کرا هەتا ئێستا لەو پێوەندییەدا دەیان هەزار مرۆڤ گیانیان لە دەستداوە، بەڵام بەردەوام دەسەڵاتی ئێرانی خۆی لە چارەسەری ئاشتیانە بواردوە. پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییش، سەرەڕای هەوڵی زۆری لایەنی کوردی بۆ چارەسەری سیاسی و ئاشتیانەی ئەو پرسە، بەداخەوە ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی هێرشی نیزامی کردە سەر کوردستان و شەڕێکی خوێناوی کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە، بەرۆکی بە گەلی کورد گرت. کەوابوو ئەگەر بمانهەوێ لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بۆ وەڵامی پرسیارێک بگەڕێین کە ئاخۆ گەلانی کورد و تورک و بەلووچ و عەرەب دەتوانن لەو وڵاتە وەک هاووڵاتی پلە یەک و لە ئاشتیدا پێکەوە بژین؟ تەنیا بە چاوخشاندنێکی سەرەتایی بە کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی بەو ئاکامە دەگەین کە ئەوە تەنیا بە ڕووخانی ئەو دەسەڵاتە دەتوانێ مسۆگەر بێ، بەڵام ئاخۆ ئەوانەی پاش کۆماری ئیسلامییش لە ئێران خاوەن دەسەڵات دەبن و دەبێ وڵات بگەیەننە ئاشتی و ئارامی، کێن؟ بەشێک لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان و تەنانەت بەشێک لە کەسایەتییەکانیش کە ئێستا لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران ، وەک دژبەری کۆماری ئیسلامی دەناسرێن، لە کەیسی خوێناویی کوردستان دا تاوانبارن و پێویستە لە دادگایەکی عادلانەدا وەڵامدەر بن. لە بواری ئیدئۆلۆژی و سیاسییەوە هیچ خوێنێکی تازە نەهاتووەتە نێو دەمارەکانی لایەنی ناوەندگەرای ئێرانی، واتە ڕەوتێکی تازەی فکری و سیاسییش نەهاتوەتە گۆڕێ کە بڕوای بە فرەچەشنیی سیاسی هەبێ، یان ئەگەریش هاتبن هێندە لاوازن کە دەنگیان ناگاتە سەرووی دەنگی پاشایەتی خوازەکان (سلطنت طلبان)، مەشرووتە خوازەکان، موجاهیدین، و بزووتنەوەی سەوز و ... . ئاشکرایە کە هیچکام لەم لایەنانەش نایانهەوێ مافی گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی ڕەچاو بکەن. ئەوان هەر توانای بەرهەم هێنانەوە و سەر لەنوێ خوێندنەوەی خۆیان هەیە. هەر بۆیە هەتا ئێستاش لە سەر یەک نەتەوە بوونی ئێران پێداگری دەکەن و لە هەموو ئامرازێک لەو پێوەندیەدا کەڵک وەردەگرن، بۆ وێنە لە چەواشەکارییەکی ئاشکرادا لە ڕێگەی ماڵپەڕ و ڕاگەیانەکانیانەوە فێدراڵیزم بە جیاییخوازی دەزانن و دژایەتی دەکەن. بەشێکی زۆر لەوانە هێشتاش لە خەونی ئیمپراتۆرییەتی پارس دان و گەلانی کورد و تورک و عەرەب و بەلووچ بە سنوورپارێزان (مرزداران غیور ایران)ی خۆیان دەزانن! بە کورتی لە دیموکراسییش خوێندنەوەیەکی ناوەندگەرایانەیان هەیە. هەر بۆیەش هەتا ئێستا ئۆپۆزیسیۆنێکی گشتگیر و سەرانسەری (بە پانتایی جوغرافیای ئێران )لە ئارادا نەبووە، هەتا بتوانێ خۆی بە جیهان و بە خەڵکی وەزاڵەهاتووی نێوخۆی وڵات، وەک ئاڵترناتیڤێ جیددی پێناسە بکا. ئەو لایەنانە زۆر جار سیاسەتی هێرش و سەرکوتی کوردان لە لایەن سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامییەوە تەئیید دەکەن و بە کردەوەیەکی بە جێ و ڕەوای دەزانن!

لەم ساڵانەدا دەکرا لایەنێکی سێهەم لە نێو ناوەندگەراکان هاتبانە مەیدانەوە کە بیانتوانیایە وەک پردێکی پێوەندیی نێوان هەر دوو لایەنی کێشەکە، واتە ناوەندگەراکان و نەتەوە بندەستەکانی ئێران، هەوڵی لێک تێگەیشتن و نزیک بوونەوەیان بدایە و لەم پێوەندیەدا خاڵە هاوبەشە مرۆییەکانیان بکردایە بە بنەما، بۆ داهاتوویەکی پڕ لە هێمنی و ئاشتی، بە واتایەکی دیکە دەبوو ئەوانیش هەوڵیان بدایە بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی خۆیان لە مافە سیاسی، مەدەنی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتوورییەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران، بەم جۆرە هەم لە ڕاستای بە کولتوور کردنی ئەو مافانەدا هەنگاویان هەڵبگرتایە و هەمیش بە کردەوە نیشانیان بدایە کە هەموان بۆیان هەیە مافەکانیان پارێزراو بێ.

بەڵام بەداخەوە ئەو هەڵوێستە نێگاتیڤانە تەنیا لە ئاستی سیاسیدا قەتیس نەبووە و لە زۆرترین بەشی کۆمەڵگەی مەدەنیی ناوەندگەراکانی ئێرانیدا بوونی هەیە. بەواتایەکی دیکە ئەوە تەنیا نوێنەرانی سیاسیی ئەو کۆمەڵگەیە نین کە ڕێز لە ئێرادەی نەتەوە بندەستەکان ناگرن، و نایانهەوێ لە ڕاستای پێکەوە ژیانی ئاشتیانەدا هەنگاوی ئەرێنی هەڵبگرن، بەڵکوو زۆر لە چالاکانی مەدەنی و تەنانەت چالاکانی مافی مرۆڤیش بە بێ هەڵوێستی و بێدەنگی لە هەمبەر مافە پێشێلکراوەکانی گەلی کورد، مرۆڤ بەرەورووی ئەو پرسیارە دەکەنەوە کە ئاخۆ مافی مرۆڤ هەر تەنیا بۆ نەتەوەی باڵادەست و ناوەندگەراکانە؟

بۆ وێنە ٢٩ ڕێکخراوی مافی مرۆیی کە بەشێکی بەرچاویان فارس و ئێرانی بوون، لە ڕێکەوتی ٢٢ی مارسی ٢٠١٢، وێڕای شیرینی عیبادی (چالاکی مافی مرۆڤی ئێرانی کە خەلاتی ئاشتیی نۆبێلی وەرگرتوە) لەنامەیەکدا بۆ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان وێڕای ئاماژەی ورد بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران و بارودۆخی زیندانیانی سیاسی، داوایان کرد بۆ ساڵێکی دیکەش «ئەحمەد شەهید» وەک ڕاپۆرتنێری مافی مرۆڤ لە ئێران هەڵبژێردرێتەوە، بەڵام لەو نامەیەدا تەنانەت یەکجاریش ناوی کورد نەهاتبوو! ئەمە لە حاڵێکدایە کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان بە نیسبەت شوێنەکانی دیکە دووقات و چەن قاتە، هەر لەم مانگەشدا پتر لە ١٩٠ چالاکی سیاسی، مەدەنی و چالاکی مافی مرۆڤ، ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند و.... نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە بارودۆخی زیندانیانی سیاسی لە ئێران ڕەچاو بکرێ، لەو نامەیەدا ناوی زۆرترین زیندانیانی فارسیان هێنابوو و باسی سەرکوتەکانی پاش هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماریی ئێران کرابوو، بەڵام پرسی نەتەوەکانی ئێرانی تەنیا لە ئاستی ئاماژە بە (وەک خۆیان دەڵێن) «ستەمی قەومییەتی»دا، هاتبووە بەر باس، تەنانەت ناوی بەڕێز کەبوودوەند کە زیندانییەکی سیاسی و چالاکێکی ناسراوی مافی مرۆڤە لەو نامەیەدا نەهاتبوو. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ٢٣ زیندانی سیاسیی کورد لە ئێران بە ئێعدام مەحکووم کراون و هەموو کاتێک ئەگەری ئێعدام کردنیان هەیە. لە کوردستان هێشتا ڕۆژانە کاسبکارانی کورد لە سنوورەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکوژرێن ، تەنانەت ژینگەپارێزانی کورد ڕاپێچی زیندانەکان دەکرێن. خۆ ئەگەر ئەو بەڕێزانە ڕوانگەیەکی مرۆییان هەبووایە دەبوو پرسی هەموو ئەو مرۆڤانە لەبەرچاو بگرن. ئەو پرسە تەنیا لە ئاست مرۆڤی کورد دا قەتیس نەبووە بەڵکوو نیشتمانی کوردەکانیشی گرتووەتەوە.







ئەوە چەند ساڵی بەردەوامە کە دارستانەکانی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە ئاگر دەدرێن. سووتاندنی ئەو دارستانانە ئامانجگەلێکی سیاسییان لەپشتە کە لێرەدا ئاماژە بە دوو ئامانجی سەرەکیی ئەو کردەوە نامرۆییە دەکەم.

الف) کوردستان ناوچەیەکی سەرسەوزە و ئەمەش سەرنجی گەشتیاران بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و هاوکات بەشی زۆری داهاتی دانیشتووانی ناوچەکە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ گرێدراوی ژینگەی کوردستانن ، کەوابوو ئامانجی سەرەکی لەو تاوانە ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بە تەواوی گرێدراوی ڕێژیمی ئێران بن.

ب)ئەو ناوچانەی ئاگر دەدرێن ناوچەگەلێکن کە خەباتی چەکداریی کورد لەو شوێنانە تۆمار کراون ، هەر بۆیە لە ئەگەری گەشانەوە و سەرهەڵدانەوەی ئەو شێوازە لە خەبات ئەو ناوچانە سەنگەری ستراتیژیکی گەلی کوردن.

ئەوەی لێرەدا سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە وێڕای ڕێژیمی ئێران ، ناوەندە ژینگەپارێزەکانی ئێرانیش خۆیان بە خەمخۆری ئەو بەشانەی نیشتمان نازانن و هەتا ئێستاش چ هەڵوێستێکیان بە مەبەستی پێشگیری، کۆنترۆڵ و کوژاندنەوەی ئاگرەکان لە خۆیان نیشان نەداوە! تەنانەت ڕاگەیەنە فارسییەکان خۆیان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی پێوەندیدار بەو کارەساتانە بواردوە، ئەمەش دەرفەتی ڕەخساندوە بۆ ڕێژیمی ئێران کە وەک عورف و نەریتی داگیرکەری درێژە بەو تاوانە بداو ژینگەپارێزانی کورد بە تاوانی خەمخۆری بو ژینگەی کوردستان، کە سامانی هەموو مرۆڤایەتییە، زیندان و مەحکووم بکا. لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ ، ئەگەر ئەو بەڕێزانە کوردستان بە بەشێک لە وڵاتی خۆیان دەزانن هۆکاری ئەو بێدەنگیانە چین؟ مەگەر وڵات بەچی دەڵێن؟ هەر لە زمانی فارسیشدا نیشتمان «وطن» بە شوێنێک دەڵێن کە مرۆڤ لەوێ ژیان دەکا، لە زمانی ئینگلیسیشدا وڵات «Motherland»و «Fatherland» و بە وشەی «Home» دەناسرێتەوە کە بە واتای «ماڵ» یان «خانوو» دێت.

ئەگەر دیمەنێک لە نیشتمانێک کە لە حاڵی سووتاندایە وێنا بکەین، هاوکات هەڵوێستی ئەوانیش بە نیسبەت ئەو نیشتمانە هەڵبسەنگێنین بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کە ئەوان کوردستان بە وڵاتی خۆیان نازانن. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەندامانی ئەنجومەنی چیا لە ژێر گوشاری دەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامیدا و بە سەرەتاییترین ئامرازەکانەوە ، بەردەوام خەریکی کۆنترۆڵ و کوژاندنەوەی ئاگرەکانن.

**کۆکردنەوە:**

لە هەڵوێستی ناوەندگەراکانی ئێرانیدا ڕوونە کە ئەوان کوردستان بە وڵاتی خۆیان و کوردستانی بە هاووڵاتی خۆیان نازانن.


١_داواکانی گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێران لە چوارچێوەی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ دایە، بەڵام ئەم داواکاریانە لە لایەن نوێنەرانی سیاسیی کۆمەڵگەی ناوەندگەراوە، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات، ڕەچاو ناکرێ و دانی پێدا نانرێ.

٢_ نوێنەرانی مەدەنیی ئەو کۆمەڵگەی ناوەندگەرای ئێرانی و چالاکانی بواری مافی مرۆڤیش، پێوەرە مرۆیی و ئەخلاقییەکان بە نیسبەت پرسی مرۆڤی کورد ڕەچاو ناکەن. تەنانەت لەهەمبەر بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانەکانی ڕێژیم لە کوردستان، ڕەوشی بایکۆت کردنیان هەڵبژاردوە کە دەکرێ لە خانەی دژایەتیدا دابنرێ (لەئاست گەلانی تورک ، عەرەب و بەلووچیشدا هەر بەو جۆرەیە).

٣_ ئەوان تەنانەت کوردستان بە نیشتمانی خۆیان نازانن و لە ئاست ڕەوشی مەترسیداری ژینگەی کوردستان بێدەنگییەکی واتاداریان هەڵبژاردوە

بەم پێیە هاووڵاتی بوونی کورد بۆ ناوەندگەراکان تەنیا دەچێتە خانەی دژکردەوەیەکی سیاسی لە هەمبەر داخوازەکانی گەلەکەمانەوە، دەنا چ پارامێترێکی دیار بۆ ئەو چەمکە ، بەتایبەت لە ئاستی کردەوەدا بەدی ناکرێ.

# ئەو شەوەی چارەنووسی تێکۆشەری ناودار،عومەری قازیی گۆڕی





قادر وریا

لە مێژ ساڵە دەمەوێ لە ١٦ی گەلاوێژێک دا یادی تێکۆشەرێک بکەمەوە کە سەرەڕای ڕابردووی درێژی لە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی حیزبی دیموکرات و نەتەوەکەی و سەرەڕای ئەو هەمووە ڕەنج و زەحمەتەی لە ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و ئازادیی نەتەوەی کورد دا داویەتی، تا ئێستاش حەسانەوەی بە خۆیەوە نەدیوە. تا ئێستاش بە داخەوە ئاواتەکەی لە تەواوەتیی خۆی دا نەهاتۆتە دی، و لەچەند پارچەی کوردستان، تەنیا یەکێکیانی بە ڕزگاربوویی دیوە، بەو حاڵەش بە پیرە سەرییش ناهێڵن وەحەسێ و بە ئاسوودەیی لە ماڵەکەی خۆی و لە شارەکەی خۆی دا دابنیشێ.

باسی کاک عومەری قازی دەکەم. بۆیەش لە ١٦ ی گەلاوێژێک دا دەمەوێ یادێکی لێ بکەمەوە، چونکە لە شەوی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٦٢ی هەتاوی دابوو کە مەسیری ژیانی کاک عومەر گۆڕا.

هاوینی ١٣٦٢ی هەتاوی بوو. من و چەند هاوڕێیەکی یەکیەتیی لاوان بۆ گەشت و گەڕانی تەشکیلاتی و تەبلیغاتی لە ناوچەکانی شنۆ و نەغەدە بووین. دەمانەویست بگەڕێینەوە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە. بەڵام نەک بە ڕۆژ بەڵکوو شەوانەش پەڕینەوە لە ڕێگای نەغەدە- پیرانشار بە زەحمەت بوو، چونکە ماوەیەک بوو بە شەو هێز بۆ بەرەکانی شەڕی ئێران و عێراق لە ورمێ را ڕەوانە دەکرا،هەر بۆیە بە شەویش لە سەر ڕێگا سەرەکییەکان تەئمینی جادەیان دادەنا. دەورووبەری ١٢-١٣ی گەلاوێژ بوو کە لە دەورووبەری قەلاتان و زەلیلان تووشی ١٠-١٢ کەس پێشمەرگەی کۆمیتەی ورمێ بووین. ئەوان هەموو ئەسپیان پێ بوو. کاک عومەری قازییشیان لە گەڵ بوو. کاک عومەر کە تا ئەو کات بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی ورمێ بوو، ماوەی کارکردنی لە وێ تەواو ببوو و دەیەویست بگەڕێتەوە بۆ دەفتەری سیاسیی حیزب. پێشمەرگەکان بۆ هێنانی تەقەمەنی لە دەفتەری سیاسی دەچوون و هەر لەو کاتە دا کاک عومەری قازییشیان دەگەیاندەوە دەفتەر. ئێمە، تیمی یەکیەتیی لاوان کە ٣-٤ کەس بووین، لە گەڵ ئەو هاوڕێیانە چەند شەو و ڕۆژێک لە دێیەکانی زەلیلان، حەسەننووران، دێشەمس ، چواربۆت و وەزنێ پێکەوە بووین. لە ڕاستیدا چاوساغیان ئێمە بووین. سەرەنجام بڕیارمان دا شەوی ١٦ی گەلاوێژ کە مانگەشەوێکی خۆش بوو لە دێی وەزنێ را بە نێو دێمە و زەوی و زاری دێهاتی تورکنشینی ئەو نێوەدا وەڕێ کەوین و لە جادەی ورمێ –مەهاباد بپەڕینەوە و بچینە «گۆلێ» و «گردەقیت». لە نزیک دێی تورکنشینی «یادگاریان»هێشتا مابوومان بگەینە سەر جادەی ورمێ- مەهاباد کە سەفەکەمان ڕاگرت و هەر کامێکمان لە جێی خۆمان ڕاوەستاین. دوو کەسی پێشەوەمان نارد بچن جادەکە تاقی بکەنەوە تا بزانین کەمینی لێیە یا تەئمینی جادە هەیە یان نا؟ کاک عومەر کە بە سواری بوو لە دواوەی سەفەکە بوو. سەرەنجام

ل ١٠

# ناسیۆنالیزمی ئێرانی و مافی مرۆڤ

بێهنام دارایی‌زادە

وەرگێران بۆ کوردی: ڕێبوار مەعروف زادە

دامەزراوەی دەسەڵات لە ئێران دەزگایەکی سەرکوتکەرە و ڕێز لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییە مەدەنییەکانیش ناگرێ. ئاخۆ ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان توانیویانە خۆیان لە سیاسەتە سەرکوتکەرەکانی ئەو دامەزراوەیە بە دوور بگرن؟ ڕۆڵی دەوڵەتی ناوەندی لە بەهێزترکردن و پەرەگرتنی هەستە ناسیۆنالیستییەکان لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دواییدا چ بووە؟

ئاخۆ لایەن و هێزە ناسیۆنالیستییەکان بە پشت بەستن بە بڕوا بنەڕەتییەکانی خۆیان دەتوانن مرۆڤی ئێرانی لەو دۆخەی تێی کەوتووە ڕزگار بکەن؟ لە بنەڕەتەوە هزری ناسیۆنالیستی چ پێوەندییەکی لەگەڵ مافی مرۆڤ هەیە؟

ئاخۆ بیرۆکە ناسیۆنالیستییەکان دەتوانن یارمەتیدەری باشتربوونی دۆخی کار، ژیان، خۆشبژێوی، ئاشتی، هێمنی و لابردنی هەڵاواردن بن؟

**سیستێمی ئیسلامی و ناسیۆنالیزم**

هەموو ئەو پرسیارانەی لە سەرەوەدا هاتوون ئاماژە بە هەلومەرجی زاڵ بە سەر ئێراندا دەکەن. زیاتر لە سێ دەیە لە تەمەنی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی بە سەر ئێراندا تێدەپەڕێ. لە یەکەم دەیەی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ ئەوەدا کە کۆماری ئیسلامی لە شەڕێکی دژوار لەگەڵ دراوسێ «عەرەب»ەکەی خۆیدا بوو، بەڵام بە دەگمەن ئامادە بوو لە پوتانسیەڵی بە قەول نەتەوەیی_ نیشتمانی لە پێناو ڕەوایی دان بە سیاسەتەکانی خۆی کەڵک وەربگرێ.

کۆماری ئیسلامی لە دەیەی شەستدا، لە سەر بنەمای بەها جەوهەری و ئیدئۆلۆژیکییەکانی خۆی ئەوەندەی دەسەڵات و کاریزما هەبوو کە پێویستییەکی بە سیاسەت یان ڕێکارە تەبلیغاتییەکان نەبێ. کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی شەست دا، خۆی لە دۆخێکی بەهێزدا دەدی و لە پێوەندی لەگەڵ سەرکوتی بەردەوامی هێزە سیاسییەکان و گۆشارە دەرەکییەکانیش نیگەرانییەکی کەمی هەبوو. هەر ئەوەش دەبووە هۆی ئەوەی کە، لە هێنانە گۆڕی دروشم یان سیاسەتە تاکتیکی و درێژخایەنەکانی، ترسێکی نەبێ.

کردەوە و بڕیارگەلێک وەک درێژەدانی شەڕ، کوشتنی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی، تیرۆرەکانی دەرەوەی وڵات، دەرکردنی فتوای کوشتنی سەلمان ڕوشدی و ... هەر هەموویان دەتوانین لە چوارچێوەی ئەو جۆرە تێگەیشتن و لۆژیکەدا ئانالیز بکەین. پێدەچێ کە نکۆڵی کردنی نەتەوەگەرایی و وەلانانی هەستی نەتەوەیی_نیشتمانییش، وەک سیاسەتێکی عەقڵانی و داڕێژراو، هەر لە چوارچێوەی ئەو جۆرە متمانە بە خۆبوونەدا لێک بدرێتەوە. سیستمێکی سیاسی کەمتر ئامادە دەبێ لە دۆخی شەڕدا، پەرە بە هەستی ناسیۆنالیستی نەدا، بە تایبەتی ئەگەر ئەو ڕێژیمە ڕێز لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی نەگرێ و ڕەوایی خۆی لەو ڕێگەوە دەستەبەر نەکا، بەڵام کۆماری ئیسلامی تا ڕادەیەکی زۆر ئەو کارەی کرد. خۆمەینی و لایەنگرەکانی گومانێکیان لە نکۆڵی کردنی نەتەوەگەراییدا نەبوو و بیروبڕوای ناسیۆنالیستییان بە پێویست نەدەزانی. ئەوان نەتەوەگەراییان بە بەشێک لە ئیدئۆلۆژیی فەرمیی حکومەتی پەهلەوی دەزانی کە دەبێ بە دژی خەبات بکرێ. ئەو ڕەوتە، هەرچەند لە ساڵەکانی دواتردا هێندێک کاڵ ببووە، بەڵام کەم تا زۆر تا نیوەی دەیەی هەفتا، بەشیکی گرینگ لەو بۆچوونە بە لانیکەم لە چوارچێوەی سیستمی ئامووزش و سیاسەتە فەرهەنگییەکاندا دەبینرا. لە بەرامبەر ئەو سیاسەتانەدا، بەها و بڕوای ناسیۆنالیستی لە بەستێنی گشتیدا بوون بە پەناگەیەک کە بەشێک لە چینی مامناوەندیی ئێران بتوانێ بە کەمترین تێچوو، «شۆناسی جیاواز»ی خۆی لە دەسەڵاتدارێتیی ئیسلامیدا دەربخا. شۆناسێک کە هەرچەند ئاسان بە دەست دەهات و تێچوویەکی سیاسیی تایبەتی هەڵ نەدەگرت، بەڵام بۆ زۆرێک لە خەڵک وەک بەڕێوەبردنی ئەرکی کۆمەڵایەتی بوو و دەیتوانی مەرهەمێک بێ بۆ برینەکانی دەیەی شەست.

چینی مامناوەندیی ئێران گەورەترین قوربانی دەیەی شەست بوو، چینێکی بێ پەنا کە بەها و بڕواکانی لە هەموو لایەکەوە، لە لایەن دەسەڵاتدارێتی کۆنەپەرستییەوە نکۆڵی لێکرا و بژاردە سیاسییەکانیش یان وەبەر سەرکوت کەوتن یان کۆچ و ئاوارەییان هەڵبژارد.

**ناسیۆنالیزم و چینی مامناوەندیی ئێران**

لە ساڵەکانی نێوان دەیەی ١٣٦٠ و ١٣٧٠دا کردەوەگەلێکی بچووک و سادە وەک هەڵبژاردنی ناوی ئێرانی بۆ منداڵان یان لایەنگری لە ئامۆژگارییەکانی ئایینی_ئەخلاقیی زەردەشت، بەرچاو بوو. خەڵک بە شێوەیەکی جیددی ڕێورەسمەکانی چوارشەممەسووری، جەژنی سەدە، مێهرگان و ...ی بەڕێوە دەبرد، ڕێورەسم گەلێک کە ڕێورەسمی «ئێرانی» بوون و بەڕێوەبردنیان جۆرێک «لاساری» بەرامبەر بە دەسەڵاتدارێتی دەهاتە ئەژمار. بایەخدان بە مێژووی پێش ئیسلام یان ئەوەی وەک «گەورەیی ئیمپراتووریی ئێران» و «دەسکەوتەکانی کورووشی مەزن» ناویان لێ دەبرد بەشێکی دیکە لەو بایەخ دانە بوون. واپێدەچێ کە لە دەیەکانی دواییدا، نەتەوەگەرایی و گرینگی دان بە بەها نەتەوەیی_نیشتمانییەکان وەک شێوازێکی شۆناسخوڵقێن دەرکەوتوە کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیاسەتە کولتووری_کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵاتدا، جۆرێک لە دانی «پەیامی سیاسی» یان «نارەزایەتی دەربڕین» بێ.

تایبەتمەندیی دیاری ئەو کردەوە گرووپییانە ئەوەیە کە یا لە بنەڕەتەوە تێچوویەکیان نییە یان کەمترین تێچوو هەڵدەگرن. لە نێو پێکهاتە سیاسییەکانی داخراودا کە مەجالی سەرهەڵدانی ئاشکرای دژایەتیی سیاسی بوونی نییە، ئەو جۆرە دژایەتییانە یان ئەو جۆرە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی دەسەڵات، بەرجەستە دەبێ و خەڵک ڕوو دەکاتە بە کارهێنانی بەها یان هێماگەلێک کە دەسەڵات کێشەی لەگەڵیان دا هەیە یان بە گشتی ئەو هێمایانە ڕەت دەکاتەوە.

هەڵبەت هەمیشە مەجالی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارێتیدا نییە. سەرەڕای ئەوەی کە هەستی ناسیۆنالیستی هەستێکی بەهێزە و دەبێ بە هێمنی مامەڵەی لەگەڵ بکەین، ئەو جۆرە هەستانە بۆ پێکهاتە تۆتالیتێرەکانیش دەتوانن بەسوود بن. ئەو جۆرە هەستانە، لەو ڕوانگەوە کە جەماوەرێکی بەرین دەگرێتەوە، بە باشی دەتوانن لە چوارچێوەی سیاسەتە پۆپۆلیستییەکانی دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکاندا جێ بگرن. کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی و خاتەمیدا، لانیکەم لەو بەشانەی دەسەڵات کە پێوەندییان بە دەوڵەتەوە هەیە، نەیدەویست نیشان بدا کە مەودایەکی زۆری لەگەڵ بەها نەتەوەییەکاندا هەیە. لە سەردەمی ڕەفسەنجانیدا هەوڵ درا کە لایەنی ئابووری، ئاوەدانکردنەوە و پرۆژە عومرانییەکانی وڵات قەبە بکرێتەوە. دەوڵەتی خاتەمیش هەر لە بنەڕەتەوەو بەشێک لە بوون و ڕەوایی خۆی، قەرزداری هێزە نەتەوەییەکان و هێنانەئارای هێندێک دروشمی وەک « ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان» و ... یە، بەڵام لە سەردەمی ئەحمەدی نێژاد ئەو بابەتە ئاڵوگۆڕی بە سەردا هات و شکڵێکی جیددیتری بە خۆیەوە گرت. وا پێدەچی لە کاتی ئاشکرابوونی بەرنامەی ناوکی ئێرانەوە، کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا تا هاوکات لەگەڵ پاراستنی «پرەنسیپە سیاسییەکانی» خۆی، بە شێوەیەکی سیستماتیک پەرە بە هەستی ناسیۆنالیستی بدا. ئەو سیاسەتە لە دەوڵەتەکانی نۆیەم و دەیەم و لە سایەی ناکۆکی باڵە نێوخۆییەکانی نیزام گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی.

بایەخ دان بە بابەتگەلێک وەک «مەکتەبی ئێرانی» یان ڕێزگرتن لە فەردەوسی و نۆمایشکردنی ئوستوورەی کورووش و ناودانانی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی کەنداوی فارس و ... هەموویان بەشێکی بچووک لەو پرۆژە بە ڕەواڵەت گەورەیەن. ناکۆکی ئێستا لەگەڵ دەوڵەتی ئیمارات، بەداوداچوون بۆ



پرۆژەکانی وەک پێکهێنانی پارێزگای کەنداوی فارس بە پێتەختی دوورگەی ئەبووموسا یان تەنانەت گۆڕینی ناوی عەرەبی ئەو دوورگەیە و ... هەتا ئێستاکەش سوودێکی بەرچاویان لە بواری تەبلیغاتییەوە بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەبووە. هەوڵ بۆ چارەسەری «قەیرانی ڕەوایی» تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەیی و تاکتیکیش بێ، بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی پێویستییەکی سەرەکییە.

کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٨٨دا بەشێکی بەرچاو لە ڕەوایی خۆی، تەنانەت لەو بەشەی کە هەمیشە پشتیان پێ دەبەست، لە دەست داوە. پەرەدان بە هەستی ناسیۆنالیستی، ئەویش لە بەرامبەر عەرەبەکاندا کە بە ئاسانی دەتوانێ دژە عەرەبەکان و شۆڤێنیستەکانی ئێرانی لەگەڵ خۆی بخا، دەرفەت و هەلومەرجێکی باشی بۆ سیاسەت داڕێژەرانی کۆماری ئیسلامی ڕەخساندوە تا بیروڕای گشتی لە ناوەند و شوێنە سەرەکییەکانی قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دوور بکەنەوە. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە قسە لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەیی نییە. چۆنیەتیی بەستنی پەیماننامە نەوتییەکان و تەنازۆل لە سەر دیاریکردنی ڕێژیمی حقووقی دەریای خەزەر و ... بە باشی «بایەخدانی» بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت بەرژەوەندی و مافەکانی خەڵک دا نیشان دەدا. واپێدەچێ کە خواستی بوونی ئێرانێکی گەورە و لە باری نیزامییەوە بەهێز، تا ئەو ڕادەیە لە نێو ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان جیددی و بەهێزە کە بیر لە چۆنیەتیی نوێنەرایەتی کردن و ئەوە کە چ ڕێژیمێک لە ئاستی نێونەتەوەییدا بیناسێنی، ناکەنەوە. بۆ زۆرێک لە ئێرانییەکان، خۆدی دەستراگەیشتنی وڵات بە چەکی ناوکی، ڕووداوێکی گرینگ و جێی شانازییە کە دەتوانێ کەموکوڕییەکانی ئابووری، پیشەسازی، بەڕێوەبەرێتی و دیپلۆماسیی ئێرانی لە بەرامبەر عەرەبەکانی خەلیجی فارسدا بشارێتەوە.

**ناسیۆنالیزمی نەزۆک**

پرسیاری سەرەکیی ئەو وتارە دووبارە دەکەینەوە: ناسیۆنالیزمی ئێرانی چ پێوەندییەکی لەگەڵ مافی مرۆڤ هەیە؟

ئاخۆ بیرە ناسیۆنالیستییەکان دەتوانن یارمەتیدەری دەستەبەربوونی داواکارییە مەدەنییەکان لە ئێران بن؟ ئایا بە پشتبەستن بە بیری ناسیۆنالیستی بە ئاشتی، دادپەروەری و خۆشبژێوی دەگەین؟

پێدەچێ وڵامدانەوە بەو جۆرە پرسیارانە تا ڕادەیەکی زۆر نەرێنی بێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هزرە ناسیۆنالیستییەکان کەمترین پێوەندییان لەگەڵ سێکۆلاریزم، تاکگەرایی، لابردنی هەڵاواردن، تۆلێرانس، فرەچەشنیی کولتووری_سیاسی، ئازادیی ڕادەربڕین و ... هەیە. قەرار نییە لە نێو هزری ناسیۆنالیستی دا سێکۆلاریزم لە دایک بێ، بە تایبەتی ئەگەر ئەو ناسیۆناڵیزمە بە جۆرێک لەگەڵ بڕوا و ئامۆژگارییە ئایینییەکانیش یەکی گرتبێ. ناسیۆنالیزم لە بەستێنی گشتییشدا کەمتر شۆناسی تاکەکەسی یان شێوازەکانی جیاوازیی ژیان بە فەرمی دەناسێ. نموونەگەلێکی « ڕەسەن و کۆن» بوونی هەیە کە پێویستە ئەوان لەبەرچاو بگرین. فرەچەشنیی کولتووری دیاردەیەکی پەسند نییە. هەڵاواردنی قەومی، نژادی، زمانی و کولتووری ئەگەر بە هۆی یاساش قەدەغە بکرێ، دیسان لە ئاستەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەدا دەتوانن بەهێز بن. لە لایەکی دیکە، هزرە ناسیۆنالیستییەکان ڕێک لە شوێنێکدا جێ دەگرن کە لە لایەن دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکان کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکان هەوڵ دەدەن «قەیران» بەرەو دەرەوە بەرن، بەرژەوەندی نەتەوەیی لە مەترسیدا نیشان بدەن و بارودۆخەکە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ «دوژمنی دەرەکی» دا پێناسە بکەن. ئەو «دوژمنە« دەتوانێ ئەمپریالیزم، بناژۆخوازیی ئیسلامی، جیهانی عەرەبی و لە مانا گشتییەکەی «بیانییەکان» بێ. ئەو بیانیانەی چاویان لە «بەرژەوەندی نەتەوەیی» بڕیوە، «تەواوەتی ئەرزی» لە مەترسی دەهاون و هەوڵی خەوشدارکردنی شۆناسی نەتەوەیی_ مێژوویی دەدەن.

«قەیرانی ڕەوایی» لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بابەتێکی جیددی و بەرهەستە، بەڵام پێدەچێ ئەو قەیرانە، لە هەلومەرجی ئێستادا بە پەرەدان بە هەستی ناسیۆنالیستی، دەکرێ تا ڕادەیەک قەرەبوو بکرێتەوە. لە بواری تیۆریکیش هزری ناسیۆنالیستی کەمترین پێوەندی لەگەڵ بنەما فیکرییەکانی کۆمەڵگەی ئازاد، دادپەروەرانە و دوور لە هەڵاواردن هەیە. بەوپێیە هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی کە تێچوو و هێزە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵگە بۆ ئەو جۆرە بڕوا و هزرانە تەرخان بکرێ.

پێدەچێ ئەگەر بژاردەکانی چینی مامناوەندی لە ئێران، لە هەلومەرجی ئێستادا کە هەستی ناسیۆنالیستی لە کۆمەڵگەدا پەرەی سەندوە، نەتوانن هاووڵاتیان لە تێکەوتن لە داوی ناسیۆنالیزمی پۆپۆلیستی و حکوومەتی هوشیار

بکەنەوە، دەبێ چاوەڕوانی تێکشکان یان وێکەوتنی گۆرزێکی دیکە لە بزووتنەوەی ئازادیخو ازی و ڕوناکبیریی سەربەخۆی ئێران بن.

سەرچاوە: http://www.radio-zamaneh.com/society/human-rights/2012/05/04/14000

---

درێژەی:

## ئەو شەوەی چارەنووسی تێکۆشەری ناودار، عومەری قازیی گۆڕی

هاوڕییان پاش پرسیار لە چەند کەسیک کە بەو شەوە بە کۆمباین دروێنەیان دەکرد، وەزعەکەیان لێ ڕوون ببۆوە و دڵنیا ببوون کە سەر ڕێگا کەمین و تەئمینی لێ نییە، گەڕانەوە لامان. دەمانەویست وەڕێ بکەوینەوە و درێژە بە ڕێگاکەمان بدەین کە دەرکەوت کاک عومەر لە گەڵ سەفەکە دا نییە و لێمان هەڵبڕاوە. ماوەیەکی باش چاوەڕوانیمان کرد، یەک دوو کەسمان نارد بەرەودواوە بگەڕێنەوە بەڵکوو کاک عومەر گەرابێتە دواوە، بەڵام شوێن پێیەکان وایان نیشان نەدەدا. لەم نێو گەنم و مەزراو وچۆلەوارە بەو نیوە شەوە ماوەیەکی باش چاوەڕوانیمان کرد،بە بانگ کردن و ئیشارەتی دیکەش هەوڵمان دا سەروسۆراغێکی بکەین، هیچ فایدەی نەبوو. هێشتا زیاتر لە سەعاتێکمان ڕێگا مابوو بۆ ئەوەی بگەینە دێهاتی کوردنشین. نەدەکرا لەوە زیاتر لەو شوێنە بمێنینەوە. لەو پەڕی سەرسوڕمان و نیگەرانی لە ونبوونی کاک عومەر دا، بەرەو «گۆلێ» وەڕێ کەوتین وپاش وچانێکی کورت، چەند لاوی بڕواپێکراومان ڕاسپارد بۆئەوەی بە ڕووناکی بچنە شوێنی ونبوونی هاوڕێکەمان، خەبەرێکی بزانن و ئەگەر لەو دەوروبەرە خۆی حەشار دابێ، ڕزگاری بکەن، تاریکوروونی بەیانی لە گۆلێ وەدەرکەوتین و چووینە گردەقیت.

دەوروبەری نیوەڕۆیە بووکە هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوچەی خەلیفەلیان خەبەریان بۆ هێناین کە لە دەوروبەری یادگاریان، خەڵکی چەکداری یەکێک لەو گوندانە(وام لە بیرە یادگاریان بوو) کەسێکیان گرتوە. دوایە دڵنیا بووین کە کەسەکە کاک عومەری قازییە و بە داخەوە ئاوا بە هاسانی کەوتۆتە دەستی کۆماری ئیسلامی.

کاک عومەر کەوتە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی. جاروبار کە کەسێکی لە بەندیخانە ڕزگاربووم دەدی باسی خۆڕاگریی کاک عومەری قازیی لە بەندیخانە دا بۆ دەکردم و شتێکی زۆری دیکەم لە بارەیەوە نەدەزانی. سەرەنجام ١٠ سال دواتر، سەرەتای هاوینی ١٣٧٢ڕۆژێک لە بۆڵێ خەبەرم بیست کە کاک عومەر، مەهابادی بە جێهێشتوە و بە ماڵ و منداڵەوە هاتۆتە دەر و ئەوە لە سکرتاریایە. لە گەڵ چەند هاوڕێیەک لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» چووینە خزمەتی. زۆر تێک شکابوو و دیار بوو زیندان و ئەشکەنجە و لە دەستدانی نزیکترین یارانی لە بەندیخانە دا، تەواو تێکی شکاندبوو. هەر لەو دیدارە دا وەبیرم هێنایەوە کە شەوی ڕووداوەکە منیش لە گەڵیان دابووم و تەنانەت لێشم پرسی بۆ چی لێمان هەڵبڕا. بەراستی نەمزانی چ وڵامێکی دامەوە و چ هۆیەکی بۆ هەڵبڕانەکەی باس کرد. بەڵام زۆر خۆشحاڵ بووم کە جارێکی دیکە چاوم پێی کەوتۆتەوە.

کاک عومەر و مینا خانمی هاوسەری و کاک کامڕان و کوڕێکی دیکەی کاک عومەر کە وا بزانم ناوی سۆران بوو،لە کاتێک دا لە بناری قەندیل کەوتبووینە بەر تۆپ و کاتیۆشابارانی کۆماری ئیسلامی، هاتنەوە نیو کۆڕی یارانی پێشمەرگەیان و زۆری پێنەچوو بەرەو کۆیە داگەڕاین و لە نزیک کۆیە گیرساینەوە. کەمتر لە سالێک لە لامان بوون و دواتر بە هاوکاریی کۆمیساریای پەنابەران(un)، ئەوان چوونە سوید. کاک عومەر لە سویدیش زۆر نەمایەوە وکاتێک زانیی مینا خانمی هاوسەری بە داخەوە بە هۆی نەخۆشییەکی کوشەندە، خەریکە ماڵاوایی یەکجاری لە ژیان دەکا، لە گەڵی چۆوە مەهاباد بۆ ئەوەی پاشماوەی تەمەنی لە نزیک گڵکۆی هاوسەر و یاری بەوەفای ژیانی پڕ لە سەخڵەت و تاڵی و لە نێو خەڵکی شارەکەی و لە نیشتمانی خۆشەویستی دا تێپەڕ بکا. لەو کاتەوە کاک عومەر، کە لە ژیانی دا بە هەڵنەکردن لە گەڵ ستەم و زۆرداری و بە سەردانەنواندن بۆدۆژمنانی نەتەوەکەی بەناوبانگ بووە، کونجی ماتەمی هەڵبژاردوە و دوور لە زۆربەی هاوباوەڕان و خۆشەویستانی ڕۆژگار تێپەڕ دەکا.

لە بیرمە، ئەو شەوەی لە «وەزنێ»ی زێدی کاک فەتاح عەبدولیی ڕەحمەتی ڕا بەرەو سندووسی خوارێ وەڕێ دەکەوتین، هاوڕیی خۆشەویستم ڕەسووڵ دانایی(سیروان) کە هەمیشە بە «خاڵە» بانگی دەکردم کوتی: «خاڵە! نێوێکی شەو دابنێ نەوەک لە ڕێگا لێک هەڵببڕێین، با یەکتری پێ بناسینەوە». من دەسبەجێ «شنۆ-١٦» م بە مێشک داهات. چونکە شەوی ١٦ی گەلاوێژ بوو، لە بەر ئەوەش لە شنۆیە ڕا بەرەو سندووس دەچووین، «شنۆ»شم کرد بە تایەکی دیکەی ناوی شەوەکە. ئەو ساتەی ناوەکەم بە هاوڕێیانی ڕیزەکە ڕادەگەیاند، مانگ بە پڕی لە لای ڕۆژهەلاتمان لە سەر گۆلی ورمێ ڕا هەڵ دەهات. ڕووناکیی مانگ جوانییەکی تایبەتیی بە سەفی هاوڕێیانم لە نێو کۆڵانی دوا ماڵەکانی گوندی وەزنێ دابوو. بە دنیایەک هیوا و دڵخۆشییەوە بەرەوە مەقسەد دەڕۆیشتم. نەمدەزانی ئەوە دوا شەوم لە گەڵ تێکۆشەری دێرین کاک عومەری قازییە، نەمدەزانی ئەوە کۆتایی دوا سەفەرمە بۆ شنۆ و نەشمدەزانی ئەوە دوا سەفەرمە لە گەڵ هاوڕێی خۆشەویستم ڕەسووڵ دیوەخان (سیروان)و دوای چەند مانگی دیکە، ئەویش وەک کاک عومەر بە دیلی دەکەوێتە دەستی دۆژمن. ئێستا کە یادی ئەو ڕووداوە ناخۆشە دەکەمەوە، خۆزگە دەخوازم شێعرە جوانەکەی کاک موزەففەر نامداریم لە بەر بوایە کە لە ژێر کاریگەریی گێڕانەوەی مندا، بۆ بەدیلگیرانی کاک عومەری قازیی نووسیبووی:

« آن مرد رسید
اسبش سفید
بارش امید...ی

**کۆیە**
**١٦ی گەلاوێژی ١٣٩١**

## لە کوێ حەقیقەتمان ون کرد؟



وریا ڕەحمانی



هەتا دوایین پشوو ڕێبواری ڕێگەی عیشق و ئازادیم

ئەگەر بێجگەلە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر


نازانم ئەو ئازادییەی «هێمن» دەیڵێ و ئەوەی لە دڵی من وایە لەگەڵ کۆبەندەکانی لیبرالیزمی نوێ و ئەوەی بیرمەندێکی وەکوو «فەرید زەکەریبا» باسی لێ دەکا، چەندە یەکن و چەندەش جیاوازیان هەیە. کەچی ئەوەی بە تەواوەتی هەستی پێ دەکەم ئەوەیە کە «شاملوو» گوتەنی ئەو چەمکە خود وەها بۆتە دەردێکی هاوبەش لە دەروونی هەموومان‌دا کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بە شوێنیەوە وێڵ بووین و ڕەنگە هەتا دنیا بە دنیاشە لە دوورەدیمەنەکانی تراویلکەی خۆزگەمان نەڕەوێتەوە. ڕەنگە هەر بەو دەلیلە سادەیەی مرۆڤ لە پێناوی خۆی دایە کە تێدەکۆشێ ئەم دوو چەمکە سەرەکییەی خوڵقێنەری کەلکەڵە باڵا بەرزەکانی ژیان خود هەوێنی پێکهێنەری پێکهاتەی والای مرۆڤ بن. ئەوین و ئازادی، ڕەنگاڵەی ئەو کۆلکەزێڕینە جوانەی، بۆ منێکی ڕۆژهەڵاتی، قەت لە خۆزگەی تێر نەبووم و هەرگیز ئارەزووم لێی نەشکا. مرۆڤ ئەگەر لەگەڵ مەدلوولە عەینییەکانی واقعییەتی ژیانیدا دەژی، لە پێناوی مەدلوولە زەینییەکانی حەقیقەتی ژیانیشی



تێدەکۆشێ و بۆیان دەژی. مرۆڤ لە دەروونی خۆیدا بوونەوەرێکی باوەڕمەندەو بە باوەڕەکانیەوە دەژی. باوەڕ بە عیشق و ئازادی، حەقیقەتی فەلسەفەی وجودیی مرۆڤ پێک دێنێ.

حەقیقەت ڕەهەندی والای ژیان بە بوونی مرۆڤ دەبەخشێ.

ڕۆژێک دێ کە مرۆڤ لە دوایین ساتەکانی شەوەزەنگێکی تاریک دا هەموو بوتە گەورە و بچووکەکانی دەوروبەری خۆی دەشکێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ لای خۆی. لەگەڵ فەلسەفەی وجودیی خۆی ئاشنا دەبێتەوە و حەقیقەت دەدوێنێتەوە. بەلاغە و دیالکتیک وەلا دەنێ و چیدی فریو ناخواتەوە. ئەو مرۆڤە بچووکانەی کە وێنایەکی



ئەوتۆیان لەو چەمکانە نییە تێک دەڕمێن و لە بووندا خۆ ناگرنەوە. مرۆڤ دەچێتەوە لای زەردەشت و حەقیقەت بڵێسە دەدا. لادانێکی گەورە بەسە بۆوەی مرۆڤ بە سەدان ساڵ لە حەسرەت و خەمدا بژی، بۆوەی مرۆڤ ئاوارە بێ و لەگەڵ خۆشیدا غەریب بێ. هاوڕێیەکم هەبوو دەیگوت هەموو ئەوانەی بەڵێنی بەهەشتیان لە ئاسمان و زەوی دەدا، جەهەننەمیان بەرهەم هێنا. هاوڕێیەکم هەبوو دەیگوت خودا مرد، بۆوەی مرۆڤ ئازاد بژی. نازانم ئەو ئازادییەی «نیچە» دەیڵێ و ئەوەی لە دڵی من دایە، پۆپەڕ چۆنی وێنا دەکا. کەچی ئەوەی بە تەواوەتی هەستی پێ دەکەم حەقیقەتی ئەوینێکە کە تا خوێنی بۆ نەڕژێنم ڕزگار نابم و تامی ئازادی ناچێژم.



## بولبولی بەندی قەفەس

بولبولی بەندی قەفەس پەروەردەی ئەو کێوانەیە
بۆیە تا ئاخر نەفەس هەر وا بە تاسەی لانەیە
باڵی ئازادی ئەسووتێنین و دانەی پێ ئەدەین
نەک ژیانی ئەو مەلە تەنیا بە ئاو و دانەیە
شینی هێلانەی دەکا ئەگریت و سەربەستی دەوێ
بانگ و ئاوازی قەفەس ئەو شیوەن و گریانەیە
سووچی بەندی بۆ دەڕازێنینەوە بێخەم بژی
کەی نیشانەی ژینی بێ خەم زیوەری کاشانەیە
تێدەکۆشێ هەڵفڕێ بەندی قەفەس بۆی ناچڕێ
ئاخرین ئاواتی بەرزی دیتنی هێلانەیە
نەغمە سەردانی کەوا پاراوی هەستی گەل دەکا
شینی بێ فرمێسکی ئەو باڵندە بەستەزمانەیە
سووچی بەدیخانە وایە هەر کە ئازادی دەوێ
بەرهەمی کاتی خەمی ئەو نەغمە بەرز و جوانەیە
قانعم دێنێتەوە بیر ئاوازی باڵندەی قەفەس
قوڕ بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە

**ماموستا شەریف**

## ئیمەیل

چاوی تۆ تەفسیری عەشقی دڵپڕی ئەو وەرزەیە
ئەو کەسەی پێی وایە هەر من وای دەبینم گەمژەیە
جووتە مەمکی تۆ نموونەن خوا زەویی خڕ کرد لە ڕووی
هێزی ڕۆح کێشان لەوێدا بۆ قسەی من بەڵگەیە
تیپی پێشمەرگەی خەیاڵم پاسەوانی سینەتە
با خەیاڵی کەس بە دوندی مەمکەکانتدا نەیە
خۆرەتاو تیرێژ ئەنێرێ سوژدە بۆ بەرپێت بەرن
تۆزی کەوشت تاجی سەر شای پڕشکۆی ئەو عەرزەیە
من لە دەوری لێوەکەی خاڵێکی وردم خوێندەوە
گشتی سیپارەی دڵم تەفسیری ئەو یەک دەرسەیە
ڕێی بدە با پیرە ئەقڵیش بێتە زانکۆی عیشقەوە
ئەو قوتابییە تا بفەرمووی کرچ و کاڵ و هەرزەیە
شەو بە ڕێی ئیمەیلی خەونێکا هەتا بەر دەرکە دێم
تۆ سەرت بمخوێنەوە و لەو لێوە ماچێکم دەیە

**ڕەسووڵ سوڵتانی**

## بژی دێموکرات

مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات
کوردە لە سایەی حیزبی دێموکرات
حیزبی دێمۆکرات تۆ دەدا نەجات
پیادەی ئەو شاهی دوژمن دەکا مات
بژی دێموکرات، بژی دێموکرات

کوردەگیان ئەمرۆ چاو و دڵت ڕوون
لاوانی وڵات پاک ئامادە بوون
تەمای وەیانە ڕاپەڕن ببزوون
لێوی دوژمنی هەرزەگۆ بدروون
بژی دێموکرات، بژی دێموکرات

پێشمەرگەی کوردی لە مەیدانی جەنگ
بەرگەی ناگرێ نە شێر نە پڵەنگ
دوژمنی ئێمە تازە بکا دەنگ
سینگی دەسمێ بە گوللەی تفەنگ
بژی دێموکرات، بژی دێموکرات

ڕۆژی بەرگری و شەڕ و تەنگانە
پاڵەوانێکە هەر یەک لەوانە
بە کوێری چاوی پیسی بێگانە
ئەمرۆ کە ڕۆژی جێژنی کوردانە
بژی دێموکرات، بژی دێموکرات

**مامۆستا هێمن**

## کچی بەیان

من ئەڵێم
پەپوولەیەک فڕی بە باڵی سەوز و سوورەوە
من ئەڵێم
گوڵێ بە دەم شنەی شەماڵەوە بزەی بزووت
تۆ ئەڵێی
چ بوو پەپوولەیەک فڕی
یا نە سوورەگوڵ زەردە کەوتە لێوی ناسکی
من ئەڵێم
هەتا هەتایە دەوری جوانیە
ئەمڕۆ گەر هەتاو کەسیرەیە نەماوە ئاگر و گڕی
مێرگی ئاسمان بە سووتمانی هەوری لۆکەیی نەزۆک
پڕلە خاڵ و قۆپنە
جەنگەڵێ کە جێژوانی پۆلەپۆڕی بارِیە
جێگەمۆڵی کەمتیار و گورگ و ڕێویە
شۆڕەبی کە بووتە داری چاکی بێنەشەو شنە
زەلکە گەر تەیاری تیر و قۆپەنە
خۆشەویستەکەم
لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانیە
لە ەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانیە
باسی شەو مەکە نە شایری شەوم
باسی خەو مەکە لەسەر هومێدی فێرەسەر ڕەوم
بەو دەمەت کە بۆنی بەهاری لێوە دێ
بۆنی دەشتی بەختیاری باوەشی چیا بە دەستی با بە گوڵچناوی لێوە دێ
بۆنی سەر سکۆی بە کاگڵی بە ئاوپژاوی لێوە دێ
پێم مەڵێ کە داکەوم
پێم مەڵێ کە ئاڵی زاڵی شەو چاوی بێ خەوی چڕە
پێم مەڵێ نەهاتنەوە ئەوەی کە چوون
مەگری بۆ خەساری بێگەڕانەوە
ڕێگەمان دوور و سەخت و قاقڕە
خۆشەویستەکەم
ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات
ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین
فێر نەبووین بەزین و دابەزین
ڕانەهاتووە چاوی قارەمانی کورد
بە شەونمی گرین
خۆشەویستەکەم
لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانیە
لە ەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانیە

**سوارە ئێلخانیزادە**

## لەدایکبوون، ڕەوایە بۆ زیندەوەران

لەدایکبوون، ڕەوایە بۆ زیندەوەران
هەم ڕەوایە کە هەموویان بەشیان هەبێ
لە خاک، لە ئاو، لە هەوا بۆ هەناسەدان
مرۆڤ هەمووی، بۆی ڕەوایە بەهرەمەند بێ لە ئاسمان
لە تووڕەیی دەریا و تۆفان
لە مزگێنیی بەفر و باران
لە ئومێدی هەڵدانی گیا و
بەرەکەتی نێو دەغڵ و دان
مرۆڤ بۆی هەیە گەورە بێ
پێ هەڵگرێ و بێتە دوان
ئەوەی لە دایکی کورد دەبێ، هەر بە کوردی بگرێ زمان
مرۆڤ بۆی هەیە کورد بژی
بۆی هەیە ناوی خۆی بنێ لە ماڵی خۆی، لە نیشتمان
بۆی هەیە نیشتمانی خۆی ناودێر بکا بە کوردستان
مرۆڤ هەمووی ڕاسپاردەی ئەوەی هەیە لەدایک بێ و بژی ئازاد
شان بداتە بەر ئەرکی خۆی غەمگین و شاد
دەنگ هەڵبڕێ لە ستەم و دەستی هەڵبڕێ بۆ داد .

**ناسر حیسامی**



بەرزو بەڕێز بێ یادی شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژ

## گۆشەیەکی‌تر لە ژیانی پێشمەرگانە و بەرگێکی دیکەی «لە کەشکۆڵی پێشمەرگەوە»



مەسعوود ڕەواندوست

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەرگی دووەمی کتێبی «لە کەشکۆڵی پێشمەرگەوە» لە ئامادەکردنی بەڕێز جەلیل گادانی چاپ و بڵاو بۆوە. بە چاپی ئەم کتێبە بەرهەمێکی دیکە بە کتێبخانەی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە زیادبوو.

ئەم کتێبە کە چەندین بیرەوەریی ڕۆژانی خەباتی پێشمەرگایەتیی لە زمان و بە قەڵەمی دەورگێڕان و ئەکتەرەکانی ئەم بیرەوەرییانەوە لەخۆگرتوە، ئاوڕدانەوەیەکە لە حەماسەخوڵقێنی و فیداکاریی ڕۆڵەکانی دێموکرات لە ڕۆژانی خۆڕاگری و بەربەرەکانی لە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستاندا.

ڕۆژانی خەبات و خۆڕاگری و بەربەرەکانیی ڕۆڵە ئازا و فیداکارەکانی هەر نەتەوەیەک لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریی خاکی نیشتمانەکەیان و بەختەوەریی گەلەکەیاندا، ئەو بەشە لە مێژووی ئەم گەل و نیشتمانە پێک دێنن کە وێڕای ئەوەی دەبنە بەردی بناخەیەکی پتەو بۆ ئازادی و بەختەوەریی گەل و نیشتمان، لە هەمان کاتیشدا مایەی شانازی و فەخری نەوەکانی داهاتووی وڵاتەکەیانن.

گەلی کوردیش کە مێژووەکەی پڕە لە خەبات و فیداکاریی ڕۆڵە ئازا و گیان لەسەردەستەکانی بۆ ڕزگاریی گەلە بەشخوراو و پارچەکراوەکەی، پێویستە ئەم ڕۆژانە لەبیرنەکا و، بە تۆمارکردنی فیداکاری و گیانبازیی ڕۆڵە ئازاو چاونەترسەکانی لە لاپەڕە زێڕینەکانی فیداکاری و ئەوین و ئۆگری بە گەل و نیشتمان‌دا، ڕێگە نەدا ناو و یادی ئەم قارەمانە نەتەوەییانە فەرامۆش بکرێ کە لە پێناو ئیمان و باوەڕیاندا ژیانی ئارام و «عافیت طلبی»یان وەلا نا و خۆڕاگریی ئازایانە و مەردانەیان لە ژێر بارانی ئاگر و ئاسن‌دا هەڵبژارد و بە فیداکردنی گیانی شیرینیان، خەوی خۆشیان لە چاوی دوژمنانی گەلەکەیان حەرام کرد و ناوی نەتەوەکەیان بەرز و زیندوو ڕاگرت.

هەر بۆیە ئەم کتێبە و هەموو نووسراوەکانی لەم چەشنە کە هەوڵ دەدەن هەرکام گۆشەیەک لە یاد و بیرەوەرییەکانی ئەم ڕۆژانە تۆمار بکەن و بیکەن بە سەرمایەی دوارۆژ و چرای ڕووناکیدەری نەوەی داهاتوو، بە کارێکی گرنگ و پیرۆز دەزانین و هیواداریین هەموو ئەو کەسانەی لەدەستیان دێ، لەم پێناوەدا و لە تۆمارکردنی گۆشەیەک لە مێژووی ڕۆژانی خەبات و بەرخۆدانی گەلی کورد دریغی نەکەن و، خۆیان بکەن بە شەریکی بەشێک لەم شانازییانە.

## هەڵە چێنی

## هۆکاری سەرەکیی بوومەلەرزەکانی لای خۆمان



مستەفا شێخە

دەڵێن بوومەلەرزە، بە هۆی گۆڕانکاریی فیزیایی لەناخی زەویدا سەرهەڵدەدات و تا ئێستا پسپۆڕانی بواری زەویناسی وەک ڕووداوێکی سروشتی سەیری دەکەن و دەڵێن بەهۆی دەبەریەکتر بەزین و گوشاری جەمسەری پارچە ڕەقەکانی ژێر زەوی یان سەرهەڵدانی گڕکانەوە سەرهەڵدەدات. ئەگەر گڕکان بە هۆی گوشاری گەرما و حەزی ئاشکرابوونی گەرمای پەستێوراو و پەنگخواردووی ناخی زەوی ڕوودات، زیاتر وێدەچێت ئەوەیان هۆکاری سەرەکیی ڕوودانی ئەم ڕووداوە سروستییە بێت.

بە بڕوای بەندەی خزمەتگوزارتان، ئەگەر بوومەلەرزە ڕووداوێکی سروشتی بێت، لە سروشتی مرۆڤیشەوە زۆر نزیکە. من هیچ کارم بەچۆنیەتیی خوڵقان و سەرهەڵدانی ئەم ڕووداوە لە وڵاتانی دیکەی وەک ژاپۆن و ئەمریکا و ڕووسیاوە نییە، چونکە سروشت لە هەریەک لەم وڵاتانەدا زۆر لەگەڵ سروشتی وڵاتی ئێمە جیاوازە. هەموو لەرزینەوەکانی ئەوان لە ناخی مرۆڤەوە سەرهەڵنادن، بەڵام هەموو لەرزینەوەکانی وڵاتی ئێمە لەپێشدا لە ناخی مرۆڤەوە دەست پێدەکەن و پاشان دەگوازرێنەوە ناخی زەوی و ئەم کارەساتە سروشتیانەیان لێدەکەوێتەوە.

وەک ئەرکی پیرۆزی هەڵەچێنی، بە پێویستم زانی بۆ ڕوونکردنەوەی دەروونی قوڕاویی ئێوە و بەرزکردنەوەی ئاستی هینەکەتان بەوردی بچمە ناو ئەم بابەتەوە و بۆتان لێکبدەمەوە لەرزینەکە چۆن لای خۆمان پێچەوانەی وڵاتانی دیکە لە ناخی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات و پاشان دەگوازرێتەوە ناو ناخی زەوی و زەوییش لە حەژمەت لەرینەوەی بەشێک لە جەستەی یەکێک لە ڕەگەزەکانی مرۆڤەوە دەلەرزێتەوە.

لە وڵاتانی دیکە، وەک مرۆڤی لای خۆمان کەس سەرنج ناداتە لەرزینەوەی بەشیک لە ئەندامی تاکەکانی پێکهێنەری نیوەی پلەدووی کۆمەڵ و هەر بۆیەش بوومەلەرزەی وڵاتانی دیکە هیچ پێوەندییەکی بە لەرینەوەی بەشێک لە ئەندامی تاکەکانی پێکهێنەری نیوەی کۆمەڵەوە نییە و ڕەنگە لێکدانەوەی ژیۆلۆژیی ئەوان بۆ سەرهەڵدانی بوومەلەرزە ڕاست بێت.

لای ئێمە ئەوە تێکبەزینی جەمسەرە ڕەقەکانی قووڵایی زەوی نین هەردەژیان واتە بوومەلەرزەیان لێ دەکەوێتەوە، بەڵکوو تێکبەزینی تیلەی چاوی وردبینی بەشێک لە نێوەی کۆمەڵ لە گەڵ لەرینەوەی بەشێک لە ئەندامی تاکەکانی نێوەکەی دیکەی کۆمەڵ هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی بوومەلەرزەی وێرانکەرە.

وەک هێندێک لە ماموستایانی شارەزای بواری ئەخلاق و ڕەوشتپاکی دەفەرموون، لەرینەوە بەرلە هەموو شتێک لەناخی ئەندامانی حەکەداری نیوەی پلەدووی کۆمەڵگاوە سەرهەڵدەدات. کاتێک تاکە حەکەدار و ئاگالەخۆبڕاو ناسک و لەبەردڵانەکەی کۆمەڵگا هەست بە حەکەداری دەکات، بەرلە هەموو شتێک سەروسنگی ڕووت دەکات و بەتایبەت هەوڵ دەدات ئەندامە هەرە خڕەکانی لەشی وەلەرینەوە بخات. ئەم لەرینەوە دڵهەژێنە سروشتییە، دڵ و دەروونی بەشێک لە نیوەکەی دیکەی کۆمەڵگا دەهەژێنت و لە ئاکامی ئەم کۆ لەرینەوەیەدا، کردەی لەرینەوە و هەژاندن تەنیا لەنێوان ئەم دوو بەشەی مرۆڤدا نامێنێتەوە و کاردەکاتە ناخی زەوی و لەوڵاتی ئێمەدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بوومەلەرزەی وێرانکەری گەورە.

بۆچوون و لێدوانی پسپۆڕانی زاڵ بەسەر دەستەڵاتی کۆمەڵگای ناوچەی ئێمە ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەی بەجۆرێک سەلماندوە کە بڕستی لە هەموو لێکدانەوە و بۆچوونێکی زانستیانەی ناسەرکەوتووی ئەم سەردەمە بڕیوە.

چاودێران و ماموستایانی چازانی ئەم بوارە، پێیانوایە لەمەودوا، نیوەی پلەدووی حەکەدار و ئاگا لەخۆ بڕاو بەرپرسی هەرچەشنە لەرینەوە و بوومەلەرزیەکی گەورە و بچووکە و پێویستە بە مەبەستی پێشگیری کردن لە بوومەلەرزەی ماڵوێرانکەر هەمیشە لەژێر چاوەدێری دابیت. لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە باشترین ڕێگەچارەی پێشگیری کردن لە دووپات بوونەوەی ئەم ڕووداوە سروشتیەن:

١- نیوەی ئەندامانی زاڵی کۆمەڵگا، لە جێگەی چۆڵ و تەریک نەبێت، بۆیان نییە بیر لە لەرینەوەی ئەندامە خڕەکانی نیوەکەی دیکەی کۆمەڵگا بکەنەوە.

٢- نیوەی دووهەم و پلەدووی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەوەیدا نابێت لەبەرچاوان تاڵەکانی قژیان بەدەرەوبێت، پێویستە بەشێوەیەک سەیری نیوەی یەکەم و پلە یەکی کۆمەڵگا نەکەن کە بیانوروژێنێت. ئەم کارە دەبێتە هۆی یەکەم لەرزینەوەی دەروونی و بەرەو لەرزینەوەی گەورەترهانیان دەدات.

٣- لەسەر تاکەتاکەی ئەندامانی پلەدووی کۆمەڵگا پێویستە بۆ پێشگیریکردن لە گواستنەوەی لەرینەوەی مەترسیدار، جلی فشوفۆڵ بکەنەبەر و لەرینەوەی ئەندامە خڕەکانیان لەچاوی بەدکار بپارێزن و نەهێڵن لەرزینەوەی گەورەتری لێبکەوێتەوە.

تێبینی: ئەوانەی لە لەراندنەوەی شوێنە هەستیارەکانیان بەردەوام بن، بە لەراندنەوەی لەڕادەبەدەر و زۆر هەژێنەر لە ژووره چۆڵ و تاریکەکاندا سزا دەدرێن.

**سەرچاوە:** وتە بەنرخەکانی یەکێک لە کەڵە زانا ریش ماش و برنجیەکانی یەکێک لە شارە گەورەکان کە بەشە برنجیەکەی بەڕێژەیەکی بەرچاو لە بەشە ماشیەکە زیادترە.

( وێڕای داوای لێبووردن لەبوومەلەرزە لێدراوانی ئەم دوایییەی ئازەربایجان، لە قووڵایی دڵمەوە هاوخەمیانم)

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 589 21 agu 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لە ماڵاوایی

## نیازم وایە هەر لاو وەمێنم

### (بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوانەوە)

**قادر وریا**

نزیکەی ٢٠ ساڵە ئەم وتە جوانەم لە کەسێک خوێندۆتەوە کە «مرۆڤەکان بە تێپەڕ بوونی سالانی تەمەن پیر نابن، بە لە دەستدانی ئاواتەکانیان پیر دەبن، مرۆڤ تا ئاواتی لە دل دابێت هەر لاوە و کەسێک کە بێهیوا و ئاوات بێ، ئەگەر بە تەمەنیش لاو بێ، هەر پیرە.»

لەو کاتەوە کە یەکەم جار ئەم وتەیەم خوێندۆتەوە و بە دڵم بووە کردوومە بە ڕێنوێن و فەلسەفەی ژیانم. خۆ ئەگەر بەم جۆرە روانینە نەبووبمەوە لاویش، لانیکەم خۆم قەناعەت پیهێناوە کە هەر لاوم چونکە هیوام لە دڵ دایە، هیوا بە ژیان، هیوا بە داهاتوو، هیوای گەیشتن بە رۆژانێک کە کاتیکیش دابنێم بۆ ژیان و رامان لە ژیان و ئاوڕدانەوە لەو ژیانەی کە لە بەر کار و تێکۆشان و سەختی و مەینەتییەکانی ژیانی خەباتکارانە، نەمتوانیوە تیان دا بژیم. بەم پێیە من بڕیارم داوە بە لاوی وەمینم و دان بە بەساڵداچوویی و پیریی خۆم دا نەنێم.

چۆن قبووڵ بکەم کە بەرەو پیری دەچم، خۆ ئەو دوانیوەڕۆ پاییزییەی ساڵی ١٣٥٨ دەڵێی دوێنێ بوو سەرم بە بنکەی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکرات لە شاری شنۆ دا کرد و وتم ئێستا کە تەمەنم بۆتە ١٦ ساڵ، دەتوانم ببمە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە، کە واتە ناوم بنووسن.ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار کۆمیتەی بەڕیوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران پیک هات و»خدراویّ» ی سەر ڕێگای پیرانشار- سەردەشتی کرد بە بنکەی خۆی و من بووم بە ئەندامی، تازە ببوومە ١٨ ساڵ. کاتێک لە خەزەلوەری ١٣٦٠ی هەتاوی دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری «لاوان» دەرچوو و من شانس و شانازیی بەشداریی چالاکانەیم لە ئامادەکردنی دا هەبوو، وەک دەڵێن تازە خەتم دابوو. یانی ئاوا زوو زیاتر لە سێ دەیە بە سەر ئەم ڕووداوانە دا تێپەڕی؟ یانی ئەم تێپەڕینی ساڵ و زەمانانە، منی لە لاوەتی و لاوی کردوە و ئێستا کە وەک میوان لە شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان دا بەشدارم،لاو نیم؟ وادادەنێم من لاوم، ئەدی کچەکەم کە بە ٢٠ ساڵ تەمەنەوە وەک ئەندام و نوینەری کۆنگرە لە گەڵ باوکی دا لەم کۆنگرەیە دا بەشدارە، چییە؟ ئەویش لاوە و منیش هەر لاوم؟ قبووڵکردنی سەختە. ڕاستییەکەی ئەوەیە یەکمان لەو نیوە دا لاو نیین. ئەو یەکەش منم.

حەزی منداڵهەبوون و بوون بە دایک و باوک، لەو غەریزە و لەو ئارەزووەوە سەرچاوە دەگرێ کە مرۆڤ دەیەوێ ئیدامەی هەبێ. ئەگەر خۆیشی وەک جەستە و گیان لە نێو دەچێ، لەجەستە و گیان و ژیانی کەسێکی دیکە دا کە منداڵەکەیەتی، پێی خۆشە درێژەی هەبێ.ئەندامەتیی هانای کچم لە یەکیەتیی لاوان و بەشداریی چالاکانەی لە کۆڕ و کۆبوونەوە و تێکۆشانی جۆراوجۆری ئەو یەکیەتییە دا ، جۆرێکە لە درێژەکێشان و بەردەوامیی من لە یەکیەتیی لاوان دا. بەو هۆیەشەوە کە ئەو ڕێکخراوەیەی لاوان، بۆ من و سەدان وهەزاران لاو، قوتابخانەی فێربوونی کاری بە کۆمەڵ و ڕاهاتن بە ئەلفوبێی تێکۆشان و خوێندنی وانەکانی خۆشویستنی نەتەوە و نیشتمان بووە، بوونی هانا لە ریزەکانی و لە کۆنگرەکەیدا بۆ من زیاتر لە یەک مانای هەیە. هەم بەردەوامیی دایک و باوکە لە جەستە و رۆحی کچەکەی دا(ئەگەر چی جارێ بۆ خۆم لە ژیانیش دا مابم)، هەم بە واتای درێژەدانی ڕێگای خەبات و تێکۆشانی دایک وبابیەتی. بۆیە ناحەقم نەبوو، ئەو کاتەی ئەوم لە پشت تریبوونی کۆنگرە بەرامبەر بە خۆم دی، لە لایەکەوە نوقمی بیرکردنەوە لەو ساڵانە بم کە منی لە مێرمنداڵێکی ١٦ ساڵەی٣٣ ساڵ لەمەوبەرەوە کردوە بە باوکی یەکێک لە ئەندامانی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوان و لە لایەکی دیکەشەوە هەست بە شانازی بکەم کە ئەم ڕێگایەی چەند دەیە لە تەمەنی بە هەزارانی وەک منی، هەڵلوشیوە، بێ ڕێبوار نامێنێتەوە.

بەڵێ من دانی پیدا بنێم یا نا، لەسیمامدا شوێنەواری تێپەڕینی زەمان و «هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش» یا بە واتایەکی دیکە، هەلکردنی شنەبای مەوسمی خەزانی تەمەن، بەدی دەکرێ. بەڵام بەم هۆیەوە کە دڵ و مێشکم، بیرم، هەستم»پڕن لەهیوا و لە لایەکی دیکەوە چونکە «ئیمتیداد»ی خۆم لە کۆڕی تێکۆشان دا بە هۆی بەرهەمی شیرینی ژیانم، هاناوە دەبینم، سەرم بۆ پیری دانانەوێنم، نیازم وایە هەر لاو وەمێنم.

## یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێزی لە بنەماڵەی شەهیدانی ٢٣ی گەڵاوێژ گرت

لە سەردانێکدا بۆ بنەماڵەی شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژ لە لایەن کۆمیتەی بەریوەبەریی یەکێتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان ریز لە یادی سێ شەهیدی حیزبی دیموکراتی کوردستان، شەهیدان؛ هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری گیرا.

ئیوارەی رۆژی دووشەممە ریکەوتی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی، هەیئەتێک پێکهاتوو لە سکرتێرو بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری و هەروەها ژمارەیەک لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دیموکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە مەبەستی سەردان و ڕێزلێنان



لە بنەماڵەی شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی سەردانی بنەماڵەی شەهیدان هەمزە سارتکەیی و قادر نەزمیان کرد.

لەهەر کام لەو بەسەرکردنەوانەدا سەرەتا بەڕێز سەیدجەلال ساڵحی، جێگری سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان، وێڕای دەربڕینی ئەمەگناسی و وەفاداریی بە ئامانجی ئەو شەهیدە سەربەرزانە، بەڵێنی درێژەدان بە ڕێبازی پڕ لە سەروەریی ئەو شەهیدانەی دووپات کردەوەو پاشان بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی بەڕێوەبەری لەوحی ڕیزلێنان لە لایەن بەڕیز سامان فەقێنەبی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکڕاتەوە پێشکەش بە بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژ کرا.

شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە رۆژی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی فەرماندەی شەهید، هەمزە سارتکەیی و هەردوو پێشمەرگەی لاو شەهیدان قادر نەزمی و قادر قادری لە کەمینی هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە گردێنەی ناوچەی سەردەشت شەهید کران.

## ناسا رۆبۆتێکی ناردە سەر مەریخ



ئەمرۆ رۆبۆتی کۆریوسیتی بەسەرکەوتوویی لەسەر مەریخ نیشتەوە و گەردووناسان پێیان وایە ئەگەری هەبوونی ژیان لەسەر هەسارەی مەریخ هەیە.

ئاژانسی گەردووناسی ئەمریکی NASA کە بارەگاکەی لە کالیفۆڕنیایە رایگەیاند «بۆ یەکەمجار مرۆڤ توانیمان لەنزیکەوە توێژینەوە لەسەر هەسارەی مەریخ (چوارەم هەسارەی کۆمەڵەی خۆر) بکات، ئەوەش بە ناردنی رۆبۆرتی کۆریوسیتی بۆ هەسارەکە».

سەرپەرشتیارانی ئەو گەشتەی کە ماوەیەکی درێژە پلانی بۆ دادەڕێژن، دوای ئەوەی بەسەرکەوتوویی گەشتە گەردوونییەکەیان ئەنجامدا کردیانە ئاهەنگو خۆشی، چونکە تەواوی ئەو پلانانەی ئامادەسازییان بۆ کردبوو جێبەجێ بوو، کە تێچووی پرۆژەکە ٢ ملیارد و ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بووە.


بەپێی راپۆرتی ئاژانسی NASA ئەگەری هەبوونی ژیان لەسەر هەسارەی سوور بەدوور نازانرێت، بەڵام لەسەردەمێکی پێشترو بەهۆی هۆکاری نادیاری جوگرافی هەسارەکە، ژیانی تێدا نەماوە.

## کچە کورد بڕوانامەی دیپلۆمی چلەمین نمایشگای نێونەتەوەیی هوونەرە جوانەکانی وەدەس هێنا

مندالێکی کوردی خەڵکی کرماشان توانی لە چلەمین نمایشگای نێونەتەوەیی هونەرە جوانەکاندا کە بە بەشداریی ٢٦ هەزار کەس لە ٦٧ وڵاتی دنیاوە بەڕێوە چوو مەدرەکی دیپلۆمی ئیفتخاری وەدەس بێنێ.

بەڕێوەبەری گشتیی کانونی راهێنانی منداڵان و مێرمنداڵانی پارێزگای کرماشان رایگەیاند کە، کەوسەر کەرەمی، تەمەن ٩ ساڵەی خەڵکی کرماشان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو٢٦ هەزار کەس لە ٦٧ وڵاتی دنیا، توانی لە چلەمین نمایشگای نێونەتەوەیی هونەرە جوانەکاندا مەدرەکی دیپلۆمی ئیفتخاری وەدەس بێنێ.

چلەمین نمایشگای نێونەتەوەیی هونەرە جوانەکانی «لیدیسە» ئەمساڵ لە وڵاتی چێک بە بەشداریی٢٦ هەزارو ٦٤ بەرهەمی نەقاشی لە ٦٧ وڵاتی دنیاوە بەڕێوەچوو.



بۆ ئەم نمایشگایە لە ئێرانەوە ٥٠٧ بەرهەم نێردرابوون و لە نێویاندا ١٠ بەرهەم دیپلۆمی ئیفتخارییان پێ بەخشرا کە یەکیان تایبەت بوو بە کەوسەر کەرەمی، کچە ٩ساڵەی کرماشانی.

جێی ئاماژەیە کە سەرەڕای گرینگی پێنەدان بە کەسانی خاوەن بەهرەی کورد لە لایەن ناوەندە پیوەندیدارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بەڵام ڕۆڵەکانی کورد لە زۆربەی بوارەکانی خوێندن و وەرزش و بەشەکانی دیکەی تێکۆشان دا بەرزترین پلەکان بۆ خۆیان و میللەتەکەیان تەرخان دەکەن.

## گۆڕستانێکی سەردەمی میدیاکان دەدۆزرێتەوە



گۆڕستانێکی دێرین لە شاری سەقز دۆزرایەوە کە مێژووەکەی بۆ هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە.

عەبدولرەزا موهاجیری نەژاد، سەرپەرشتیاری هەڵدانەوە و گەڕان لە تەپۆڵکەی مەلا ماچە لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا دۆزینەوەی ئەم گۆڕستانە لەمێژینەی راگەیاند کە مێژووەکەی بۆ هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە.

ناوبراو راشیگەیاند «١٠ گۆڕ لەم گۆڕستانەدا هەڵکەوتووە کە پێشتر ٤ گۆڕیان بە شێوەی نایاسایی لە لایەن قاچاخچیەکانی ئاسەوارە مێژووییەکانەوە هەڵدراوەتەوە و ئێستا فەرمانگەی گشتیی میراتی کلتووریی پارێزگای سنە بە مەبەستی بەرگری لە هەڵدانەوەی نایاسایی ئەم گۆڕستانە مێژوویی و دێرینە، دەستی بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زیاتر بۆ مێژووی گۆڕستانەکە و هەڵدانەوەی گۆڕەکان کردوە.»

بەگوێرەی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەو گۆڕستانە بۆ سەردەمی میدیاکان دەگەڕێتەوە و بۆ سەلماندنی پەیوەندیی نێوان تەپۆڵکەی مەلا ماچە و شارستانییەکانی میدیا، مانا و ئاشوور لێکۆڵینەوە دەستی پێکردوە.

تەپۆڵکەی مەلا ماچە لە نزیک قەڵای مێژوویی زێویە و لە باشووری رۆژهەڵاتی شاری سەقز هەڵکەوتووە.

زێویە یا (ئیزیپیە) یا (زیپیا) لە سەدەی هەشتەمی پێش زایینی مەسیح، یەکێک لە ناوەندەکانی دەسەڵاتداری هۆزی مانا بووە و لە کتێبە ئاشوورییەکاندا هاتووە کە ئەم شوێنە زۆر جار لە لایەن دەوڵەتەکانی ئاشوور و ئورارتوو، هێرشی کراوەتە سەر، بەڵام ئەم گەلە هیچکات نەبەزیوە و قەڵاکەی بە دەستەوە نەداوە.

## دوو کوڕ و کچی مهابادی بە سەر کێوەکانی قرقیزستان و تاجیکستاندا سەرکەوتن

هێرۆ ئەرجومەندی کچە شاخەوانی مهابادی لە گەڵ تیمێکی نێونەتەوەییدا کێوی لنینی قرقیزستانی بەزاند و سامان حەسەنخاڵی بە سەر کێوی خان تینگەری لە تاجیکستان سەرکەوت .

بە پێی هەواڵی گەییشتوو بە «کوردستان و کوردنیوز» هێرۆ ئەرجومەندی رۆژی ١٤ ی گەلاوێژ لەگەڵ گرووپێکی شاخەوانیی نێونەتەوەییدا بەرەو شاخی لنین لە وڵاتی قرقیزستان رۆییشتن و پاش سەرکەوتن بە سەر ئەو کێوە رۆژی ٢٣ ی گەلاوێژ بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە مهاباد. شیاوی باسە کە



بەرزایی ئەو کێوە ٧١٣٤ میترە.

هەروەها سامان حەسەنخاڵی بەشداریی گرووپێکی شاخەوانیی لە وڵاتی تاجیکستان کردوە و بە سەرکەوتووی بە سەر کێوی خان تیگەری دا سەرکەوت. کێوی خان تیگەری ٧٠١٠ میتر بەرزە.

## وەک سەرکۆمار چوو، زەرەری لێ کەوت

مەحمود بەسیری ئەکتەری ٦٥ ساڵەی ئێرانی بە هۆی ئەوەی زۆر وەک ئەحمەدینەژادی سەرکۆمار دەچێ ماوەی حەوت ساڵە کاری فیلم و نواندنی لێ قەدەخە کراوە. ئەم کۆمێدیەنە سەرکەوتووە لە زۆر زنجیرەی پڕ لایەنگر و بینەری وەک « آرایشگاه زیبا، کتابفروشی، هدهد، بدون شرح و ...» دا ئەکتەری کردوە لە فیلمە سینەماییەکانی وەک «سوتە دلان، دستفروش، الوالوا من جوجوام، دادشاه» و زۆر فیلمی دیکەدا کاری نواندنی کردوە.

ئەو ئەکتەرە لە وتوویژ لەگەڵ ماڵپەڕی «فردانیوز»دا دەگەڵ وەبیر خستنەوەی سەردەمی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری و ڕووداوەکانی و ئەو دەرهێنەرانەی کاری پرۆپاگەندەییان بۆ ئەحمەدینەژاد دەکرد، دەڵێ: ئەو



کات هاتن و بە منیان وت کە وەرە جلوبەرگە ئاساییەکانی ئەحمەدینەژاد لە بەر بکە، وتم بەداخەوە ببوورن من ئەو کارانە نازانم، ئەوە کاری من نییە و قەت پێم ناکرێ.

دیارە بەسیری تەنیا کەسێک نییە کە لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا بە هۆی ئەوەی وەک ئەحمەدینەژاد دەچێ بۆتە هەوێنی هەواڵان، بەڵام ئیدی ئەوەیان لەگەڵ هەموو ئەوانی دیکە جیاوازە، چونکە ئەم وێکچوونەی لە کاری هونەریدا زەرەری لێ داوە.

